

سیاسەت

کۆتا پرسی ژنان چارەسەر ناکات 9



کۆمەلایەتی

٥٩٪ی کچانی سنووری پارێزگای سلێمانی خەتەنەکراون 16



وەرزش

هیوادارم لە کوردستاندا هەڵبژاردەیەکی بەهێزی باسکە بۆ کچان دابمەزرێت 41



تەندروستی

لاوازی نەخۆشییە؟ 46



کەلتوور

رەخنەو ئەفراندنی هونەر 60






**ناونیشان:** هەولێر – شاری خەونەکان

warvin.press@yahoo.com

**خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر:** لەنجە عەبدوڵڵا Lanjaebdulla@yahoo.com

**سەرپەرشتیاری رۆژنامەوانی:** عەبدولرەحمان عەلی ebdulrehmaneli@yahoo.com

**جێگری سەرنووسەر:** تەنیا کوردی tanya_kurdy@yahoo.com

**بەڕێوەبەری نووسین:** بەهرە حەمەڕەش behre2009@yahoo.com

**راوێژکاری یاسایی:** فەوزیە فەقێ رەشید

**راوێژکاری دەروونی:** د. توانا عەبدولرەحمان

**راوێژکاری کۆمەلایەتی:** م. هەتاو کەریم

**فایلەکان**

**تەندروستی:** شیلان یاسین shelan_yasen@yahoo.com

**کۆمەلایەتی:** ئاڤان فارس جاف

**وەرزش:** ئەرسەلان عەبدوڵڵا arsalansport@gmail.com

**نووسینگەکان**

**کەرکووک:** سەماح سەمەد

**سلێمانی:** ئازیز مەحمود

**دهۆک:** هەڵز عەلی

**بەڕێوەبەری کارگێڕی**

رێباز عەبدوڵڵا

07504624506

بۆ ریکلام پەیوەندی بەم ژمارە بکەن:

mob:07504624506

Normal: 0662647813

فۆتۆی بەرگ: ئاریان

**Designed by** - Wshyar Muhammad mustafa

Mob: 0750 -794-38-38 Email: m.wshyar@yahoo.com


www.netewe.com


منظمة حرية المراة
في العراق
OWFI
ORGANIZATION OF WOMENS
FREEDOM IN IRAQ


KAYIP ARANIYOR
LEYLA BAYKUŞAK
155 POLİS İMDAT







# باڵیۆزی ئەڵمانیا لەعێراق بۆ وارڤین:

# ژن کەمینە نییە



باڵیۆزی ئەڵمانیا لەعێراق، پاوڵ ڤۆن ماڵتسان، لەلیدوانێکی تایبەتدا بەوارڤینی ڕاگەیاند کە نابێت وەک کەمینە سەیری ژن بکرێت و سیستەمی کۆتای بۆ دابین بکرێت. ماڵتسان، ئاماژەی بـەوەدا کە ئەڵمانیا پەیوەندی دیپلۆماسی لەگەڵ عێراقدا هەیەو لەگەڵ ئەوەشدا ڕەچاوی تایبەتمەندی هەرێمی کوردستان دەکات.

لەبارەی ئـەوەی کە ڕێـژەی بەشداری ژنان لەئەڵمانیا لە کاروباری سیاسی، باڵیۆزی ئەڵمانیا لـەعـێـراق پـاوڵ ڤـۆن ماڵتسان، گوتی:"ئەگەر سەیری پەرلەمانی ئەڵمانیا بکرێت، ڕێژەی ژنان لە١٠-١٥٪ تێپەڕ ناکات. مەرج نییە ئەو ڕێبازەی عێراق کە ٢٥٪ـی بۆ ژنان دیاریکردووە ڕێگەیەکی دروست بێت و خزمەت بەپرۆسەی دیموکراسی بکات،لەوانەیە ئەوە ببێتە هۆکارێک کە هەندێ ژن بێنە نێو پرۆسەی سیاسییەوە کە شایستەی ئەوە نەبن. بەڕای من نابێت ژن وەک کەمینە سەیربکرێت و کۆتای بۆ دیاری بکرێت، چونکە ژن کەمینە نییە".

باڵیۆزی ئەڵمانیا کە لەهەفتەی ڕابـردوودا بەسەردانێکی چـەنـدڕۆژی لەهەولێر بوو ڕایگەیاند:"لە نزیکەوە چاوم بەسەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکوەزیران و کەسایەتییە سیاسییەکانی ئەم هەرێمە کەوت". پاوڵ ڤۆن ماڵتسان، ئامانجی سەردانەکەی بۆ هەرێمی کوردستان بەسەردانێکی سیاسی وەسف کرد و گوتی:" دەوڵەتی ئەڵمانیا پەیوەندی دیپلۆماسی لەگەڵ عێراقدا هەیە، بەڵام ڕەچاوی تایبەتمەندی هەرێمی کوردستانمان کردووە". باڵیۆزی ئەڵمانیا لەعێراق هەروەها سەبارەت بەماددەی ١٤٠ گوتی:"ئێمە بایەخی زۆر بە ماددەی ١٤٠ نادەین، بەڵام خۆشحاڵین بەوەی کە لەدەستووری عێراقدا ماددەیەکی وا هەیە، چونکە ئەو ماددەیە میکانیزمی بەڕێوەچوونی پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێم و بەغدا ڕێکدەخات".

بـاڵـیـۆزی ئـەڵـمـانـیـا هـەروەهـا لـەبـارەی پرۆژەکانیان لەهەرێمی کوردستان بەوارڤینی ڕاگەیاند:"دەوڵەتی ئەڵمانیا زیاتر دەیەوێت لەبواری کەلتووریدا چالاک بێت". سەبارەت بـەسـەردانـەکـەشـی بـۆ پـارێـزگـای سلێمانی گوتی:"بەو دیمەنانەی لـەوێ بینی هەستم کرد کە گەلی کورد چۆن ئەشکەنجەدراوە، بەڵام زۆریش خۆشحاڵبووم کەپێشنیوەڕۆکەی سەردانی قوتابخانەیەکم کردو لەگەڵ چەند قوتابییەکی تەمەن (١٣) ساڵدا بەزمانی ئەڵمانی قسەم کرد. ئەوانیش کچی ئەو خێزانانە بوون کە لەئەڵمانیا گەڕابوونەوە".

پاوڵ ڤۆن ماڵتسان، هەروەها گوتی کە ئەوان بەنیازن چەندین قوتابخانە بەزمانی ئەڵمانی لەهەرێمی کوردستدا بکەنەوە تا لەو ڕێگایەوە خزمەت بەو خێزانانە بکەن کە لەئەڵمانیا گەڕاونەتەوەو ڕێگە نەدەن زمان و کەلتووری ئەڵمانییان لەبیر بچێتەوە.

**ڕۆشنا عومەر - بۆکان هیوا**

www.mewe.com



# ژیانی بێنەزیر بۆتۆ دەکرێتە فیلم

**وارڤین – هیرالدتریبیون:** هەڤاڵێکی سەرۆکوەزیری پێشووی پاکستان، رایگەیاند کە ژیانی بێنەزیر بۆتۆ دەکاتە فیلم.

بەپێی زانیارییەکان، برادەرەکەی بێنەزیر بۆتۆ، لەزانکۆی ئۆکسفۆرد دەخوێنێت و ناوی دەرهێنەری فیلمەکەش ڤیکتۆریا سچۆفیلدەو ناوی فیلمەکەش دەبێتە "بەختی بۆتۆ". بێنەزیر بۆتۆ، لەمیانەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی٢٠٠٧، لەشاری کەراچی پاکستان لەرووداوێکی تەموومژاویدا تیرۆر کرا. پێشتر بۆتۆ، لەهەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ پەیامنێری کوردستانتیڤی خەلیل سنجاری، رایگەیاندبوو کە لەدایکییەوە کوردەو خوێنی کورد لەناو دەمارەکانیدایە. بۆتۆ، گوتبووی، لەنزیکەوە ئاگای لەکێشەو نەهامەتییەکانی گەلی کورد هەبووە. بەپێی راپۆرتی رۆژنامەیەکی بیانیش بۆتۆ، لەدوایین چرکەساتەکانی تەمەنیدا ویستوویەتی داوای هاریکاری لەجەلال تالەبانی سەرۆککۆماری عێراق بکات. وەک زانراوە لەبنەڕەتدا دایکی بۆتۆ خەڵکی کرماشان بووە.



# کچێکی ٩ ساڵان لە شنگال کوژرا

**وارڤین – شنگال:** کچێکی ٩ ساڵان لە کۆمەڵگەی دوگرێی شنگال کە لەمیانەی زەماوەندێکدا رفێندرابوو رۆژێک دواتر بە کوژراوی دۆزرایەوە. لەوبارەیەوە بەڕێوەبەری پۆلیسی شنگال عەقید عەواد سورجی، رایگەیاند کە ئەو لە تەمەنی ٩ ساڵیدا بوو و قوتابی سێی بنەڕەتی بوو. عەقید عەواد هەروەها ئاشکرای کرد کە ئەو کچە لەناو داوەتێکدا لە کۆمەڵگەی دوگرێ رفێندرابوو و رۆژی دواتریش لەخانوویەکی چۆڵدا بەکوژراوی دۆزرایەوە. ئەو بەڕێوەبەرە هەروەها دەستنیشانی کرد کە پێدەچێت ئەوە کارێکی تیرۆریستی بێت و روونیشیکردەوە کە تائێستا هیچ کەسێک لەو پەیوەندییەدا دەستگیر نەکراوەو لێکۆڵینەوە لەوبارەیەوە بەردەوامە.

**هێژا شێخ مەمی**

# بەهۆی ئەوەی لە ژنەکەی دا مووچەکەیان بڕی

**وارڤین – ئامەد:** کارمەندێکی شارەوانی یەنیشەهری باکووری کوردستان لەبەر ئەوەی لەژنەکەی دەدا لەلایەن سەرۆکی شارەوانییەوە مووچەکەی بڕا. لەشارەوانی یەنیشەهر بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی بە ژنان رووداوێکی سەرنجڕاکێش و نموونەیی روویدا. پاش ئەوەی کارمەندێکی شارەوانی لەژنەکەی خۆی دەدات، هاوسەرەکەی دێتە شارەوانی لەلای بەڕێوەبەری سکاڵا لەمێردەکەی دەکات. پاش لێکۆڵینەوە دەرکەوت قسەکانی ژنەکە راستەو لەلایەن مێردەکەیەوە توندوتیژی بەرامبەر کراوە، بۆیە یەکسەر سەرۆکی شارەوانی بڕیاریدا ٥٠٪ی مووچەکەی ببڕێت و ئەو ٥٠٪ دیکەشی بداتە ژنەکە. لەوبارەیەوە یاریدەدەری سەرۆکی شارەوانی یەنیشەهر لەلێدوانێکی تایبەتدا بەوارڤینی راگەیاند: ئەوە جاری یەکەمە کە کارێکی وا دەکەین، بەڵام بڕیارمانداوەو هەرگیز قبووڵ ناکەین کە کارمەندەکانمان زوڵموزۆر لە هاوسەرەکانیان بکەن".



**دیلار سەولەدار**

www.netewe.com

# سلێمانی: بۆ بەهێزکردنی پێگەی ژن لەسیاسەتدا دەستەی ئاشتی پێکدێت

**وارڤین – سلێمانی:**
چالاکوانی بواری ئافرەتان (دڵپاک تاهیر) رایگەیاند کە لەپێناو کاراکردنی بریاری (١٣٢٥)ی نەتەوەیەکگرتووەکان تایبەت بە بەهێزکردنی رۆڵ و پێگەی ژن لەبواری سیاسی و کۆمەلایەتیدا، لەسلێمانی لەلایەن ژمارەیەک چالاکوانەوەدەستەی ئاشتی پێک هێنراوە.
ئەم چالاکوانەگوتی: "دروستبوونی ئەم دەستەیەبۆ چالاککردنی بریارەکەی نەتەوەیەگرتووەکان لە کوردستان دەگەڕێتەوە، چونکەژن و منداڵ قوربانی سەرەکی کێشەو ململانێی سیاسییەکانن و داوکاریشم لەو کەسانەی هەنگاوەکانیان لەگەڵ هەنگاوەکانی دەستەکەمان یەکدەگرێتەوەبۆ پاراستنی مافەکانی ئافرەت و منداڵانی بێتاوان و هەوڵدان بۆ راگرتنی ناوزڕاندنی ئافرەتان کەبوونەتەقوربانی ململانێسیاسیەکان هاوکاریمان بکەن".



# کەرکووک: ژنێک خۆی دەکوژێت

**وارڤین – کەرکووک:** سەر لەئێوارەی ١٦ی مانگ ژنێکی تەمەن ٢٨ ساڵان بەهۆی گوشار لەلایەن هاوسەرەکەیەوە خۆی کوشت.

بەپێی زانیارییەکانی وارڤین، ئەو ژنە ناوی کوێستان محەممەد عەبدولرەحمان بووەو لەشارەدێی شوانی کەرکووک نیشتەجێ بووە. لەو پەیوەندییەدا، سەرچاوەیەکی نزیک لەبنەماڵەی کوێستان بەوارڤینی راگەیاند کە گوشارەکانی هاوسەرەکەی وای لەکوێستان کردووە کە پەنا بۆ ئەو رێگایە بەرێت. ئەو سەرچاوەیە گوتی: "کوێستان بەدەیانجار لەلایەن هاوسەرەکەیەوە کە ناوی فەیزوڵڵایە، لەپێش چاوی دراوسێکانی لێیدراوەو بەتوندترین شێوە ئەشکەنجە کراوە".
بەپیی سەرچاوەکە ئەو ژنە پاش ئەوەی دوانیوەڕۆی ئەو رۆژە بەتوندی لەلایەن هاوسەرەکەیەوە ئازار دەدرێت، دەچێتە دەرەوەو گوللەیەک بەخۆیەوە دەنێت و بەو شێوەیە کۆتایی بە ژیانی دێنێت.

# ئێران: سزای سێدارە بۆ ژنێکی کورد بڕایەوە



**وارڤین – بی بی سی:**
پارێزەری ژنە چلاکڤانێکی کورد رایگەیاند کە بریکارەکەی بەتۆمەتی دژایەتی سیستەمی دەسەڵات و هاوکاری پارتێکی کوردستانی سزای لەسێدارەدانی بۆ بڕاوەتەوە.
ئەبولفەزل عابدین، پارێزەری ژنە چالاکڤانی کورد شیرین عەلەم هویی، لەلێدوانێکدا رایگەیاند کە شیرین لەلایەن دادگای شۆڕشی شاری تارانەوە بە تۆمەتی دژایەتی دەسەڵات و هاریکاری پارتێکی کوردستانی سزای لەسێدارەدانی بۆ بڕاوەتەوە.
شیرین عەلەم هویی ٢٦ ساڵان وخەڵکی شاری ماکۆی رۆژهەڵاتی کوردستانە. ئەو چالاکڤانە ساڵی رابردوو لەتاران دەستگیر کرا و تائێستاش لەگرتووخانەی ئەوینی تارانە.



### میشێل، هاوسەری باراک ئۆباما:

# ئۆبامام ناچارکرد واز لە جگەرەکێشان بهێنێت

www.netewe.com

# میشێل چۆن عاشقی ئۆباما بوو؟

ئاژانسەکان

میشێل ئۆباما، هاوسەری بـاراک ئۆبامای سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا باس لەوەدەکات کە چۆن خۆشەویستی لەگەڵ ئۆباماکردووەو هەروەها رقیشی لەوەبووە کە ئۆبامی هاوسەری جگەرەکێش بووە. بۆیە لەکاتی کاندیدکردنی ئۆباما بۆ پۆستی سەرۆکی ئەمریکا، ناچاری کردووە کە واز لەجگەرەکێشان بهێنێت.

## دەسپێکی ژیانی میشێل

میشیلی رۆبنسۆن ئۆباما، لە ١٧ /١/ ١٩٦٤ لەدایکبووەو ٤٤مین خانمی یەکەمی ئەمریکایەو هەروەها یەکەمین ژنە رەشپێستی ئەمریکییە کە وەک خانمی یەکەمی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، دەستنیشان کرابێت. میشێل، لە باشووری ویلایەتی شیکاگۆ لەدایکبووەو دەرچووی کۆلیژی یاسای هارڤاردی زانکۆی پرینستۆنە. دوای تەواوکردنی خوێندنی لەو زانکۆیەدا بۆ شیکاگۆ دەگەڕێتەوەو پۆستی پارێزەری لەنووسینگەی پارێزەر (سیدلی ئۆستن) پێدەدرێت. لەو شوێنەشەوە باراک ئۆباما، دەبینێت و بەهاوسەری داهاتووی دەستنیشان دەکات. پاشان وەک ستافێک لەلای سەرۆکی شیکاگۆ (ریچەرد م. دەلی) کاری کرد. میشیل رۆبنسۆن دایکی دوو کچە بەناوەکانی ( مالیەو ساشا) و خوشکی کرەیگ رۆبنسۆنی راهێنەری تۆپی سەبەتەی زانکۆی ویلایەتی ئۆریگۆن)ـە.

## قۆناغی خوێندن

باوکی میشێل رۆبنسۆن، نـاوی فرەیزەر رۆبنسۆن بـووەو لەوێستگەی ئاوی شار لەشیکاگۆ فەرمانبەر بووە. دایکی ناوی (ماریان شیلدز رۆبنسۆنەو لەکۆگای سپیگلز کەتەلۆگ سکرتێر بووە. باپیرانی خێزانی رۆبنسۆن و شیلدز، پێش شەڕی ناوخۆی ئەفریقییەکان و ئەمریکییەکان، لەباشووری ئەمریکا نیشتەجێبوون. باپیرە گـەورەی میشل (جیم رۆبنسۆن) لەویلایەتی باشووری کارۆلینا وەک کۆیلەیەک لەماڵان کاری کردووە. کارۆلینا، ئەو شوێنەیە کە تائێستایش هەندێک لەخێزانی باپیرەیانی تێدا نیشتەجێیە. داپیرە گەورەیان ( میلڤینا شیلدن)یش هەر کۆیلە بووەو شووی بەپیاوێکی سپی پێست کردووە. میشێل تا قۆناغی ئامادەیی لەخوێندندا کرێکاری کردووەو لەئامادەیی ویتنی یۆنگ وەرگیراوە کە یەکێکە لەئامادەییە یەکەمەکانی شیکاگۆ و لەو شوێنەدا بۆ ماوەی چوار ساڵ بەدوای یەکەوە، پلەی یەکەمی قوتابخانەکەی پێبەخشرا. دواتر لەساڵی ١٩٨١ ئامادەیی تەواوکردووە.

میشێل، لەلایەن مامۆستایەکانی پشتگیری نەدەکرا بەهۆی ئـەوەی کە رەشپێست بوو و رقیان لێبوو، هەمووکات پێیاندەگوت نمرەکانت شایەنی ئەوە نییە لەکۆلیژ وەربگیرێیت، بەڵام ئەو بەئازایانە هەنگاوەکانی ناو، تا لەزانکۆی پرینستۆن وەرگیراو بەپلەی زۆرباشە توانی بەکالۆریۆس بەدەست بهێنێت.

میشێل، زۆر هەوڵی بۆ فێربوونی زانستی وانەگووتنەوەی فەرەنسی دا، چونکە خۆی بۆ ئامادەکردنی گفتوگۆکان رادەهـێـنـاو سەرکەوتنی خـۆی لەفێربوونی زمانی فەرەنسیدا دەبینییەوە. لەساڵی ١٩٨٥ لەزانکۆی پرینستۆن بەکالۆریۆسی لەکۆمەڵناسی وەرگـرت. لەساڵی ١٩٨٨ بڕوانامەی دکتۆرای لەبواری یاسا لەزانکۆی هارڤارد بەدەستهێنا. بەمەش دوای هیلاری کلینتۆن و لۆرا بۆش هاوسەرانی پێشووی سەرۆکی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بەسێهەمین خاتوونی ئەو وڵاتە دێت کە بڕوانامەی دکتۆرای هەبێت.

## کارکردن و ژیانی هاوسەری

ژیانی میشێل لەنووسینگەی سیدلی ئۆستن، بووە هۆی ناسینی باراک ئۆباماو لەوێدا ئۆباما کەوتە داوی خۆشەویستی میشێلەوە. ئەو نووسینگەیە تەنیا میشێل و ئۆبامای تێیدا بوو کە هاووڵاتی ئەفریقی – ئەمریکی بن. لەمیانەی کاردا میشیل عاشقی ئۆباما دەبێت و پێوەندی خۆشەویستیان داناو لەساڵی ١٩٩٢ چوونە نێو پرۆسەی پێکهێنانی خێزانەوە . مالیای کچە گەورەیان ساڵی ١٩٩٨ لەدایکبووە. هەروەها ناتاشا کە بە (ساشا) ناسراوە لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠١ و کچە بچکۆلەکەیانە. دوای ئەوەی کە ئۆباما بەسەرۆکی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا هەڵبژێردرا، میشێل بڕیاریدا لەبەشی باشووری شیکاگۆ ژیان بەسەر بەرن، نەوەک لەواشنتۆن د.سی، نیشتەجێبن.

## کارکردن لەکەرتی تایبەتدا

لەدوای تەواوکردنی کۆلیژی یاسا، میشل لەنووسینگەی پارێزەرانی (سیدلی ئۆستن) لەشیکاگۆ بووە ئەندام، لەبواری شتومەکی بازاڕ کاری دەکرد. پاشان بووە یاریدەدەری سەرۆکی شارەوانی شیکاگۆ. لە ١٩٩٣ بووە بەڕێوەبەری جێبەجێکار لەنووسینگەی هاوپەیمانانی گشتی لەشیکاگۆ و هاوکاری و پاڵپشتی مادی پێشکەش بەو گەنجانە دەکرد کە توانای کارکردنیان نییە. لە١٩٩٦ وەک یاریدەدەری راگر لەبواری خزمەتگوزاری قوتابیان لەزانکۆی شیکاگۆ کاری کرد. هەر لەو زانکۆیەشدا کاری بۆ پێشخستنی بنکەی خزمەتگوزاری قوتابیانی زانکۆ کرد. داهاتی مانگانەی میشێل، لەنەخۆشخانەکانی شیکاگۆ، بریتیبوو لە ٢٧٣،٦١٨ دۆلار. هەروەها داهاتی مانگانەی ئۆباما، وەک سیناتۆری ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا ١٥٧،٠٨٢دۆلار بوو. ئەو پارەیەی کە مانگانەی ئۆباما وەریدەگرت بەگشتی بریتیبوو لە ٩٩١،٢٩٦$.

## مەرجی میشێل بۆ پاڵپشتیکردنی ئۆباما

دوای ئـەوەی ئۆباما، خـۆی بۆ پۆستی سەرۆکی

**ژیانی میشێل لەنووسینگەی سیدلی ئۆستن، بووە هۆی ناسینی باراک ئۆباماو لەوێدا ئۆباما کەوتە داوی خۆشەویستی میشێلەوە. ئەو نووسینگەیە تەنیا میشێل و ئۆبامای تێیدا بوو کە هاووڵاتی ئەفریقی - ئەمریکی بن**

www.netewe.com

# پرۆفایل

ناو: میشل لاڤگین رۆبنسۆن
رەگەز: ئەمریکی
لایەنی سیاسی: دیموکراتی
باری خێزانی: هاوسەری باراک ئۆباما
منداڵ: دوو کچ بەناوەکانی مالیا و ساشا
شوێنی نیشتەجێبوون: شیکاگۆ (شوێنی تایبەت). کۆشکی سپی (شوێنی فەرمی).
ئاستی خوێندەواری: دکتۆرا لە یاسا - زانکۆی هارڤارد
پیشە: پارێزەر
ئایین: مەسیحی





ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا کاندید کرد، میشێل، مەرجی یەکەمی بۆ پاڵپشتیکردنی لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتییدا وازهێنانی بوو لەجگەرە کێشان. میشێل گوتی: "گفتوگۆم لەگەل ئۆبامادا کردووە بۆ ئەوەی واز لەجگەرەکێشان بهێنێت، لەجیاتی ئەمەش من هاوکاری دەکەم، تا پۆستی سەرۆکی ئەمریکا بەدەست بهێنێت". میشێل، بەئۆبامای گوت یان جگەرەکێشان هەڵبژێرە، یان پاڵپشتی من؟ چونکە لەمێژبوو بێزاریی خۆی لەمەڕ جگەرەکێشانی ئۆباما دەخستەڕوو. بۆیە بەئۆبامای گوت ئەگەر واز لە جگەرەکێشان نەهێنیت، ئەوا من پاڵپشتی لەکاندیدی کۆمارییەکان دەکەم. بەو هۆیەوە ئۆباما، وازی لەجگەرەکێشان هێنا. هەروەها میشێل، وەک پارێزەرێکی یاسایی پاڵپشتی لەبانگەشەی هەڵبژاردنی ئۆباما کرد. لەمایسی٢٠٠٧ سێ مانگ پاش رێکلامکردن و بانگەوازکردن بۆ کاندیدکردنی سەرۆک، میشێل بۆ پاڵپشتیکردنی ئۆباما ٨٠ ٪ ـی کارەکانی کەمکردەوە. میشێل، لەمانگی شوباتی ٢٠٠٨ ماوەی ٣٣ رۆژ بەشداری لەپڕوپاگەندەکانی دەرچوونی ئۆبامای کرد و هەشت رۆژیش بەدوای یەک لەگەڵ پێشکەشکاری ناسراوی جیهان ئۆپرا وینفری، رێکلامیان بۆ کارەکانی ئۆباما کرد.

لەکاتی هەڵبژاردندا، زۆربەی جار میدیاکان وایان بەمیشێل دەگوت ( ژنێکی رەشی ناشیرین) وەڵامی میشێلیش ئەمەبوو کە لەگەڵ هاوسەرەکەی چەندساڵێکە بەیەکەوەن و ناشیرینی لای ئەوان پێوەر نییەو باوەریشی بەوەیە کە ئەو ژنەی لەدەرەوەی ماڵ کار بکات هەمیشە رەخنەی لێ دەگیرێت. لەگەڵ هەموو ئەوکارانەشدا میشێل بەبەردەوامی ئاگاداری هەردوو کچەکەی بوو.

## ئەو کارانەی ئەنجامی داون

میشێل لەگەڵ ئەوەی کە بوو بەخانمی یەکەمی ئەمریکا، هاوکات لەگەڵ دەستپێکی بوونی ئۆباما بەسەرۆک، سەردانی ئەو کەسانەی دەکرد کە هەژارن و یارمەتی دەدان. لەیەکەم گەشتیدا لەنیسانی ٢٠٠٩ لەگەڵ خاتوو سارە براون، (خێزانی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا گۆردن براون) سەردانی ئەو کەسانەی کرد کە تووشی نەخۆشی شێرپەنجە هاتوون. میشێل بەر لەوەی لە کۆشکی سپی لەگەڵ سارە، سەردانی ئۆباما بکەن، بەئۆبامای گوت کە تا دەگەڕێتەوە لای باخچەیەکی سروشتی لە ساوزڵاون دروستبکات و لەو باخچەیەشدا هەنگ بەخێو بکرێت، تا بەبەرهەمی سروشتی خواردن بۆ ئەو ژنانە ئامادەبکرێت کە سەردانی کۆشکی سپی دەکەن.

**ئا: ئەحمەد خۆشناو**

# کۆتا پرسی ژنان چارەسەر ناکات

## عەبدولسەلام بەرواری:

# سەرکەوتنی موتڵەگ و عەلاوی مەترسی بۆ ناوچە کێشەدارەکان دەبێت

هەولێر

سەرۆکی لیژنەی کاروباری کۆمەلایەتی و مندالٚ و خێزان، لەپەرلەمانی کوردستان عەبدولسەلام بەرواری، لەهەڤپەڤینێک لەگەڵ وارڤین باس لەهۆکاری هاوبەندینەکردنی کورد لەگەڵ قەوارەسیاسییەکانی عێراق بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی بەغدا دەکات و هاوکات چارەسەرنەکردنی کێشەی ژنیش لەهەرێمی کوردستان بەچەند ئاستێک دەستنیشان دەکات و تێیدا باس لەوەدەکات کە حیزبەکانی هەرێمی کوردستان لەبەرامبەر ژناندا درێخیان کردووە.

هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، لەمانگی ٣ـی ئەمساڵدا ئەنجامدەدرێت و زیاتر لە ٢٩٠ قەوارەی سیاسی بەشداری لەو هەڵبژاردنەدا دەکەن. تائێستاش هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی فەرمی هاوپەیمانێتی لەگەڵ هیچ قەوارەیەکی سیاسی عێراقیدا رانەگەیاندووە. بەبۆچوونی عەبدولسەلام بەرواریش هۆکارەکەی بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە کورد نایەوێت هاوپەیمانێتی لەگەڵ پێکهاتەیەک لەسەر حیسابی پێکهاتەیەکی تر بکات. هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە زۆر لایەنی وەک سوننە، شیعی، ئیسلامی و عەلمانی، ویستیان ئەوە بە کورد بکەن، بەڵام کورد قبووڵی نەکرد. بەپێی هەندێ لەپێشبینییەکان، کورد لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی بەغدادا نزیکەی ٦٠ کورسی بەدەست دەهێنێت. هاوکات لیستی دەوڵەتی یاسا کە سەرۆکوەزیرانی ئێستای بەغدا نوری مالیکی، سەرۆکایەتی دەکات ٦٠ کورسی و ئەنجوومەنی بالای ئیسلامی ٥٠ کورسی و لیستی ئەلعراقییە کە بەهاوبەشی لەلایەن ئەیاد عەلاوی، تارق هاشمی و ساڵح موتڵەگەوە سەرۆکایەتی دەکرێت نزیکەی ٧٠ کورسی بەدەست دەهێنێت.




عەبدولسەلام بەرواری

بەڵام عەبدولسەلام بەرواری، لەو باوەڕەدانییە کە هاوبەندی ئەلعراقییە بتوانێت٧٠ کورسی بەدەست بهێنێت. بەرواری، وایدەبینێت کە بەسەرکەوتنی هاوپەیمانێتی عەلاوی موتڵەگ، لەهەڵبژاردنەکانی عێراقدا مەترسی بۆ سەر ناوچە کێشەدارەکان دروست دەبێت. باس لەوە دەکرێت کە کورد لەئەنجوومەنی بالای ئیسلامی عێراق نزیکەو دواجار ئیتلافێکی ژێربەژێر لەگەڵ ئەو لیستەدا دەکات، بەرواریش بۆچوونی وایە کە پەیوەندییەکی دوورو درێژ لەنێوان بنەماڵەی حەکیم و بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستاندا، هەیە: "هەڵوێستی ئەنجوومەنی بالای ئیسلامی عێراق بەرامبەر بەبزووتنەوەی کورد هەمیشە نەرمبووە. بەڵام سیاسەت هەڵوێستی بەردەوام نازانێت". بەرواری، نایشارێتەوە کە زەحمەتە دوای کۆچی رێبەرانی ئەو ئەنجومەنە (محەمەد

باقر و عەبدولعەزین)، ئەو حیزبە جارێکی تر بتوانێت لەعێراقدا فراوانتر بێت.

هەرێمی کوردستان رووی پێوەندی دیپلۆماسی بەرەو یەکێتی ئەورووپا ئاراستە کردووە، لەکاتێکدا پێوەندی دیپلۆماسی کورد لەرابردوودا تەنیا رووەو ئەمریکا بوو، عەبدولسەلام بەرواریش ئاماژە بەوەدەکات کە ئێستا سیاسەتی یەکێتی ئەورووپا بەرەورووی کورد کراوەتەوە هەروەها کوردیش ئەزموونی لە رابردوو وەرگرتووە کە هیچ هاوپەیمانێتییەک لەسەر ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتی بەردەوامی نابێت، هەندێجار کورد بووەتە قوربانی بەرژەوەندی راگرتنی باڵانسی هێزەکان"لەکوردستان بزووتنەوەیەک هەیەو هەنگاوی باش بەرەو بەدیهێنانی گۆڕانکاری فراوان لەئاستی کەلتووری سیاسی و ئابووری، دەبینرێت. ئەمە وایکردووە کە پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەورووپا گەرمتر بێت، نەوەک لەبەر ئەوەی کورد سیاسەتی گۆڕیبێت".

عەبدولسەلام بەرواری، لەگەڵ ئەوەی کە سەرۆکی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزانە لەپەرلەمانی کوردستان، هاوکات ئەندامی لیژنەی بەرگریکردن لەمافی ژنانیشە لە پەرلەمانی کوردستان. تێڕوانینی بەرواری، بۆ هەبوونی کێشەی ژن لەکۆمەڵگەی کوردستاندا لەچەند ئاستێک کۆدەبێتەوە:

لەئاستی یەکەمدا کێشەی ژن بۆ رەهەندی کەلتووری دەگەڕێنێتەوەو دەڵێت:"ژن لای پیاو، بەکەسێکی گوناه و هەڵە دانراوەو وشەی ناموس و شەرەفی پێدەبەخشرێت، بەڵام رووە مەعنەوی رووحییەکەی ئەوەیە کە کەلتووری ئێمە هی لادێیە. کەلتووری خێڵایەتی و کشتوکاڵە کە بە عەبایەکی ئایینی رەنگکراوە. تا ئەو کەلتوورە کاریگەری بەسەر دەرچوونی یاساکانەوە هەبێت، زەمینە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ژن نایەتە ئاراوە". ئاستی دووەمیان، لەسەر ئاستی تاکەکەس دەوەستێتەوە، ئەویش ئەوەیە کاتێ بەرپرسێک یان تاکێک ئەو یاسانەی کە مافی ژنانیان دیاریکردووە پێشێل دەکەن، ئەوەش وادەکات کێشەکە بەردەوامی هەبێت.

**ئەگەر هەوڵبدەین سیستەمێکی وا دابنێین، تا زەمینە بۆ بەشداری ژنان لە ناوەندی بڕیارداندا بڕەخسێنێت، ئەوکات دەتوانین بەشێک لەو رێگە دوورەدرێژە ببڕین. دەبێت حیزبەکان هەوڵ بۆ ئەوە بدەن، بەڵام ئەگەر ئێمە تەنیا ئەوە نیشان بدەین، کە حزبێکی مودێرنیین بەسیستەمی کۆتا کار دەکەین و رێژە دادەنێن، بڕوا ناکەم بەمشێوەیە خزمەت بە ژن بکەین**

ئاستی سێیەم، بەشداری ژن لەناو کۆمەڵگا فراوانترە لەرابردوو، لەنێو حیزبەکان رێژەی ژن باشە، بەڵام لەناوەندی بڕیاردا کەمە. ژن تا سنوورێک کاری سیاسی دەکات کە گەیشتە ئەو ئاستە، لەبەر چەند فاکتەرێکی کۆمەڵایەتی خۆی بەدوور دەگرێت و واز دەهێنێت. بەرەواری دەڵێت:"ئاستی چوارەم، بۆ خودی ئامادەیی پیاو دەگەڕێتەوە، پیاو رەنگە زۆر قسە لەسەر یەکسانی ژن و پیاو بکات، بەڵام لەکاتی دەنگدان و بڕیاردا دەنگ بە ژن نادات.

ئاستی پێنجەم، حیزبەکان درێخیان لەدانانی پرۆگرامێکی بەردەوامی پێگەیاندنی ژنان کردووە، تابەپێی پرۆگرامێک ژن بتوانێت بەتوانای خۆیەوە خۆی بسەپێنێت. بەرواری لەوبارەیەوە دەڵێت:"ئەگەر هەوڵبدەین سیستەمێکی وا دابنێین، تا زەمینە بۆ بەشداری ژنان لە ناوەندی بڕیارداندا بڕەخسێنێت، ئەوکات دەتوانین بەشێک لەو رێگە دوورەدرێژە ببڕین. دەبێت حیزبەکان هەوڵ بۆ ئەوە بدەن، بەڵام ئەگەر ئێمە تەنیا ئەوە نیشان بدەین، کە حزبێکی مودێرنیین بەسیستەمی کۆتا کار دەکەین و رێژە دادەنێن، بڕوا ناکەم بەمشێوەیە خزمەت بە ژن بکەین".



## پرۆفایل

عەبدولسەلام مستەفا سدیق، ناسراو بە عەبدوسڵام بەرواری.

ساڵی ١٩٥٠ لەدەڤەری ئامێدی لەدایکبووە.

ساڵی١٩٧٤ بەکالۆریوسی ماتماتیکی لەکۆلێژی زانستی بەغدا وەرگرتووە.

ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی بەشۆرشی ئەیلول، لەدەڤەری ئەتروش، شێخان کردووە.

ساڵی١٩٧٥ چووەتە ئێران و لەساڵی ١٩٧٦ چووەتە نەمساو لەوێ وەک کارگێری لقی ئەورووپای پارتی دیموکراتی کوردستان کاری کردووە.

ساڵی١٩٨٦-١٩٨٨ بەرپرسی لقی ئەورووپای پارتی بووە.

ساڵی ١٩٩٧ بەرپرسی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە.

ساڵی ٢٠٠٠-١٩٩٩ بەرپرسی لقی ئەمریکای پارتی بووە.

٢٠٠٣ تا ٢٠٠٧ بەرپرسی مەلەفی سیاسی مەکتەبی سەرۆکی پارتی بووە.

٢٠٠٧ تا ٢٠ /٢٠٠٩/٨/ بەرپرسی مەکتەبی توێژینەوەو پێگەیاندنی پارتی بووە.

بەرپرسی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و خێزانەو هاوکات ئەندامی لیژنەی داکۆکیردن لەمافی ژنانە لەپەرلەمانی کوردستان.

زمانە بیانییەکانی (عەرەبی، ئەڵمانی، ئینگلیزی، فارسی) دەزانێت.

www.netewe.com

# پڕۆسەی سیاسی و هەڵوەستەیەک لەمەڕ بەشداری سیاسی ژن

سلێمانی

لـە هەرێمی کـوردسـتـانـدا ڕێـژەی ژن، لە کابینەی شەشەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا تەنیا ژنێکەو کە ئەم سیستەمە لە وڵاتە عەرەبییەکانیشدا تارادەیەک تێپەڕیوە. لەوڵاتێکی وەک میسر هەرچەندە ڕێژەی ژن لەپەرلەماندا ٢٢٪ـە، بەڵام لەکایە حکوومی و باڵاکاندا ٥٦٪ـە. لە هەندێک وڵاتی ئەورووپی ڕێژەی ژن، لە ئەرکە وەزارییەکاندا لە (١٥_٣١)٪ دەبێت، بەڵام لەهەرێمی کوردستاندا ڕێژەکەی لەپۆستە کارگێڕییەکاندا نزمەو ئەگەر هۆکارەکە کۆمەڵایەتی بێت، ئەوا یەکێک لە فاکتەرەکانی دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی سیستەمی سیاسی .

سیاسەت، وەک چەمکێکی گشتیی هەر پرۆسەیەک چالاکی مرۆڤ دەگرێتەوەو بەشێکی گرنگە لەئاکارو هەڵوێست و پەرچەکردارەکانی تاک لەکۆمەڵگەدا. هەر پرۆسەیەکی پەیوەست بـەمـرۆڤ بـە سیاسەت دەژمـێـردرێـت کە پەیوەندی بە سەرجەم توێژەکانی کۆمەڵگەوە هەیەو تایبەت نییە بە ڕەگەزێکی دیاریکراوەوە. مەرجیش نییە ئەو کەسەی پێناسەی سیاسی بیگرێتەوە، لایەنگرو حیزبی بێت. بەم شێوەیە ژنیش نامۆ نییە بـەم پرۆسەیەو کایەکی سەرەکی ئەویشە کە دەبێت مومارەسەی بکات. لە کۆمەڵگەی کوردییدا بەتایبەتی و ڕۆژهەڵاتی ناوین بەگشتی، حوکمی لاوازی سیستەمی سیاسیو جیاکاری لە مامەڵەکردن لەگەڵ ژن و پیاودا، بەهۆی زاڵبونی فەرهەنگێک کە لەڕووی ڕەگەزییەوە ناهاوسەنگە، هەمیشە کایە گرنگەکان بەپیاو بەخشراوە و ژنی لێ دوور خراوەتەوەو بە ئەرکی ئەو نەزانراوە، ئەمەش مانای سنوردانان لەمەودای بیرکردنەوەی ژندا دەگەیەنێت؟. کرانەوەی کۆمەڵگەو نوێگەری لەکەلتووردا زەمینە بۆ هاتنە پێشەوەی ژن و بەشداریکردنی لە پرۆسەی سیاسییدا دەسازێنێت کە بەمشێوەیە ژن دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت و لەچەمکەکانی تایبەت بەدۆزەکەی ئاشناو نزیک بێت. بۆیە گۆڕینی کەلتووری سیاسیو هزری کۆمەڵگە بۆ زەمینە خۆشکردن لەبەردەم ژندا، پێویستە.

***سەرۆکایەتی هەندێک وڵاتی وەک فینلەندا، فلیپین، نیوزلەندا، ئەڵمانیا، کۆریای باشور، مۆزەمبیک، بەنگلادیش و چەند وڵاتێکی تر هەن. هەروەها لە ١٩٠ وڵاتی ئەورووپاو ئەمریکا، ژن بە ئاستی سەرۆکایەتی و وەزارەتەکان گەیشتوون.***

### ژن لە پرۆسەی سیاسی وڵاتاندا

بەپێی ئامارەکان وڵاتانی ئەسکەندەناڤیا، لـەڕووی یەکسانی ڕەگەزییەوە لەپێشەوەن و ئێستا لەجیهانیشدا ٤ ژن لەپۆستە باڵاو حکوومییەکانی وەک ڕاوێژکاری وڵات و وەزیری دەرەوەو هەروەها سەرۆکایەتی هەندێک وڵاتی وەک فینلەندا، فلیپین، نیوزلەندا، ئەڵمانیا، کۆریای باشور، مۆزەمبیک، بەنگلادیش و چەند وڵاتێکی تر هەن. هەروەها لە ١٩٠ وڵاتی ئەورووپاو ئەمریکا، ژن بە ئاستی سەرۆکایەتی و وەزارەتەکان گەیشتوون. لە جەزائیریش داوا لە لویزا حەنون، دەکرێت خۆی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی ئەو وڵاتە بپاڵێوێت کە ژنێکی دیاری ئەو وڵاتەیەو هەندێک دەڵێن ئەمە یەکەم ژنە لە وڵاتێکی عەرەبیدا داوای کاندیدکردنی بۆ ئەو پۆستە لێدەکرێت. دەشگوترێت لە وڵاتی فەلەستینو مۆریتانیا، پێشتر ژنی بەم چەشنە بۆ ئەو پۆستە هەبوون.

لەساڵی ١٩٦٦یشدا ئەندیرا گاندی، لەهندستان و بینەزیر بۆتۆ لەپاکستان، یەکەم ژن بوون پۆستی سەرۆکایەتی حکوومەتیان وەرگرت. هـاوکـات لە وڵاتێکی وەک بەنگلادیشیش خالیدە زیـائـی، سەرۆکایەتی حکوومەتی کردووە. هەروەها نانسی بلوسی، لەئەمریکا یەکەم ژن بووە سەرۆکایەتی کۆنگرێسی کردوە و لەدوای سەرۆکو جێگری سەرۆکی ئەمریکاوە، کەسایەتی سێهەمی ئەمریکابووە.

### ژن لە پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستاندا

لە هەرێمی کوردستاندا ڕێژەی ژن لەکابینەی شەشەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا تەنیا ژنێکەو لەکاتێکدا ئەم سیستەمە لە وڵاتە عەرەبییەکاندا تاڕادەیەک تێپەڕیوە، لە وڵاتێکی وەک میسر، هەرچەندە ڕێژەی ژن لەپەرلەماندا

www.netewe.com

٢٢٪ـە، بەڵام لەکایە حکوومیو باڵاکاندا ٥٦٪ـە. لە هەندێک وڵاتی ئەورووپا ڕێژەی ژن، لە ئەرکە وەزاریەکاندا لە (١٥_٣١)٪ دەبێت، بەڵام لەهەرێمی کوردستاندا ڕێژەکەی لەپۆستە کارگێڕییەکاندا نزمەو ئەگەر هۆکارەکە کۆمەڵایەتی بێت، ئەوا فاکتەرێکی دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی سیستەمی سیاسی.

## تووندوتیژیان بەرامبەر دەکرێت

بەپێی لێکۆڵینەوەی سایتە جیهانیەکان، ژنانی ئەورووپا لەپۆستە ئابووریو سیاسییەکاندا کەم دەبینرێنو ئاماژە بە ڕەفتاری لاسایی لەنێوان ژنانو پیاوان لە ئاستە کارگێڕیە باڵاکانی زۆر لەکۆمپانیا ئەورووپیەکان دەکرێت کە لەئەڵمانیا ٣٠٪ـی پۆستە سەرۆکایەتییەکان بەدەست ژنەوەیە، بەڵام هیچ ژنێک بەشداری لەداڕشتنی بڕیاری بانکی ناوەندیدا ناکات. لە فەرەنساش ڕێژەی ژن، لەپۆستە حکوومی و باڵاکاندا ٣٩٪، لە قوبرس ١٢٪و لەمالتا ١٠٪ـە.

لە هەندێک دەوڵەتی ئەورووپا ڕێژەی ژن لە ئەرکە وەزارییەکاندا وەک وەزیر لەنێوان ١٥بۆ ٣١٪ـیە، بەڵام لەئەمریکای لاتینی ئەو ڕێژەیە دەگاتە ١٠٪. لەنامەیەکیدا بەبۆنەی ڕۆژی ژنانەوە سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان کوفی ئەنان لە٢٠٠٦دا ڕایگەیاند کە ڕێژەی ژنان لەپەرلەمانە نیشتیمانییەکانی جیهاندا ژمارەیەکی پێوانەیی بڕیوەو بەتایبەت لەهەرسێ دەوڵەتی چیلی، ئیسپانیاو سوید کە ژن یەکسانە بەژمارەی پیاوان لەپۆستە حکومییەکاندا. لەگەڵ ئەمانەشدا ڕێژەیەک لەژنان، ڕووبەڕووی تووندوتیژی خێزانی دەبنەوە. هەرچەندە یاسا نێودەوڵەتییەکان جەخت لەسەر بەرەنگاربوونەوەی هەموو جۆرە جیاکاریەکی ژن دەکەن، هەروەها ڕێژەی ٤٠٪ـی ژنان لە هێزی کارو بەرهەمن لەهەموو جیهاندا، بەڵام ٢٥٪ـی داهاتیان دەستناکەوێتەوە لەبواری سیاسیو ناوەندی بڕیاردا لاوازن.

## کۆتاو سنوور دانان بۆ ژن

لە ئاماژەیەکی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی کە لەساڵی ١٩٤٨دا دامەزراوە و هاتووە کە هەموو تاکێک مافی بەشداریکردنی لەبەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتەکەیدا، بەبێ جیاوازی پێکردن هەیە.



فۆتۆ: وارڤین

هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٩

ئێستا ڕێژەی کورسی پەرلەمانی ژنان لەهەموو جیهاندا گەیشتۆتە ٦٠٪ـو لەم ڕێژەیەدا ٤١٪ـی بەر وڵاتانی ئەورووپای باکوور کەوتووە. لەفینلەندا ڕێژەی ژن ٤٨٪ زیاترە، بەڵام ڕێژەی ژنان، لەجیهاندا لە بواری وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتییدا ١٤٪ـیە. کۆتا یان ڕێژە، سنوردانانە بۆ ئەوەی ژن بە ئیرادەی خۆی بڕیار بدات و لەلایەن هەندێک وڵاتیشەوە بەناکۆک لەگەڵ پرەنسیپی یەکسانی نێوان ژن و پیاو دیموکراسی ناودەبردرێت کە پێویستە ژن بەهێزو بەرنامەی خۆیەوە زەمینە بۆخۆی برەخسێنێت.

زۆرێک لە وڵاتان پشت بەسیستەمی کۆتا دەبەستن، لەوانە باشوری ئەفریقیا لەساڵی ١٩٩٤دا لەپلەی ١٤١میندا بووە لەجیهاندا لەڕووی بەشداریکردنی ژنان لە ئەنجوومەنی یاساداناندا و ڕێژەی کۆتا ٣٠٪ـبوو. ئێستا ڕێژەی ژنان لەپەرلەماندا لە٣٢, ٨ ٪ دەبێت.

لە هندستان "سیستەمی بانشایات" بۆ نوێنەرایەتی ژنان پەیڕەودەکرێت کە ڕێژەکەی ٣٣٪ـی بۆ ئەنجوومەنی گوندو ئەنجوومەنی کەرتەکانەو کار گەیشتووەتە ئەوەی کە ئێستا بە ملیۆن ژنی سەرۆکو پاڵێوراو بەیارمەتی ئەم یاسایە هەبێت. بەم شێوەیە ڕاپۆرتەکانیش ئاماژە بەوە دەکەن کەزیادبونی ڕێژەی ژن، لەم وڵاتە بووەتە هۆی کەمکردنەوەی گەندەڵی بەشێوەیەکی بەرچاو کە کاریگەری زیادبونی بەشداری ژنە بەیارمەتی سیستەمی بانشایات. بەڵام لەفنلەندا بەپێی یاسا نوێنەرایەتی ژنو پیاو لە ٤٠٪ کەمتر نییەو لە دەستەی بڕیاردا لەساڵی ١٩٨٠ـەوە ڕێژەی نوێنەرایەتی ژن لە ٢٤٪ بۆ ٤٨٪ بەرزبووەتەوە. سیستەمی کۆتا لەساڵی ١٩٩٦ـەوە لە وڵاتانی عەرەبی بەکاردێت، یەکەمجاریش لەساڵی ١٩٦٤ لە میسر، بەدەقی دەستوری پشتگیری لێکرا. ئێستا سیستەمی کۆتا لە وڵاتانی مەغریب، فەلەستین، میسر و عێراق بەکاردێت، بەڵام ڕێژەی ژن لە پەرلەمانی وڵاتە عەرەبییەکاندا لە ٦ ,٩٪ تێناپەڕێت.

لە هەرێمی کوردستانیشدا ژن وەک پێویست گرنگی پێنەدراوەو دەرفەتی کاریگەری بۆ نارەخسێنرێت، لەگەڵ ئەوەشدا لەهەڵبژاردنەکانی ئەمساڵدا ڕێژەی ژن بەکۆتا گەیەنرایە٣٠٪. لەخولی دووەمی پەرلەماندا ٢٥٪ـبوو. بەپێی یاسا نێودەوڵەتیەکانیش دەبێت هەماهەنگیەک لەنێوان دەسەلاتی یاسادانانو جێبەجێکردندا هەبێت. واتە مادام کۆتا بۆ چونە پەرلەمان دادەنرێت، بەهەمان شێوە لەپۆستو ئەرکە حکومییەکانیشدا دەبێت ئەو ڕێژەیە ڕەنگبداتەوە، بۆ نموونە لە میسر ڕێژەی ژنان لەپەرلەماندا ٢٢٪ـە، بەڵام لەپۆستە حکومییەکاندا ٥٦٪ و لەبواری دبلۆماسییدا ٤٠٪ دەبێت.

## مافی دەنگدانیان نەبووە

لەفەرەنسا ژنان تا ساڵی ١٩٤٤مافی دەنگدانیان نەبوو، ئێستا ڕێژەی ژن لەپۆستە حکوومیو باڵاکاندا ٣٩٪ـیە. لەیابانو ئیتاڵیا تا ساڵی

www.netewe.com



فۆتۆ: وارڤین

هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٩

١٩٤٥ ژن نەیدەتوانی دەنگ بدات. هەروەها ژنانی سویسرا، لەساڵی ١٩٧٢و پورتوگال لەساڵی ١٩٧٦دا مافی دەنگدانیان بەدەستهێنا. بەپێی ئامارێکی نەتەوە یەکگرتووەکان لەساڵی٢٠٠٠دا ژمارەی پەرلەمانتارانی جیهان ٣٤٠٨٧بوونو لەناویاندا ٥٢٦٠یان ژن بوون کە ئێستا سەرۆکایەتی ٢٢ پەرلەمانی جیهان لەلایەن ژنەوە بەڕێوەدەبردرێن. لەوانە پەرلەمانی ئەسیوبیاو ئیسپانیا، ئوستراليا، پۆڵەندا، پیرۆو کۆریای باشور، کرواتیا، فیلەندا، مەکسیک، نەرویج، هند، هۆڵەندا، جامایکا، بلیز، کۆماری دۆمنیکان، باشوری ئەفریقیاو سوید.

## دروستکردنی کۆرپەندی ژن

لە ساڵی١٩٩٩ لە ئیسپانیا سەرۆک پەرلەمانی٢٠ وڵاتی ئەورووپا کۆبونەوەو مونتەدای پەرلەمانی ئەورووپییان بۆ پارێزگاری لەژنان بەشێوەیەکی دەوری دامەزراند. مەبەست لەم مونتەدایە پارێزگاریکردن بوو لەمافەکانی ژنانو پێدانی هەلی یەکسان بە ژنو پیاو و پێکهێنانی تۆڕێکی پەیوەندی لەنێوان پەرلەمانتارانی ژنی ئەورووپاو ڕۆژهەڵاتی ناوین بوو.

لە راگەیەنراوێکی جیهانیشدا هاتووە دیموکراسی لە بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگەدا هاوبەشیەکی راستەقینەیە لەنێوان ژنو پیاودا کە تێیدا کار بۆ پێشخستنی یەکسانی نێوانیان دەکرێت، بێ بەشداری چالاکانەی ژن لەهەموو ئاستەکانی بڕیاردا ناتوانرێت ئامانج بپێکرێت، لەبەدەستهێنانی یەکسانیو پەرەپێدانی مەدەنیەتدا. هەروەک لەپلانی کاری کۆنگرەی نێودەوڵەتی چوارەمی ژناندا لەساڵی ١٩٩٥دا هاتووە کە دەبێت ژن، بەشدارییەکی راستەقینەی لە پێگە جیاوازەکانو دروستکردنی بڕیاردا هەبێت. ئەوەش سەلمێنراوە کە هەر پەرەپێدانێک پێویستی بەوزەو بەشداری ژنو خەباتی بەردەوامی هەیە لەپێناو هەلی کارو سەقامگیریدا، چونکە پەرەپێدان بەچەمکە گشتیی و بەردەوامیەکەی بێ بەشداری ژنان بەدەستنایەت، بەتایبەت لەو وڵاتانەی کەپشت بەسەرچاوەی مرۆیی دەبەستن.

هاوکات لە بەشی یەکەمی ماددەی دووەم "برگەی یەکەمی رێکەوتنامەی سیداو"دا، باس لە چەسپاندنی بنەمای یەکسانی نێوان ژن و پیاو لەدەستوری وڵاتدا کراوە. سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان، ئاسانکاری بۆ هاتنە پێشەوەی ژن لەپۆستو بواری سیاسیو کارگێڕییەکاندا نەکردووەو باشترین نموونەش کابینەی شەشەمی حکوومەتی هەرێمە کەتەنیا یەک ژن بۆ پۆستی وەزارەتێک دانراوە، لە کاتێکدا لەکابینەی پێشتردا ٣ تا ٤ ژنی وەزیر هەبوون. ئەمە پێویستی بە فەراهەمکردنی زەمینەیەکی گونجاو بۆ ژنو هاوکاریکردنی لەلایەن حیزبەکانیانەوە هەیە بە پێدانی دەرفەتی تەواو بۆ بەشداری چالاکانەیان لە ناوەندەکانی بڕیاردا. هەروەها دامەزراندنی ناوەندێکی توێژینەوە لەبارەی واقیعی سیاسی ژنانەوە، بە کۆمەکی رێکخراوەکانی مەدەنی بۆ گرنگیدان بە بەرنامەی سیاسیو هاندانیان لەرووی سیاسیەوە. لەگەڵ راهێنانو هاندانی خوێندکارانی زانکۆ بەشێوەی زانستیی لە بەشداری سیاسیدا.

لەهەمانکاتدا پەیوەستە بەشێوەیەکی تایبەت بە چەمکی هاووڵاتیبوون و پرەنسیبی یەکسانییەوە، بۆیە لەسەرەتاوە دەبێت ژن هەست بە هاووڵاتیبوونی خۆی وەک پلە یەک بەیەکسانیەکی تەواو لەبەردەم یاسادا بکات.

**ستارە عارف**

www.metewe.com



فۆتۆ: شیلان سەعدی

www.netewe.com

# قوربانیانی دەستدرێژی سێکسی لە ئەمریکا دەچەوسێنەوە

هیومەن رایتسووچ

لە ئەمریکا بۆ ئەوەی پیاوێکی تاوانبار دەستگیر بکرێت، پێویستە ئەو ژنەی کەڕووبەڕووی دەستدرێژی بووەتەوە چەندین تاقیکردنەوە ئەنجام بدات. بەپێی لێکۆڵینەوەکان، دەستدرێژیکاران هێشتا بەتۆمەتی دەستدرێژییەک دەستگیر نەکراون، دەستدرێژی دەکەنە سەر ژنێکی تر. بەپێی قسەی ڕێکخراوەکانی بەرگریکار لەمافەکانی مرۆڤ لەبەر گرانبوونی نرخی تاقیکردنەوەکان زۆربەی ژنان ناتوانن بەمافی خۆیان بگەن، ئەوەش دەستدرێژیکاران زیاتر هان دەدات کە ئەو کارەیان دووبارەو چەندبارە بکەنەوە.

لەئەمریکا بەهەزاران ژن ڕووبەڕووی دەستدرێژی دەبنەوە. بەڵام زۆرجار ئەو ژنانە لەکاتی گەڕان بەدوای دەستەبەرکردنی مافەکانیاندا جارێکیتر دەچەوسێنەوە. ڕێکخراوی بەدواداچوونی مافەکانی مرۆڤ لەبەر ئەو پرسە هۆشداری دایە بەرپرسانی ئەمریکا و داوای لێکردن کە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە هەنگاو هەڵبگرن.



وەک دەزانن چارەنووسی ژنان لەسەرانسەری جیهاندا لەیەکتر دەچێت. لەئەمریکا بەهەزاران کەس ڕووبەڕووی دەستدرێژی سێکسی بوونەتەوە، لەبەر ئەوەی تاوانبارانی ئەو دەستدرێژییانە سزا نادرێن، قوربانییان جارێکیتر مافیان پێشێل دەکرێت. لەئەمریکا بەهۆی ئەو ئاسانکارییانەی کە لەدەستووردا بۆ پیاوان کراوە، ساڵانە ئەو ژنانەی کە ڕووبەڕووی دەستدرێژی بوونەتەوە نەیانتوانیوە ئەو بەڵگانەی کە یاسا داوایان لێ دەکات بۆ سزادانی پیاوان ئامادە بکەن. بەپێی ئاماری ڕێکخراوەکانی ژنان لەئەمریکا، ژمارەی ئەو ژنانەی کە دەستدرێژی کراوەتە سەریان گەیشتووەتە ٩٠ هەزار کەس. سەرەڕای ناڕەزاییەکانی ڕێکخراو و دەزگاکانی ژنان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، دەوڵەتی ئەمریکا ئامادە نییە ئەو کێشانە چارەسەر بکات.

لەئەمریکا بۆ ئەوەی پیاوێکی تاوانبار دەستگیر بکرێت، پێویستە ئەو ژنەی کە ڕووبەڕووی دەستدرێژی بووەتەوە چەندین تاقیکردنەوە ئەنجام بدات. بەپێی لێکۆڵینەوەکان، دەستدرێژیکاران هێشتا لەبەر دەستدرێژییەک دەستگیر نەکراون، دەستدرێژی دەکەنە سەر ژنێکی تر. لەبەر گرانبوونی نرخی تاقیکردنەوەکان زۆربەی ژنان ناتوانن بەمافی خۆیان بگەن، ئەوەش دەستدرێژیکاران زیاتر هان دەدات کە ئەو کارەیان دووبارەو چەندبارە بکەنەوە.

هەرلەوبارەیەوە ڕێکخراوی بەدواداچوونی مافەکانی مرۆڤ، هۆشداری داوەتە بەرپرسانی ئەمریکا و ڕایگەیاندووە، کە حکوومەت هیچ ڕێوشوێنێکی بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە نەگرتووەتەبەر و ئەگەر ئەو ڕەوشە بەردەوام بێت ئەنجامێکی خراپی بۆ ئەو وڵاتە دەبێت. ئەو ژنانە ئێستا چاوەڕوانی بڕیاری کۆنگرەی ئەمریکان، تا لەوبارەیەوە ڕێوشوێنی پێویستیان بۆ لەبەرچاو بگرێت. ژنان داوا لەحکوومەت دەکەن کە تێچووی تاقیکردنەوەکانیان بدات. هەروەها پارێزەرانی مافی ژن و مافەکانی مرۆڤ، داوا لەحکوومەت دەکەن کە بەزووترین کات دەستبەرکاربن تا لەلایەکەوە ئەو یاسایانەی کە ڕێگەیان بۆ دەستدرێژی خۆشکردووە بگۆڕێن و هەروەها بۆ ئەو ٩٠ هەزار ژنەی کە ڕووبەڕووی دەستدرێژی بوونەتەوە، ناوەندگەلی دووبارە پەروەردەکردنەوەو تواناسازی بکاتەوە. بەپێی نووسراوەکانی ڕێکخراو و دامودەزگاکانی ژنان لەئەمریکا، لەساڵی ٢٠٠٨دا لەکۆی ئەو ٩٠هەزار دەستدرێژییە تەنیا ٢٢هەزار و ٥٠٠ دەستدرێژیکار دۆزراونەتەوە.

بەپێی لێدوانی ئەو ڕێکخراوانە ٧٠ هەزار دەستدرێژیکارەکەی تر هێشتا بەهۆی تاوانی یەکەمەوە سزا نەدراون و تاوانێکی دیکەشیان ئەنجام داوە. بەوپێیەش ڕێکخراوی ژنانی ویتنێس و ڕێکخراوی بەدواداچوونی مافەکانی مرۆڤ و چەندین دەزگا و ڕێکخراوی دیکە هۆشدارییان دایە بەرپرسانی ئەمریکا، کە هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەو ژنانە بدات.

ئەو ڕێکخراوانە خوازیاری ئەوەن کە پەیمانی دادوەری کە لەساڵی ٢٠٠٩دا بۆ ئەو قوربانیانەی کە دەستدرێژییان کراوەتەسەر جێبەجێ بکرێت و بەزووترین کات تێچووی تاقیکردنەوەی قوربانیان لەلایەن حکوومەتەوە دابین بکرێت.

ڕێکخراوەکان، داوای ئەوە دەکەن ئەو ژنانەی کە دەستدرێژی کراوەتەسەر یان لەباری ماددی و مەعنەوییەوە یارمەتییان بدرێت و جارێکی دیکە لەناو ناوەندەکانی تواناسازیدا بۆ چوونەوە ناو کۆمەڵگە ئامادە بکرێنەوە. بەپێی لێدوانی ئەو ڕێکخراوانە تاقیکردنەوەکانی دەستدرێژی بۆ ژنە ئەمریکییەکان بڕی ١٥٠٠ دۆلاری تێدەچێت و ژنانیش ناتوانن ئەو بڕە پارەیە بدەن.

www.netewe.com

# ٥٩٪ـی کچانی سنووری پارێزگای سلێمانی خەتەنەکراون

هەولێر

| ناوچە | ژمارەی کچ | خەتەنەکراو | خەتەنە نەکراو |
|---|---|---|---|
| رانیە | ٥١١ | ٤٠١ | ١١٠ |
| قەڵادزێ | ٦١١ | ٤٨٦ | ١٢٥ |
| دەوروبەری سلێمانی | ٦٩٣ | ٣٥٣ | ٣٤٠ |
| ناوچەی گەرمیان | ٥١٠ | ١٣٣ | ٣٧٧ |
| | ٢٣٢٥ | ١٣٧٣ (٥٩٪) | ٩٢٥ (٤١٪) |

خەتەنەکردنی کچان، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دواکەوتووە کە وەک دابو نەریتێکی بەجێماو تائێستا لەزۆربەی وڵاتانی دواکەوتووی جیهان و هەندێکی زۆر لەشاروشارۆچکەکانی کوردستانیش ئەنجامدەدرێت. وێڕای دروستبوونی چەندین کێشەی تەندروستی و کۆمەڵایەتی بۆ ژنان، هێشتا کەسانێک هەن پێیانوایە، ئەوە ئەرکێکی شەرعییە، لەگەڵ ئەوەی زانایانی ئایینی ڕەتیدەکەنەوە کە"فەرموودەیەکی دروست"لەسەر خەتەنەکردنی کچان هەبێت.

خەتەنەکردن، بریتییە لەبڕینی پارچەیەک لەجەستەی کچ کە بەهۆیەوە کاتێ منداڵەکە گەورە دەبێت چەندین کاریگەری وەک نەخۆشی دەرونی و لاوازی کرداری سێکسی، لێدەکەوێتەوە. وەک باوە خەتەنەکردنی کچان لەلایەن پیرەژن و خەڵکێکی نەخوێندەوارەوە ئەنجامدەدرێت. هەندێ ئامێری مەترسیدار و ناتەندروستی وەک، موس یان چەقۆ بێ پاککردنەوە، بەکاردەهێنرێت. دواتر خۆڵەمێش بەسەر ئەو شوێنە دەکرێت کە لەجەستەی کچەکە بڕدراوە، لەکاتێکدا جۆرەها پیسی و میکرۆب لەنێو ئەو خۆڵەمێشەدا هەیە. زۆرجاریش دەبێتە هۆی بڕینی بەشێکی زۆر هەستیاری کۆئەندامی زاوزێی مێینەی کچە، یاخود خوێنبەربوون کە مەترسی لەسەر ژیانی کچەکە دروست دەکات.

بەپێی ئامارێکی رێکخراوی وادی ئەڵمانی کە لەشاروشارۆچکەکانی کوردستاندا، بەمەبەستی زانینی رێژەی دیاردەی خەتەنەکردنی کچان ئەنجامدراوە دەرکەوتووە کە لەسنووری پارێزگای سلێمانیدا لەکۆی ١١١٣ ژن کە ٢٣٢٥ منداڵی کچیان هەیە، لەو رێژەیەدا ١٣٧٣ـیان خەتەنە کراون، واتە رێژەی٥٩٪ـی کچانی ئەو سنوورە خەتەنەکراون. هاوکات لەهەردوو ناوچەی بیتوێن و پشدەر، بەرێژەیەکی بەرچاو کچان خەتەنەکراون.

ئاماری ریکخراوی وادی ئەلمانی لە ساڵی ٢٠٠٩

| ناوچە | ژمارەی فۆرمی چاوپێکەوتن | خەتەنەکراو | خەتەنە نەکراو |
|---|---|---|---|
| رانیە | ٢٤٤ | ٢٤٣ | ١ |
| قەڵادزێ | ٣١٠ | ٣١٠ | ٠ |
| دەوروبەری سلێمانی | ٢٩٣ | ٢٥٧ | ٣٦ |
| ناوچەی گەرمیان | ٢٦٦ | ١٨٥ | ٨١ |
| سەرجەم | ١١١٣ | ٩٩٥ (٨٩ ٪) | ١١٨ (١١ ٪) |

لە کۆی ١١١٣ژن کە پرسیاریان لێکراوە ٢٣٢٥ کچ یان هەبووە ، ١٣٧٣ کچیان خەتەنەکراو کە دەکاتە ٥٩ ٪

## "لە شەش ساڵیدا خەتەنەکرام"

" ئێستاش لەبیرمە کاتێ دایکم بەفێڵ بانگیکردم و هەمووکچەکانی گوندەکەیان کۆکردەوە. واتە ئەوەی بەبڕوای ژنە بەتەمەنەکان وادەی خەتەنەکردنی هاتووە، بۆ ماڵی پیرەژنێکیان بردین و بەنۆرە دەیانگرتین و دەیانبردینە بەردەمی ئەوکەسەی کە خەتەنەی دەکردین. من ماوەی یەک هەفتە بەهۆی ئەو ئازارە نەمتوانی بڕۆم".

ئەوە قسەی خەدیجەیە کە ژنێکی تەمەن ٤٠ساڵەو لەتەمەنی ٦ساڵیدا خەتەنەکراوەو نیشتەجێی شارۆچکەی رانیەیە. عایشە، کچێکی ترە کە تائێستاش رۆژی خەتەنەکردنی بیرنەچووەتەوەو وەک باسی دەکات کە زۆر ترساوە کاتێ بەدوو سێ ژن، ئەو و چەند کچێکی تریان بۆ خەتەنەکردن بردووەو نەیانتوانیووە رابکەن، چونکە دەرگایان لەسەر داخستوون و دواتر هەموویان بەیەک موس خەتەنەکردوون. دڵخۆش تەمەنی ٢٢ ساڵەو پێیوایە، کاتی ئەوە هاتووە خەتەنە قەدەغە بکرێت، چونکە ئەو یەکێکە لەو کچانەی کە بەهۆی خەتەنەکردنەوە زیانی زۆری بینیووە:"بەسێ ژن منیان گرت و پاڵیانخستم، دواتریش ئازارێکی زۆرم بینی و کچەکانی تریش وەک من خەتەنەکران و دواتر خۆڵەمێشیان پێداکرا. تائێستاش بەوهۆیەوە لەکاتی سووڕی مانگانەدا ئازارێکی زۆرم هەیە".

## تائێستا ٣٠٠ کچم خەتەنەکردووە

کاتی خۆی لەژنێکی گوندەکەی خۆمانەوە فێری خەتەنەکردن بووم. یەکەمجار کچەکەی خۆمم کرد، تائێستا نزیکەی ٣٠٠کچم خەتەنەکردووە. ئەوە قسەی فاتمە حەسەن پیرۆت،ـی ٥٦ساڵە. فاتمە، دانیشتووی رانیەیەو وەک خۆی دەڵێت، ماوەی ٢٥ ساڵ دەبێت کچ خەتەنە دەکات"ئەو کارە لەرای خودا دەکەم و پارەشم بۆ دێنن وەریناگرم. ئەوە سوننەتەو لەکۆنەوە هەبووە، ئەگەر منیش بڵێم نابێت، هاوسەرەکەم دەڵێت ئەو کچەی خەتەنە نەکرێت دەستاوی حەرامە".

## خەتەنەکردن ئەرکێکی ئایینی نییە

زۆرکەس خەتەنەکردن، بەئەرکێکی ئایینی دەزانن

www.netewe.com

کۆی گشتی ئامارەکانی ساڵی ٢٠٠٨

| ناوچە | ژمارەی گوند | بەشداربووان | خەتەنەکراو | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| گەرمیان | ١٤٨ | ٣٩٥٤ | ٢٤٠٨ | ٪ ٦١ |
| ٣١ قوتابخانە لە سنووری بێتوێن و پشدەر | ٣١ | ٢٣١٧ | ٢١٨٤ | ٪ ٩٤ |
| ڕانیە – قەڵادزێ | ٧٥ | ١٧٠٤ | ١٦٥٩ | ٪ ٩٧ |
| هەولێر | ٤٦ | ١٩٠٣ | ١٤٤٥ | ٪ ٧٦ |
| سلێمانی | ٥٣ | ٧٣٠ | ٤٧٥ | ٪ ٦٥ |
| سەرجەم | ٣٥٣ | ١٠٦٠٨ | ٨١٧١ | ٪ ٧٦ |

و بەبڕوای ئەوان ئەگەر کچەکانیان خەتەنە نەکرێن، ئەوا گوناهبار دەبن. گوتارخوێنی مزگەوتی بۆڵیان لەچوارقوڕنە مەلاعوسمان، سەبارەت بەهەبوونی دەقێکی ئایینی لەسەر خەتەنەکردن گوتی: "پێشتر لەناوچە گەرمەکاندا ئەوە هەبووە، بەڵام کەسێک نەیکات گوناهبار نییە، هەرشتێک زیان بەمرۆڤ بگەیەنێت ئایین ڕێگەی پێنادات. من پێموایە نەکرێت باشترە".

## زیانەکانی خەتەنەکردن

پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ژنان لە ڕانیە وەفا محەممەد، لەبارەی زیانەکانی خەتەنەکردنەوە دەڵێت کە سەرەتا دەبێتە هۆی دروستبوونی ئازارێکی کتوپڕ، لەبەر ئەوەی ئەو پرۆسەیە بەبێ بەکارهێنانی سڕکەر ئەنجامدەدرێت و منداڵەکە دووچاری ئازارێکی زۆر دەبێتەوە، لەوانەشە چەندڕۆژێک بەردەوام بێت، یاخود ببێتە هۆی خوێنبەربوون. ترسناکترین ماکەکانی ئەو پرۆسەیە دووجۆرە یەکێکیان خوێنبەربوونێکی کەمەو بەرێگایەکی نادروست وەک، بەکارهێنانی خوڵەمێش، گیراوەی شیر یان هەندێ گژوگیای گرژکەر چارەسەردەکرێت. جۆری دووهەم، بەهۆی خوێنبەربوونێکی زۆرەوە، لەو حاڵەتەدا دەبێت منداڵەکە بۆ نەخۆشخانە بگوازرێتەوەو نەشتەرگەری بۆ ئەنجامبدرێت، هەندێجاریش دەبێتە هۆی گیان لەدەستدانی منداڵەکە.

حاڵەتی تریش هەیە ئەویش هەوکردن و سووتانەوە لەئەنجامی پیسیدا، چونکە کە ئەو پرۆسەیە ئەنجامدەدرێت ئەو ناوچەی کە بڕدراوە پاکنەکراوەتەوە، هەروەها ئەو ئامێرەی بەکارهاتووە پیسبووەو زۆرجاریش بۆچەند منداڵێکی تر بەکارهێنراوە و ئەو پیسییە دەبێتە هۆی تووشبوون بەنەخۆشی گەزاو ئایدز کە ئێستا لەهەندێ وڵاتی ئەفریقیادا ڕێژەیەک لەژنان بەو هۆیەوە تووشبوون. هەروەها تێکچوونی میزکردن، کە میزگیران دروست دەبێت و شێوەی دەرەکی ئەو ناوچەیە بەبرین دەوردەدرێت و دەبێتە شانەیەکی ڕیشاڵی و ئەو شانەیەش دەبێتە هۆی شێوانی ناوچەکە. بەپێی قسەکانی ئەو پزیشکە، خەتەنە ئاسەوارێکی دەروونی خراپ لەسەر منداڵ بەجێدەهێڵێت، چونکە منداڵەکە زۆر دەترسێت و هۆکاری ئازاری زۆر و خوێنبەربوونیش ڕێگایەکی تری تێکچوونی باری دەروونی ئەو منداڵەن کە خەتەنە دەکرێن.

## زیانەکانی دوای خەتەنەکردن

ئازاری زۆر لەکاتی سووڕی مانگانە، گرانی پەیوەندی جووتبوون "سێکس"، دڕێژخایاندن و گرانی کرداری منداڵبوون بەتایبەت لەقوناغی دووهەمدا کە گرانی منداڵبوون، دەبێتە هوی مردنی منداڵەکە لەکاتی بووندا، یان دەبێتە هۆکاری کەم عەقڵی منداڵ.

د. وەفا، ئاماژە بەزۆری خەتەنەکردن لەناوچەکانی پشدەرو بێتوێندا دەکات و دەڵێت: "ڕۆژێک دایکێک بەپەلە هاتە نەخۆشخانە، منداڵەکەی خەتەنەکردبوو و حاڵی منداڵەکە زۆرخراپ بوو کە سەیرم کرد برینەکەی تەشەنوجاتی کردبوو، لەگەڵ ئەوەشدا لوکەشی لەسەرداناوبوو. هەمیشە برین کە تەڕبوو لۆکەکە دەچێتە ناو برینەکەو زیاتر تەڕی دەکات. زۆر هەوڵمدا پێمبڵێت کە کێ خەتەنەی کردووە، بەڵام پێینەگووتم. نموونەی تریشمان زورە، چونکە خەڵکی ئەم ناوچەیە بەزوری کچانیان خەتەنەدەکەن و بروایان پێیەتی". ئەم پزیشکە ئامۆژگاری دایکان دەکات کە کچەکانیان خەتەنە نەکەن و بزانن کە زۆرترین کێشەی تەندورستی، جەستەیی و دەروونی بۆ کچەکانیان دروست دەکات.



گوڵەباخ



فۆتۆ: واشنتۆن پۆست

www.netewe.com

# نامەیەکی نهێنی مەرگی کچێک ئاشکرا دەکات

"هەستم بەوەکرد کە ئازار گشت گیانمی گرتووە. هەوڵیدەدا خەندەم بکوژێ و گەنجێتیشم پڕ لەمەینەت بکات. تەمەنی بیست ساڵیم تەواو نەکردبوو، ئەم ئازارە سەرتاپای لەشمی گرت. بەخێرایی ترپەی دڵم دەستی پێکرد و چرکە دوای چرکە رووی لەزیادبوون کرد، تا هێدی هێدی ئازارەکەم تەشەنەی کرد". کەس هەستی بەو ئازارەم نەدەکرد..! زۆر هەوڵمدا بێدەنگی بنوێنم، بۆیە زۆرجار خۆم لەخێزانەکەم دەشاردەوە تا دڵتەنگیان نەکەم. شەو لەدوای شەو، تەمەنم بەگریان و بێدەنگی تێپەڕ دەبڕی، دوای چەند رۆژێک هەستم کرد کە ئەم ئازارە بۆ پارچەکانی تری گیانم دەگوازرێتەوە.

قاچم سڕببوو و هەندێک خاڵی رەش لەدەوروبەری چاوم دەرکەوتن، بەڵام هێشتا دوودڵ بووم لەوەی کە بۆلای پزیشک بڕۆم. لەوە زیاتر نەمدەتوانی بەرگەی ئەو ئازارە سەختە بگرم. لەدوای ئەنجامدانی پشکنین، بۆلای پزیشک، رۆیشتم. کاتێ منی بینی پێیگووتم ئەزیزم تەمەنت چەندە؟ گوتم، دوای پێنج مانگی تر ٢٠ ساڵی تەواو دەکەم. سەری هەژاند و بێدەنگ بوو، منیش پێمگوت، چییە دکتۆر، بیست ساڵی تەواو ناکەم. ئەویش گوتی، کچم تەمەن لەدەستی خودایە. گوتم بەڵام دکتۆر، هەست دەکەم کە بیست ساڵی تەواو ناکەم. ئەزیزم لەکەیەوە هەست بەم ئازارە دەکەی؟ ئەمە ساڵێکە. کێ لەخێزانەکەت دەزانێ؟ کەس پێینازانێت، تەنیا پەرتووک و یادگارییەکانم ئاگادارن؟!

بۆیە، بەکەسیشم نەگوتووە، تا بەهۆی منەوە پەرێشان نەبن. چونکە دایکم، زۆر دڵتەنگ دەبێت ئەگەر بزانێت. من کچە تاقانەی دایکمم. خوزگە بەجلی بووکێنی بیدیبام و باوەشی بەمنداڵەکانمدا کردبا. هەموو بەیانیان بەخەندەوە خۆمی پیشان دەدەم. لەگەڵ ئەوان بەپێکەنینەوە خوم دەردەخەم. تا هەست بەهیچ گوڕانکارییەک لەرووخسارمدا نەکەن. هەوڵمدا بە برایەکەم بڵێم، بەڵام کە بینیم زەماوەندی نزیکە، لەڕووم نەهات پێیبڵێم. ویستم بەباوکم بڵێم، جا چوون دەیلێم؟ چونکە بەدرێژایی ژیانم شەرمم لێدەکرد. باوکم زۆر خۆشدەوێت. خەون بەکوڕێکەوە دەبینم کە خەسلەتەکانی باوکمی تێدا بێت. دکتۆر، ئێستا زانیت بۆ بە وانم نەگوتووە..؟

لەدوای خودا تۆ یەکەم کەسی بەنهێنی و ئازارەکانم دەزانی، بۆیە من نهێنییەکانم لەنێو ئەو سندوقە لای تۆ جێدەهێڵم. ئاموژگارییەکی بچووکی تێدا نووسراوە. بەو هیوایەم کە لەدوای مردنم، رادەستی دایکمی بکەیت. باشە؟. ئەزیزم ئەمە چ قسەیە تو دەیکەی، خودا گەورەیە.

دکتۆر من زۆر بڕوام بەخودا هەیە، ئەگەر بڕوام بەخودا نەبووایە نەمدەتوانی ئەوەندە بەرگەی ئەم ئازارە بگرم. بەڵام تەمەنم بەرەو کوتایی دەچێت. حەز دەکەم هەندێک قسە هەیە بینووسم و لەدوای مردنم بیدەیە دەست دایکم؟

باشە ئەزیزم. کوا سندوقەکەتم بدەرێ، بەڵام دەرمانەکانت لەبیرنەچێت و ئەگەر ئازارت زیاتربوو، دەستبەجێ پەیوەندیم پێوەبکە. باشە بەسەرچاو. ماڵئاوا دکتۆر گیان.

کاتێک رۆیشتمە ماڵەوە، بەتەنیا لەژوورەکەمدا دانیشتم و پاڵکەوتم. رۆژ لەدوای رۆژ بەدەم ئازارەوە دەتلامەوە. لەدوای مردنی ئەو کچە، پزیشکەکە ئاموژگارییەکانی هەڵدەگرێت و بو ماڵی کچەکە دەڕوات و نامەکەی بۆ دایکی دەخوێنێتەوە:

دایە، خۆشمدەوێیت، تۆ هاوڕێم بوویت، بەڵام داوای لێبوردن دەکەم کە ئەم نەخۆشییە لەنێوان من و خوادا نهێنیبوو. نەمویست بزانیت کە شێرپەنجەم گرتووە. تا شەوانە لەگەڵ ئێشکگری من بێزار نەبیت. نەمویست خەندە لەسەر لێوەکانت بکوژم. دەزانی زۆرجاران ئیرەییم بە تۆ دەبرد کە لەگەڵ باوکم یەکتریتان زۆر خۆشدەویست. دایە، تۆ خودا بۆم مەگری. کاکە گیان، زۆرم خۆشدەویستی، نامەوێت زەماوەندەکەت دوابخەیت، بەڵام داوات لێدەکەم ئەگەر کچێکت بوو، وەک بیرەوەریی و وەفایەک بۆ ئەو خۆشەویستییەی کە بۆ تۆم هەبوو بەناوی منەوە بانگی بکە.

باوکە گیان، خۆشەویستیم بۆ تۆ بێسنوورە. پێتناڵێم چاوت لەدایکم بێت، چونکە دەزانم کە چەند یەکترتان خۆشدەوێت. پزیشکەکەم زۆر سوپاست دەکەم. هەمووتان نزام بۆ بکەن، خۆشمدەوێن. دەمویست بۆ دواهەمین جار بە خەندەوە لەگەڵتان بووایەم، بەڵام ئەوە مردم ....!

**نووسین: دانی میشێل**

**وەرگێڕ: هێژا شێخ مەمی**

# له دهۆک ئۆتۆمبیل بەسەر جەستەی کچێکدا دەگێڕن

# پاش دوو جار دەستدرێژی سێکسی دەیخنکێنن

وارڤین – دهۆک: بەڕێوەبەری پۆلیسی نەهێشتنی تاوانەکان لەدهۆک ڕایگەیاند کە پاش تێپەڕبوونی ڕۆژێک بەسەر کوشتنی کچێکی تەمەن بیست و دوو ساڵان و دۆزینەوەی تەرمەکەی لەسەر جادەی گشتی بێسرێ – باجلۆر لە نزیک گەلی دهۆک، ئەوان توانیویانە تاوانبار دەستگیر بکەن و تاوانباریش لەمیانەی لێکۆڵینەوەدا دانی بەتاوانەکەدا ناوە.

بەڕێوەبەری پۆلیسی نەهێشتنی تاوانەکان لەدهۆک عەقید نەوزاد زەکی، لەلێدوانێکی تایبەتدا بەوارڤینی ڕاگەیاند کە لە بەرەبەیانی ڕۆژی ١٦-١-٢٠١٠، لەوە ئاگادار کراونەتەوە کە تەرمی کچێک لەسەر جادەی گوندی بێسرێ – باجلور، دا فرێدراوە.

عەقید نەوزاد زەکی، گوتی: "پاش ئاگادار بوونەوە یەکسەر چووینە شوێنی مەبەست و پشکنینمان لەسەر تەرمەکە کرد، لەئەنجامدا ئاشکرابوو کە کچەکە تەمەنی بیست و دوو ساڵانەو لەقوتابخانەی ئێوارانی (شارستانیەت)دا قوتابی پۆلی حەفتی بنەڕەتی بووە". عەقید نەوزاد، گوتیشی کە لەمیانەی لێکۆڵینەوەدا دەرکەوتووە کە کچەکە خنکێندراوەو هاوکاتیش دووجار ئۆتۆمۆبیل بەسەر جەستەیدا براوە.

عەقید نەوزاد، ئەوەشی بەوارڤین ڕاگەیاند کە پاش دۆزینەوەی تەرمەکە ئەوان لیژنەیەکیان بۆ بەدواداچوون و دۆزینەوەی تاوانبار یان تاوانبارانی ئەو کێشەیە پێکهێناوەو پاش ڕۆژێک بەدواداچوون سێ کەسیان دەستگیر کردووە. هەروەها لەمیانەی لێکۆڵینەوەدا یەکێک لەتۆمەتباران دانی بەتاوانەکەدا ناوەو چۆنیەتی کوشتنەکەشی ئاشکرا کردووە.

عەقید نەوزاد، ئەوەی ئاشکرا نەکرد کە هۆکاری کوشتنی ئەو کچە چی بووەو گوتی: "کەیسەکە هێشتا لەژێر لێکۆڵینەوەدایە".

لەلایەکی دیکەوە پاش بەدواداچوونی وردی وارڤین بۆ کێشەکە، سەرچاوەیەک لەخێزانی کچە خنکێندراوەکە بەوارڤینی ڕاگەیاند کە تاوانبار کچەکەیانی لەقوتابخانە هێناوەتەدەرەوەو بردوویەتە ناو دارستانی زاویتەو دووجار لەپشتەوە سێکسی لەگەڵ کردووە، بەڵام هێشتا کچ بووەو لەکچێنی نەکەوتووە. پاش ئەوەی تاوانبار ئەو کارە لەگەڵ کچەکە دەکات دێنێتیەوە بۆ دهۆک لەناو کۆڵانێکدا دەیخنکێنێت و دواتر دەیباتە سەر ڕێگای گوندی بێسرێ – باجلور، فڕێیدەدات. هەروەها بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە بەتەواوەتی خنکاوە دووجار ئۆتۆمبیل بەسەر جەستەیدا دێنێت و بەجێیدەهێڵێت.

نەوزاد زەکی، هەروەها دەستنیشانی کرد کە پاش ئەوەی تاوانبار دەستگیر کرا کوشتنی ئۆتۆمبیلەکەی هێشتا تەڕ بوو و خوێنی کچەکەو هەندێک مووی پرچی لەسەر بەجێمابوو.



www.netewe.com



فۆتۆ: هێمن رانیەیی

# لە ٥٩ گەڕەکی هەولێر ١٣٤ تاوانی کوشتن ئەنجامدراوە

## "لە بەرامبەر هەر ٣ پیاو ژنێک کوژراوە"

هەولێر

بەپێی ئامارێکی ساڵانەی تایبەت بەرووداوەکانی کوشتن لەناو شاری هەولێر بۆ ساڵی ٢٠٠٩ کە لەلایەن نووسینگەی لێکۆڵینەوەی تاوانەکانی کوشتن ئامادەکراوەو کۆپییەکی دەست وارڤین کەوتووە، دەرکەوتووە کە لەناو گەڕەکەکانی شاری هەولێر، لەساڵی رابردوودا ٤٥ حاڵەتی کوشتن روویداوەو تێیدا رێژەی کوشتنی پیاو بەرامبەر بە ژن، ٣ بە یەک بووە.

### ژمارەی کوژراو

بەپێی ئەو زانیاریانەی کە لەسەرچاوەیەکی تایبەتەوە دەست وارڤین کەوتوون، لەمیانەی ٤٥ دۆسیە کە لەلایەن فەرمانگەی لێکۆڵەری دادی، کە لەنووسینگەی لێکۆڵینەوە لەکوشتن ئامادەکراوە: "لەساڵی ٢٠٠٩، لە ٢٤ گەڕەکی پارێزگای هەولێردا تاوانی کوشتن ئەنجامدراوە. بەپێی ئەو زانیارییانە ژمارەی کوژراو ٤٥ کەس (٣٥پیاو، ١٠ژن) بووە. هەروەها رێژەی کوژرانی پیاو بەرامبەر بە ژن، نزیکەی ٣,٥ـە، واتە زیاتر لە ٣ پیاو بەرامبەر بە ژنێک بووە. (معدل).ی کوژران لەم ساڵەدا واتا ٢٠٠٩، بۆ هەر رووداوێکی کوشتن (٨,٥) هەشت رۆژ و نیو بووە. لەبەرامبەردا لەساڵی ٢٠٠٨، لە ٢٧ گەڕەکی هەولێردا تاوانی کوشتن ئەنجام دراوە. ژمارەی کوشتن ٤٥ کەس (٣١ پیاو، ١٤ژن) بووە. رێژەی کوژرانی پیاو بەرامبەر بە ژن لەو ساڵەدا نزیکەی ٣ پیاو بەرامبەر بە ژنێک بووە. (معدل).ی کوشتن لە

www.netewe.com

ساڵی ٢٠٠٨، بۆ هەر ڕووداوێکی کوشتن (٨, ٥) ڕۆژو نیو بووە. لەساڵی ٢٠٠٧ لە ٢٩ گەڕەکی هەولێر تاوانی کوشتن ئەنجامدراوەو ژمارەی کوژراو ٤٤ کەس ( ٣٦پیاو، ٨ژن) بووە. تێیدا ڕێژەی کوژرانی پیاو بەرامبەر بە ژن، ٥ پیاو بە یەک ژن بووە. تێکڕای کوشتن لە ساڵی ٢٠٠٧ بۆ هەر ڕووداوێکی کوشتن، (٨) هەشت ڕۆژ بووە.

## جۆری کوشتنەکان

بەپێی ماددەی ٤٠٦ لە یاسای سزادانی عێراقی، لەساڵی ٢٠٠٩دا ، ١٨ تاوانی کوشتن بەبوونی بارودۆخی توند (زرف مشدد) ڕوویـداوە. لەکاتێکدا لە ساڵی ٢٠٠٨، ١٤ حاڵەت و لەساڵی ٢٠٠٧، (٢٦) حاڵەت ڕوویداوە.

بەپێی مـاددەی ٤٠٥، لەساڵی ٢٠٠٩، (٢) تاوانی کوشتنی ئاسایی هەبووە. لەساڵی ٢٠٠٨، ٦ حاڵەتی کوشتن و لەساڵی ٢٠٠٧، (٥) حاڵەتی کوشتن ڕوویداوە.

بەپێی ماددەی ٤١١ی یاسای سزادانی عێراقی، لەساڵی ٢٠٠٩، (٢)تاوانی کوشتنی بەهەڵە هەبووەو لەساڵی ٢٠٠٨، ٤ کوشتن و لە ٢٠٠٧، (١)کوشتن هەبووە.

لەساڵی ٢٠٠٩ دا ٤ مردنی گومانلێکراو ڕوویداوەو لە ٢٠٠٨، (٢) حاڵەت هەبووەو هاوکات لە ساڵی ٢٠٠٧دا، (٧) ڕووداو تۆمارکراوە.

لەساڵی ٢٠٠٩، ژمارەی ڕووداوی خۆکوشتن ١٩ کەس (١٣ پیاو و ٦ ژن) بووەو لەساڵی ٢٠٠٨ دا، ١٧ ڕووداوی خۆکوشتن (١٢پیاو ٥ ژن) بـووەو لە ٢٠٠٧دا ٥ ڕووداوی خۆکوشتن (٤ پیاو ١ ژن) بووە.

## چۆنیەتی کوژران لەساڵی ٢٠٠٨

خنکان ١١ کوژراو، کوشتن بەگوللە ٢٢، ئەشکەنجەدان ١ کوژراوبووە. لەکاتێکدا مردنی ئاسایی ١ کوژراو، نادیار ٢ کوژراو، دەرمـان خـواردن ٣ کـوژرا و چەقۆ ٣ کوژراو بووە.

## ساڵی ٢٠٠٩



ژمارەی کوژراو لە مانگەکان

| مانگەکان | ژمارەی کوژراو | مانگەکان | ژمارەی کوژراو | مانگەکان | ژمارەی کوژراو |
|---|---|---|---|---|---|
| کانونی دووەم | نیە | ئایار | ٥ | ئەیلول | ٦ |
| شوبات | ٢ | حوزەیران | ٣ | تشرینی یەکەم | ٨ |
| ئازار | ٢ | تەموز | ٢ | تشرینی دووەم | ٢ |
| نیسان | ٢ | ئاب | ٦ | کانونی یەکەم | ٢ |

ژمارەی کوژراو لە گەڕەکەکان

| ژ | گەڕەک | ژمارەی کوژراو | ژ | گەڕەک | ژمارەی کوژراو | ژ | گەڕەک | ژمارەی کوژراو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | [illegible] | ٣ | ٩ | [illegible] | ٢ | ١٧ | زانکۆ | ١ |
| ٢ | [illegible] | ١ | ١٠ | [illegible] | ٢ | ١٨ | [illegible] | ١ |
| ٣ | [illegible] | ١ | ١١ | [illegible] | ٢ | ١٩ | [illegible] | ١ |
| ٤ | [illegible] | ٢ | ١٢ | [illegible] | ٤ | ٢٠ | [illegible] | ١ |
| ٥ | [illegible] | ٥ | ١٣ | دەرەوەی وڵات | ٢ | ٢١ | کوردستان | ١ |
| ٦ | [illegible] | ٢ | ١٤ | [illegible] | ٢ | ٢٢ | [illegible] | ٢ |
| ٧ | [illegible] | ٢ | ١٥ | [illegible] | ١ | ٢٣ | [illegible] | ١ |
| ٨ | [illegible] | ٢ | ١٦ | [illegible] | ١ | ٢٤ | [illegible] | ١ |

## ساڵی ٢٠٠٨



ژمارەی کوژراو لە مانگەکان

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| کانونی دووەم | ٢ کوژراو | ئایار | ٢ کوژراو | ئەیلول | ٥ کوژراو |
| شوبات | ١ کوژراو | حوزەیران | ٥ کوژراو | تشرینی یەکەم | ٥ کوژراو |
| ئازار | ١ کوژراو | تەموز | ٤ کوژراو | تشرینی دووەم | ٥ کوژراو |
| نیسان | ٢ کوژراو | ئاب | ٥ کوژراو | کانونی یەکەم | ٢ کوژراو |

ژمارەی کوژراو لە گەڕەکەکان

| ناوی گەڕەک | ژ کوژراو | ناوی گەڕەک | ژ کوژراو | ناوی گەڕەک | ژ کوژراو |
|---|---|---|---|---|---|
| [illegible] | ٥ | [illegible] | ١ | [illegible] | ١ |
| [illegible] | ٥ | [illegible] | ١ | [illegible] | ١ |
| [illegible] | ٢ | [illegible] | ١ | [illegible] | ٢ |
| [illegible] | ٢ | [illegible] | ١ | [illegible] | ١ |
| [illegible] | ٢ | [illegible] | ١ | [illegible] | ١ |
| [illegible] | ١ | [illegible] | ١ | [illegible] | ١ |
| [illegible] | ١ | [illegible] | ١ | [illegible] | ١ |
| [illegible] | ١ | [illegible] | ١ | [illegible] | ١ |
| [illegible] | ١ | [illegible] | ١ | [illegible] | ١ |

## ساڵی ٢٠٠٧



ژمارەی کوژراو لە مانگەکان

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| کانونی دووەم | ٢ کوژراو | ئایار | ٥ کوژراو | ئەیلول | ٥ کوژراو |
| شوبات | ١ کوژراو | حوزەیران | ٢ کوژراو | تشرینی یەکەم | ٢ کوژراو |
| ئازار | ٤ کوژراو | تەموز | ٢ کوژراو | تشرینی دووەم | ٥ کوژراو |
| نیسان | ٥ کوژراو | ئاب | ٥ کوژراو | کانونی یەکەم | ١ کوژراو |

ژمارەی کوژراو لە گەڕەکەکان

| ناوی گەڕەک | ژ کوژراو | ناوی گەڕەک | ژ کوژراو | ناوی گەڕەک | ژ کوژراو |
|---|---|---|---|---|---|
| [illegible] | ٢ | [illegible] | ١ | [illegible] | ١ |
| [illegible] | ٤ | [illegible] | ٢ | [illegible] | ١ |
| [illegible] | ٢ | [illegible] | ١ | [illegible] | ٢ |
| [illegible] | ٥ | [illegible] | ١ | [illegible] | ١ |
| [illegible] | ٤ | [illegible] | ٢ | [illegible] | ١ |
| [illegible] | ٢ | [illegible] | ١ | [illegible] | ١ |
| [illegible] | ٥ | [illegible] | ١ | [illegible] | ١ |
| [illegible] | ٥ | [illegible] | ١ | [illegible] | ١ |
| [illegible] | ١ | [illegible] | ١ | [illegible] | ١ |
| [illegible] | ٥ | [illegible] | ١ | [illegible] | [illegible] |

www.netewe.com

# هۆکارەکانی خۆکوژی



**هەتاو کەریم**

خۆکوشتن دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی — دەروونییەو کەم تا زۆرێک لەهەموو کۆمەڵگاکاندا هەیەو بەردەوامیشە، بەڵام رێژەکەی لەکۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکیتر دەگۆڕدێت.

ئەوەی جێی باسە، ئامارەکانی خۆکوژی لە شاری هەولێردا دەریدەخەن کە خۆکوشتن رووی لەزیاد بوون کردووەو ئەمەش نەک تەنیا لەنێو ئافرەتدا بەڵکو لەناو پیاواندا زیاترە. زۆرجار میدیاکان تەنیا باس لەخۆکوشتنی ژنان یاخود کوشتنیان دەکەن و دەڵێن رێژەی کوشتنی ژنان زۆر بەرزە، بەڵام ئامارەکان روونی دەکەنەوە کە خۆکوشتن و کوژران تەنیا لەنێو ئافرەتاندا زۆر نییە، بەڵکو پیاوانیش بەهەمانشێوەی ئافرەتان و زۆر زیاتر لەوانیش دەکوژرێن و خۆیان دەکوژن، بەبڕوای من ئەمەش کۆمەڵێک هۆکاری هەیە کە هەوڵدەدەم لەخوارەوە روونی بکەمەوە.

* هۆکاری ئابووری: ئەوەی لەئامارەکانداو بەبەراوردکردنێک لەنێوان سالانی ٢٠٠٧، ٢٠٠٨، ٢٠٠٩ دەبینرێت، رووداوەکانی کوشتن جا خۆکوشتن یاخود کوژران بێت، زیاتر لە گەڕەکە هەژار و کەمدەرامەتەکان یاخود ئەوانەی کە لەڕووی ئابوورییەوە ئاستی بژێوی ژیانیان نزمە روویداوە. شتێکی روونە کە کەمدەرامەتی و نەبوونی هۆکارن، چونکە هەموو تاکێک پێویستیەتی بەوەیە کە پێداویستییە زەرورییەکانی ژیانی دابینبکرێت. مرۆڤ لەکاتێکدا کە نەیتوانی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیانی دابین بکات، لەڕووی دەروونی و جەستەییەوە نەخۆش دەکەوێت، بۆیە رەنگە ئاسایی بێت ئەگەر پەنا بۆ رێگەی ناشەرعی ببات یان بیر خۆکوژی بکاتەوە.

وەک دەزانن، زۆرجار نەبوونی و کەمدەرامەتی دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشەو دەمەقاڵێ و بەکارهێنانی توندوتیژی لەنێو تاکەکانی خێزاندا. زۆرجار نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوون، نەبوونی ژووری تایبەت کە هەر تاکێک پێویستە ژوورێکی تایبەت بەخۆی هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بەئاسوودەیی تییدا بژیت و مومارەسەی حەز و ئارەزووکانی خۆی بکات، دەبێتە هۆی رووداني گرفت، جا ئەوە چ لەناو هاوسەراندا بێ یان لەنێو ئەندامانی خێزاندا، زۆرجار بەکوشتن و خۆکوشتن و توندوتیژی کۆتایی دێت.

* هۆکاری دەروونی: نەخۆشییە دەروونی و عەقڵییەکان یەکێکن لەهۆکارەکانی خۆکوشتن وکوژران، ئەگەر بگەرێینەوە بۆ مێژوو دەبینین، کۆمەڵگای عێراقی بەگشتی و کوردستانیش بەتایبەتی بارودۆخێکی پڕ لەناخۆشی و کوشتن و بڕین و ئازار و تۆقین و توندوتیژی بەخۆیەوە بینیوەو ئەوەش تاکەکانی تووشی چەندەها نەخۆشی کردووە. کە نەخۆشییە دەروونییەکان لەسەرەوەی هەموویانن. بۆیە بەبڕوای من زۆربەی تاکەکانی ئێمە لەڕووی دەروونییەوە نەخۆشن، کەسانی هەڵچوون و سەبریان کەمە.

* گۆڕانکاری: گۆڕانی کۆمەڵگاش بەهۆکارێکی تری ئەو دیاردەیە دادەنرێت، هەر کاتێک گۆڕانێک لەکۆمەڵگادا رووبدات، لەئەنجامدا کۆمەڵێک گرفت و دیاردە سەرهەڵدەدەن. چونکە تاکەکانی کۆمەڵگا لەئەنجامی هاتنە ناوەوەی بەلێشاوی تەکنەلۆژیای جۆراوجۆر تووشی سەرلێشێوان و پێکدادان دەبێت. لەلایەکەوە، کۆمەڵگا بەئاراستیەک دەڕوات و پابەندە بەکۆمەڵێک دابوونەریتی خۆی کە ساڵەهای ساڵە بۆی ماوەتەوەو لەلایەکی دیکەشەوە شەپۆلی جیهانگەرایی کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە کۆمەڵگای کوردستاندا دروست کردووە. سەرەڕای هاتنەناوەوەی چەندەها دابونەریتی دیکەی کۆمەڵگاکانیتر، کۆمەڵێک ئامراز و کەرەستەی نوێی تەکنۆلۆژیا رووی لەکۆمەڵگای کوردستان کردووە ئەمانەش وایان لەکۆمەڵگا کردووە کە لەلایەکەوە نەتوانێت لەسەر هەمان کەلتووری خۆی بمێنێتەوەو لەلایەکی دیکەشەوە نەتوانێت لەگەڵ گۆانکاڕییە نوێیەکاندا بڕوات. ئەوەش لەئەنجامدا کۆمەڵگای تووشی پێکدادانێک کردووە. بۆیە، هەندێک تاک (ئافرەت – پیاو) ناتوانن خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەو بارودۆخە نوێیەداو پەنا بۆ خۆکوژی دەبەن. ئەو جیاوازییانە کەلێنێکیان خستووەتە نێوان نەوەی نوێ و نەوەی دوێنێ ئەوەش بووەتە پاڵنەر و گوشارێک بۆ خۆکوژی. بێگومان لەکاتی دروستبوونی شەڕ و ئاژاوەو ململانێدا کوژران روودەدات، هەروەها کۆچکردنی دانیشتووانی لادێ بۆ شار دەتوانێت هۆکارێکی دیکە بێت.

* هەست بە بۆشایی: مەبەست بۆشایی سۆزدارییە، لەئەنجامی هاتنەناوەوەی گۆڕانکاری زۆر لەکۆمەڵگاداو زیادبوونی پێداویستییەکان، مرۆڤەکان سەرقاڵ دەبن و رۆژانە بەدوای پێداویستییەکانیاندا دەگەڕێن، ئەوەش وادەکات کە تاکەکان بەدرێژایی رۆژ لەدەرەوەی ماڵ بن و ئاگایان لەخێزانەکەیان

www.netewe.com

نەمێنێت و لەبیریان بچێتەوە کە سۆز و خۆشەویستیش وەک پێداویستییەکانی دیکەی ژیانەو دەبێ کاتی بۆ تەرخان بکرێت. لەم سەردەمەدا پەیوەندییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگا زیاتر بۆ بەرژەوەندییەو کاتێک بەرژەوەندیی نەمێنێت ئەو پەیوەندییانەش دەپچڕێن و هاوکات ئەوەش لەبیر کراوە کە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییەو لەگەڵ دەوروبـەردا پێویستی بەپەیوەندی و سۆز هەیە. ئەمەش وا لە تاکەکان دەکـات کە هەست بەبۆشایی بکەن و گۆشەگیر بن و لە کۆتاییشدا پەنا بۆ خۆکوشتن بەرن.

* کەلتووری باوکسالاری: بەپێی ئامارەکان ڕێژەی خۆکوژی لەنێو پیاواندا لەژنان زیاترە. ڕاستە ئافرەتان ڕۆژانە ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبـنـەوە، بـەڵام ڕووبـەڕووبـوونـەوەکـان و شێوازەکان و جۆرەکانیان جیاوازی هەیە. ئەگەر بەراووردێک لەنێوان پیاو و ئافرەتدا بکەین، لەڕووی شوێن و کاتیشەوە جیاوازی هەیە. ئەوەی جێی سەرنجە، ڕاستە ئافرەتان توندوتیژیان بەرامبەر دەکرێت، لەدەرئەنجامی ئەو توندوتیژیە پەرچەکرداری ئافرەتیش دەبێت لەبەرامبەر ئەو توندوتیژیە، کە ئەویش توندوتیژی بەکار دەهێنن، یاخود دەبێتە ئامرازێک و یارمەتیدەرێک بۆ کۆمەڵگاو بەکارهێنانی توندوتیژی بەرامبەر پیاوان، ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی کەلتووری باوکسالاری کە ساڵەهایە پیاوان باڵادەستن و داهاتووی خێزان و ئافرەتەکانیان لەدەستدا هەبووە. هەر ئەم کەلتوورەشە کە وەک چۆن توندوتیژی بەرامبەر بەئافرەتان بەکاردێنێت بەهەمانشێوەش توندوتیژی بەرامبەر بەپیاوان بەکاردێنێت. چونکە کاتێک حاڵەتێکی کوشتنی ئافرەت دەبێت بەبیانووی نامووس، لەهەمانکاتدا پیاوانیش دەبنەخۆراکی ئـەم کەلتوورە، ئەوانیش توندوتیژیان بەرامبەر دەکرێت و دەکوژرێن یـاخـود دەبـێـت خـۆیـان بـکـوژن. چونکە کێشەیەکی نامووس و شەرەف لەخێزانەکەیدا ڕوویداوە، بەڵام ئەوەی جێگای پرسیارە ڕێژەی کوژران و کوشتنی پیاوان زۆر ژنان زیاترە کە بەپێی ئامارەکان لەبەرامبەر خۆکوشتنی هەر سێ ٣ پیاودا ژنێک خۆی دەکوژێت.



فۆتۆ: ئاریان

بـەڵام قسەی لەسەر ناکرێت و نەبووەتە جێی پرسیاریش، لەڕاستیدا ئەمە زەنگێکی مەترسیدارە کە بوونی ڕێژەی خۆکوشتن و کوژران ڕووی لەزیادبوون بکات و ئاماری ساڵانی٢٠٠٨،٢٠٠٧، ٢٠٠٩ سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن. بەشێوەیەک کە لەساڵی٢٠٠٧، لەهەولێر ٤٤ حاڵەتی خۆکوشتن هەبووە، بەڵام لەساڵی ٢٠٠٩ دا ٤٥ حاڵەت بووە.

* چەک: ئەوەی تێبینی دەکرێت لەساڵی ٢٠٠٨دا ، ٢٢ حاڵـەتی کـوژران بەگوللە هەبووە. ئەمەش بۆ بوونی چەک و مێژووی بەکارهێنانی چەک لەکۆمەڵگای کوردستاندا دەگـەڕێـتـەوە کـە بــەردەوام بـەرامـبـەر بەدووژمنەکانیان چەکیان بەکارهێناوەو زۆربەی ماڵەکانیش ئەم ئامرازەیان هەیەو تائێستاش بەکاری دێنن.



www.netewe.com



# جووتبوونی کەر

## سکرتێری حیزبی کەرانی کوردستان:
# قبووڵ ناکەین



دوای ئـەوەی کە کەرێک لەگەڵ ماکەرێک جـووتـدەبـێـت، خـاوەنـی مـاکـەرەکـە بۆ تۆڵەسەندنەوە دەچێت سێکس لەگەڵ کەرێکی بنەماڵەکەیتر دەکات، بەو هۆیەشەوە هەردوو بنەماڵە بەئارپیجی و بیکەیسی هێرش دەکەنە سەریەک. سکرتێری حیزبی کەرانیش داوا لەلایەنە پەیوەندیدارەکان دەکات کە بەپێی یاسایەک رێگە نەدرێت مافی کەر بکرێت و چیتر ستەم لە"رەمزی ئاشتی"بکرێت.

ئەگەر ئاورێک لەمێژووی هۆکاری ململانێ و ناکۆکی نێوان خێڵ و عەشیرەتەکان بدەینەوە بۆمان دەردەکەوێت کە زۆرجار دەستدرێژیکردنە سەر ئاژەڵ بیانوویەک بووە بۆ دروستبونی ململانێ و شەڕی دوانەهاتووی ئەم عەشیرەتانە.

رووداوی گوندی براغیش ئەوەپیشاندەدات کە هەندێ لەخێڵەکان تائێستاش لەو بڕوایەدان کە سێکسکردن لەگەڵ ئاژەڵ وەک دەستدریژیکردنە بۆسەر ئەندامێکی ئەو خێزانە. لەگەڵ ئەوەی کە لەهەرێمی کوردستان، حیزبی کەران هەیەو لەساڵی ٢٠٠٥ مۆڵەتی فەرمی کارکردنیان هـەیـەو بـەرگـری لـە لـەمـافـی کـەر دەکـەن تاستەمی لێنەکرێت، بـەڵام دوو بنەماڵەی عەشیرەتی هەرکی جووتبوونی کەر بەئارپیجی و بیکەیسییەوە بەشەڕدێن و ئەمەش بەلای حیزبی کەرانی کوردستانەوە، پێشێلکردنی هێماکەیانە. لەوبارەیەوە، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر عەمید عەبدولخالق تەڵعەت بەوارڤینی راگەیاند، کە شـەوی ١٣/١٢ـــی١ـــی ٢٠١٠، ئـاگـادارکـراونـەتـەوە کە لەگوندی بـراغ، کە یەکێکە لە گوندەکانی دەوروبـەری هەولێر، دوو بنەماڵەی عەشیرەتی هەرکی بەشەڕهاتوون و لەوشەڕەشدا هەموو جۆرە چەکەکانی وەک کلاشینکۆف، دەمانچە، بیکەیسی و ئارپیجییان بەکارهێناوە. هۆکاری شەڕەکەش ئەوە بووە کە نێرەکەرێکی بنەماڵەیەک لەگەڵ ماکەرەکەی بنەماڵەکەی تر جووتبووە.

### ماکەریش شەرەفە

(ع.ح)، یەکێک لەپیاوانی ئەو بنەماڵەیە کە خاوەنی مـاکـەرەکـەن. ئـەوان، لەبەرئەوەی هەرچی مێبوو بەشەرەفی دەزانن و نەیانتوانیووە سێکسی نێرەکەرێکی بنەماڵەیەکیتر لەگەڵ ماکەرەکەیان قبووڵ بکەن"وەک ئەوە وایە کە لەگەڵ یەکێک لەئەندامانی ماڵەوەماندا سێکس کرابێت و پێمان قبووڵناکرێت". ا ت، کە خاوەنی نێرەکەرەکەیە، ئەویش ئێستا لەزیندانی مەحەتەی هەولێر دەسگیرکراوە. قسەکانی ع، پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێت:"راستە کێشەکە لەجووتبوونی ئەو کەرە دەستی پێکرد".

### چەکی قورس بەکارهێنرا

بەڕێوەبەری پۆلیسی عەنکاوە رائید فەرمان فازل، گوتی، ئەو شەڕە لەنێوان دوو خێزاندا دروسـتـبـووە کە ئـامـۆزای یەکترن، کاتێک نێرەکەرەکە دەچێتە لای ماکەرەکەی ماڵی ت، وەک تۆڵەکردنەوەیەک بەرامبەر ئەم کارە، کوڕێکی ماڵی ت، بەناوی م، دەچێت سێکس لەگەڵ ماکەرێکی ماڵی ع. خ، دەکات. لەو کاتەدا ئەو کوڕە تووشی کوڕێکی ماڵی ع. خ دەبێت بەناوی م، پێیدەڵێت بۆ کەری خۆتان بەرەڵڵا دەکـەن کە ع، لەژنی خۆی خۆشتریدەوێت، ئێستا مـن چــووم لەگەڵ ماکەرەکەی ئێوەدا سێکسم کرد. م، یەکڕاست بەتەلەفۆن بنەماڵەکەیان لەدەستدرێژی سێکسی بۆسەر ماکەرەکەیان ئاگاداردەکاتەوەو لەتۆڵەی ئەوەشدا بنەماڵەکەیتر هێرشی دەکەنەسەرو لووتی م، دەشکێنن. ماڵی هەردوو بنەماڵەش لەسەر دوو گردی جیاوازەو ٥٠ مەتر لەیەکترەوە دوورن. بەمجۆرە شـەڕ لەنێوانیان دەست پێدەکات و لـەو کاتەشدا خەڵکی گوندەکە دەیانەوێت کۆتایی بـەشـەڕەکـە بهێنن، بـــەڵام هـەوڵـەکـانـیـان بێسوود دەبێت. شەڕەکە تائێوارە بەردەوام دەبێت و بیکەیسی و ئارپیجیشی تێدا بەکار دەهێنرێت.

### ٢٠٠ پۆلیس شەڕەکەی پێ کۆنترۆڵ نەکرا

رائید فەرمان، ئاماژەی بەوەکرد کە لەو کاتەی ئەوان ویستوویانە کۆنترۆڵی شەڕەکە بکەن، بۆ بەشداریکردن لەو شەڕەدا هێزیتر لەکەڵەکەوە دێن. لەبەرئەوە ناچاربوون



www.netewe.com

# دوو بەرەباب بەشەڕ دێنێت
## مافی کەر پێشێل بکرێت



بازگە دابنێن و نزیکەی ٥٠ ئۆتۆمبیلیش بگەڕێننەوە. سەبارەت بەژمارەی ئەو کەسانەی کە لەو شەڕەدا بەشدار بوون، ئەو بەڕێوەبەرە گوتی، زیاتر لە ٣٠ کەس دەبوون و کەچووینە ماڵێکیان نزیکەی ٢٠ پیاوی چەکداری لێبوو. بۆ کۆتاییهێنان بەشەڕەکە نزیکەی ٢٠٠ پۆلیسمان بردە شوێنی ڕووداوەکە. ٦ ئۆتۆمبێلی پۆلیسی فریاکەوتنمان بردە براغ. ئیتر کەلەگەڵیاندا دانیشتین گوتیان" باکێشەکە دابخرێت، چونکە ئابڕوومان دەچێت". ئەو شەڕە لەسەر ماکەرەکە بووە. ئێستاش لەهەر یەکێک لەو خێزانانە دوو کەس دەستگیرکراوە. هەروەها مەحمود ئاغای سەرۆکی عەشیرەتی هەرکی، هاتووەتە نێو کێشەکەوە. بەپێی زانیارییەکانی پۆلیس، بۆ نەهێشتنی کێشەکە لەشکری تایبەت و زێرەڤانیش لەشوێنی ڕووداوەکە ئامادەبوون. هەروەها پیاوێک دەستگیرکراوە کە بەپیکەب فیشەکی بۆ شەڕەکە هێناوە. لەلایەکی دیکەوە، سکرتێری حیزبی کەرانی کوردستان مامۆستا عومەر کڵۆڵ، بەوارڤینی ڕاگەیاند کە ئەوان قبووڵیان نییە مافی کەر پێشێل بکرێت و پێیوایە کە کەر لەهەموو جیهاندا ڕەمزی ئاشتییە، بەڵام پیکاسۆ کۆتری بۆ ڕەمزی ئاشتی هەڵبژاردووە بەوەش زوڵمی لەو ئاژەڵە کردووە. عومەر کڵۆڵ، گوتی کە ئەو کەسەی سێکسی لەگەڵ ماکەرێک کردووە کارێکی ناشایستەی کردووەو نیگەرانی خۆیشی بەوە خستەڕوو کە ستەمیان لەماکەرەکە کردووە.

### چوار کەس دەستگیر کراون

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس، ڕایگەیاند کە لەئەنجامی ئەم ڕووداوەدا چوار کەس دەستگیرکراوەو فەرمانی گرتنیش بۆ چوار کەسیتر دەرچووە، بەڵام ئەوان تائێستا دەستگیر نەکراون. ئەوەی جێگای خۆشحاڵییە لەو شەڕەدا کەس بریندار نەبووە. بەڕێوەبەری پۆلیس ناڕەزایی خۆی لەسەر ئەو شەڕە دەربڕی"ئەمەش بۆ من جێگای داخە، چونکە ئێمە وەک پۆلیس شەو و ڕۆژمان بەیەکەوە گرێداوە تائارامی و ئاسایش بپارێزین، بەڵام لەساڵی ٢٠١٠ لەکوردستان تازە لەسەر دوو کەر دەبێتە شەڕە ئارێیجی". سکرتێری حیزبی کەرانیش دەڵێت هەڵوێستمان دەبێت و قبووڵی ناکەین ستەم لە کەر بکرێت.

### غەریزەی ئاژەڵ کۆنترۆڵ ناکرێت

پسپۆر لەبواری کۆمەڵناسی و مامۆستای زانکۆ هەتاو کەریم، پێیوایە ئەو جیاوازییەی کە مرۆڤ لەئاژەڵ جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە مرۆڤ توانای کۆنترۆڵکردنی غەریزەکانی هەیەو ئەم حاڵەتەش لەلایەن ئاژەڵەوە تەواو پێچەوانەیە. هەتاو، هۆکاری سەرەکی ئەم کێشەیە دەگەڕێنێتەوە بۆ عەقڵییەتی پیاوسالاری کۆمەڵگای کوردستان و لەوبارەیەوە دەڵێت:"سەرەتای دروستبوونی زۆربەی کێشە عەشایەرییەکان بەئافرەتەوە دەبەسرێتەوە بۆیە، ڕوودانی شەڕێکی لەمجۆرە جارێکیتر ئەوە دەگەیەنێت کەلای عەشیرەت ئافرەت بە (ماکەر) دەشوبهێنرێت تەنها لەبەر ئەوەی ڕەگەزی مێیەو شەرەفی خێزانیش وابەستەی ژن کراوە".

هاوکات پسپۆڕی بواری فۆلکلۆری کوردی د.شوکرییە ڕەسوڵ، گوتی:"نەمبیستووە سێکسی ئاژەڵ قەت کێشەی نابێتەوە". د. شوکریە، خۆشەویستی مرۆڤی بۆ ئاژەڵ باس کرد کە زۆرجار کەسێک هەیە ئاژەڵێکی زۆر خۆشدەوێت و بەمردنی خەمبار دەبێت. بەڵام نەبووە کە سێکسی کرد شەڕی لەسەر بکرێت. عومەر کڵۆڵ، باس لەوەدەکات کە لەکۆندا مرۆڤی واهەبووە مافی تەواوی بەکەر داوەو قبووڵی نەبووە کە دەستدرێژی بکرێتەسەر. گوتیشی ئەوان قبووڵی ناکەن ئیتر ستەم لەکەر بکرێت، چونکە بەلای ئەوانەوە کەر ڕەمزی ئاشتییەو خێری زۆری بۆ کۆمەڵگای کوردستان هەبووە.

### "باوک و کەر زوڵمیان لێ کراوە"

سکرتێری حیزبی کەران، داوای لەپەرلەمان کرد کە بەپێی یاسایەک ڕێگری لەپێشێلکردنی مافی کەر بکەن. م.عومەر، دەڵێت لەکۆمەڵگەی کوردی ستەم لەدوو شت کراوە یەکێکیان کەر بووە کە زۆرترین کاریان پێکردووەو دواتر بەڕەڵلایان کردووە، دووهەمیشیان باوک بووە کە منداڵەکانی کاتێک گەورەبوون، فەرامۆشیان کردووە. حیزبی کەرانی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٥ مۆڵەتی یاسایی پێدراوە، بەڵام وەک سکرتێری ئەو حیزبە گوتی:"تائێستا بودجەمان بۆ دابیننەکراوە. بۆیە داوای لە کاربەدەستان کرد کە بودجە بۆ حیزبەکەیان دابین بکات.

www.netewe.com

## یاساکانی عێراق ژنان دەچەوسێننەوە

# ژنانی باشووری عێراق روو لە پەناگەکانی کوردستان دەکەن

کەرکووک

بەڕێوەبەری سەنتەر و پەناگەی (پەنا) بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژ بەژنان، ژیان حسێن عارف، لەهەڤپەیڤینێک لەگەڵ وارڤیندا رایگەیاند کە زۆربەی ئەو ژنانەی روو لەسەنتەرەکەیان دەکەن خەڵکی ناوەڕاست و باشووری عێراقن و لەدەستی دابوونەریتە کۆنەکان هەڵاتوون. ژیان، هەروەها گوتی کە ئەوان هەوڵدەدەن بەشێوەیەکی گونجاو مامەڵە لەگەڵ ئەو کەیسانەدا بکەن و چارەسەری پێویست بۆ کێشەکانیان بدۆزنەوە.

وارڤین: کەی ئەم سەنتەرە دامەزراوەو کێ پشتیوانی لێکردن؟

ژیان: سەنتەری پەنا لەساڵی ٢٠٠٤ دامەزراوەو دەرەنجامی بیرۆکەی کۆمەڵێک خەڵکی رۆشنبیرو چالاکوانی ئەم شارەبوو. پەناگەی (پەنا) کە بەشێکە لەسەنتەرەکە، شوێنی داڵدەدانی ئەو ژنانەیە بێجێگان و کێشەی کۆمەلایەتییان هەیە.

وارڤین: گرنگی کردنەوەی ئەم سەنتەرە لە کەرکووک چییە؟

ژیان: لەکەرکووک زۆر کێشەی چەوساندنەوەو توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان لەژێر چاودێری یاسا دەکرێت، بۆیە بەپێویستمان زانی بۆ ئەوەی زیاتر کێشەکان ئاڵۆزتر نەبن، ئەم سەنتەرە بکەینەوە، تا ببێتە ماڵی ئەو ئافرەتانەی سەرگەردان و بێ ماڵ ماونەتەوە.

وارڤین: کێن ئەو ژنانەی لەپەناگەکەی ئێوە پێشوازی دەکرێن و کێشەکانیان چین؟

ژیان: ئێمە بەبێگوێدان بەپرسی نەتەوەو ئایین، وەک لایەنی پەیوەندیدار پێشوازی لەهەموو ئەو ژنانە دەکەین کە کێشەو گرفتیان هەیەو زۆربەی ئەو ئافرەتانەی پەنایان بۆ ئێمە هێناوە لەنەتەوەی عەرەبن و خەڵکی ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقن، جگە لەئافرەتی کەرکووک و شارەکانیتری هەرێمی کوردستان.

وارڤین. بۆچی زۆربەی ئافرەتەکان لەناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقن؟

ژیان: خەڵکی ئەو ناوچەیە تائێستا پابەندن بەدابوونەریتە کۆنەکان و ژنان قوربانی یەکەمی ئەو نەریتانەن و بێبەزەییانە رەفتاریان لەگەڵدا دەکرێت. ئەمەیش سەرباری ئاڵۆزبوونی رەوشی ئاسایش لەو ناوچانەدا، بۆیە بەشێکی زۆری ئەو ئافرەتانە لەلایەن کەسووکاریان رووبەڕووی هەڕەشە دەبنەوەو روودەکەنە لای ئێمە. تەنیا رێگا بۆ مانەوەیان لەژیان پەنابردنە بۆ دەرەوەی ناوچەکانی خۆیان کە ئەویش هەرێمی کوردستانە، چونکە ئازادی تێدا فەراهەم کراوەو رەوشی ئاسایش جێگیرە.

وارڤین: بۆچی حکوومەتی بەغداو لایەنە پەیوەندیدارەکان هیچ رۆڵێکیان نییە بۆ پشتیوانیکردن لەئافرەتان و پاراستنیان لەو هەڕەشانەی رووبەڕوویان دەبێتەوە؟

ژیان: نەبوونی سەقامگیری رەوشی ئەمنی و نەگەیشتن بەرێککەوتنی سیاسی هۆکارێکە بۆ ئەوەی حکوومەت وەک پێویست ئاوڕ لەلایەنی ژیانی کۆمەڵگا نەداتەوە. سەرکەوتنی ئەزموونی سیاسی و پرۆسەی سیاسی رەنگدانەوەی ئەرێنی دەبێت لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیان و بەرجەستەبوونی یاساو دەستەبەرکردنی هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگا کە لەو نێوانەشدا مافی ژنان دەستەبەر دەبێت. بەڵام رەوشی حکوومەتی بەغدا ناسەقامگیرە.

وارڤین: جێگیرنەبوونی ئاسایش چ کاریگەرییەکی لەسەر توندوتیژی هەیە؟

ژیان: رەوشی ئەمنی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بەردەوامبوونی ئەو دۆخە هەیە، نابێت ئەوە لەبیر بکەین کەشەڕی عێراق چەندین ژنی کردە قوربانی. بەتایبەتی ئەوانەی هاوسەرو کەسووکاریان لەدەستدا، لەئەنجامدا کەوتنە ژێر رەوشێکی سەختی ژیانەوە جا لەڕووی کۆمەلایەتی یان ئابووری بێت و ئەمانە هۆکارێک بوون بۆ ئەوەی رووبەڕووی توندوتیژی ببنەوەو سەرگەردان بن و بۆ دابینکردنی ژیانی خۆیان و منداڵەکانیان پەنا بۆ کاری لەشفرۆشی بەرن.

وارڤین: رەوشی ژنان پاش رووخانی رژیم و پێش رووخانی چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

ژیان: ئێستا رەوشەکە زۆر گۆڕاوە بەهۆی بڵاوبوونەوەی هۆشیاری و کرانەوە بەڕووی جیهانداو پەرەسەندن و تەکنۆلۆژیایەی جیهانی گرتۆتەوە، بەشێوەیەکی زۆر گەورە یارمەتی ئافرەتانی داوە بۆ خۆ رۆشنبیرکردن و هۆشیاری و داوای مافەکانیان بکەن شانبەشانی ئافرەتانی تری دنیا. نابێت رۆڵی رێکخراوەکانی ئافرەتان لەیاد بکەین لەگەڵ رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کە سەردەمی رژێم ئەمانە نەبوون و ئێستا بوونەتە یارمەتیدەرێکی گەورە بۆ گەیاندنی دەنگی ئافرەتان و لابردنی ستەم و یارمەتیدانیان بەشێوەیەکی گەورە.

وارڤین: تا ئێستا چەند کێشەتان چارەسەر کردوە؟

ژیان: لەدەسپێکی دامەزراندنی سەنتەرەکەمانەوە تائێستا نزیکەی ٣٠٠ کێشەی جۆراوجۆرمان چارەسەرکردووە. دواتر بەبەردەوامی بەدواداچوون بۆ کێشەکان دەکەین و پەیوەندی لەگەڵ خێزانەکانیان دروست دەکەین. ئەوەی جێگای بەختەوەریمانە زۆربەی خێزانەکان وەڵامی ئێمەیان داوەتەوەو ئێستا پەیوەندی باشمان لەگەڵیان هەیە.

وارڤین: بۆ وەرگرتنی ئەو ئافرەتانەو چارەسەرکردنی کێشەکانیان چ رێوشوێنێکتان هەیە؟

ژیان: وەک دەزگایەکی سەربەخۆ و ئەکادیمی پەیوەندی و هەماهەنگیمان لەگەڵ دەزگا ئەمنییەکانی نێو شاری کەرکووک و دەوروبەری هەیە. هەروەها پەیوەندیمان لەگەڵ رێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بەئافرەتان

www.netewe.com



فۆتۆ: وارڤین

هەیەو هەمیشەیش هێڵێکی کراوەمان بۆ ئەو ژنانە هەیە کە ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە. زۆرجاریش لەلایەن پۆلیسەوە لەو گرفتانە ئاگادار دەکرێینەوە. ئێمەیش لای خۆمانەوە ئەو کێشانە بەنووسراوێکی فەرمی کە تێیدا بەوردی کێشەکە تۆمارکراوە لەگەڵ بەرواری وەرگرتنەکە، دوای ئەوەی دیراسەی کێشەکە دەکەین و دەیخەینە بەردەست کەسانی شارەزاو پسپۆڕ و پیاوانی یاسایی یان ئایینی ئەگەر پێویست بکات. بەتایبەت ئەوکاتەی ئەگەر ئافرەتێک ئەتک کرابێت. ئێمە ئافرەتی پارێزەرمان هەیە، کە هەوڵی کە لەرێگەی یاساوە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکە دەدەن. هەروەها پێویستمان بەتوێژەری دەروونی و کۆمەلایەتی هەیە بۆ ئەوەی لایەنی دەروونی و کۆمەلایەتی کەسی قوربانی شیبکاتەوە، بەمەبەستی چارەسەرکردن و تێپەڕاندنی ئەو دۆخە نالەبارەی دووچاری بوونەتەوە. پاش چارەسەرکردن و وەرگرتنی بەڵێننامە لەکەسووکاریان کە ئازاریان نەدەن، کەیسەکان دەدرێنەوە دەستی خێزانەکانیان و ئێمەیش لەبەدواداچوونی کێشەکانیاندا بەردوام دەبین.

واڤین: هەڵویستی کەسووکاری ئەو ئافرەتانە چۆنە کاتێک ڕوودەکەنە پەناگەکەتان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان؟

ژیان: بە دڵنیاییەوە زۆرجار لەلایەن کەسووکاری ئەو ئافرەتانەوە گرفتمان بۆ دروست دەبێت. بەڵام

**لەدەسپێکی دامەزراندنی سەنتەرەکەمانەوە تائێستا نزیکەی ٣٠٠ کێشەی جۆراوجۆرمان چارەسەرکردووە. دواتر بەبەردەوامی بەدواداچوون بۆ کێشەکان دەکەین و پەیوەندی لەگەڵ خێزانەکانیان دروست دەکەین**

زۆرجار بۆ ئەوەی ئاڵۆزتر نەبێت لەگەڵ کەسی پەیوەندیدار بەکێشەکە هەوڵدەدەین بەباشترین شێوە کێشەکان چارەسەر بکەین. ئەمەش وادەکات تێروانینیان بەرامبەر سەنتەرەکەمان و توانای ئێمە بۆ چارەسەرکردن بگۆڕدرێت.

وارڤین: جگە لەجێکردنەوەی ئەو ئافرەتانە، ئەو کاروچالاکییانەی کە لەلایەن سەنتەرەکەتانەوە ئەنجامدەدرێن چین؟

ژیان: خولی جۆربەجۆر دەکەینەوە. بۆ نموونە خولێکمان بۆ دەستەیەک لەپیاوانی پۆلیس و فێرکردنیان لەسەر چۆنیەتی هەڵسووکەوت لەگەڵ ئافرەتە بەندکراوەکاندا کردەوە، کە بوونەتە قوربانی دەستی دابوونەریتە کۆنەکان، ئێمەش لەلای خۆمانەوە سەردانی ئەو ئافرەتانە دەکەین کە لەنێو بەندیخانەکانی کەرکووکدان. بۆ ئەوەی لەنزیکەوە لەگەڵ کێشەو گرفتەکانیان ئاشنابین و ڕێوشوێنی پێویستیان بۆ بدۆزینەوە.



سەماح سەمەد

# لە هەرێمی کوردستاندا ٢٧٠٠ مزگەوت هەیە

# لەگوتارەکاندا هێرش دەکرێتە سەر ژن

هەولێر

هێرشی هەندێ لە مامۆستایانی ئایینی لەگوتارەکانیاندا بۆسەر ژنان بەردەوامەو تائێستا لێپێچینەوە لەگەڵ ئەو مەلایەندا نەکراوە. هاوکات وەزارەتی ئەوقاف، ئەو جۆرە هێرشانە بۆ نزمی ئاستی ئەو مەلایانە دەگەڕێنێتەوە.

بەپێی ئاماری وەزارەتی ئەوقاف بۆ کاروباری ئایینی، لەسنووری هەرێمی کوردستان، ٢٧٠٠ مزگەوت هەیەو رۆژانی هەینی رێژەی ٦٠٠٠٠٠ شەشسەد هەزار کەس، سەردانی مزگەوتەکان دەکەن و گوێ لە گوتاری هەینی دەگرن. ئەوەش ناشارنەوە کە مامۆستای ئایینی هەبووە هێرشی کردووەتە سەر ژن، بەڵام بەگوتەی وەزارەتی ئەوقاف، ئەوان لێپێچینەوە دەکەن. وەزارەتی ئەوقاف، ئەو جۆرە هێرشانە بۆ نزمی ئاستی ئەو مەلایانە دەگەڕێنێتەوە کە هێرش دەکەنە سەر ژن و هەروەها زۆری مزگەوت و کەمی مەلاش بە هۆکار دادەنێت.

### "گوتاری هەینی کێشەی لەماڵمان دروستکرد"

قوتابییەکی زانکۆ، دەڵێت، زۆرجار بەهۆی ئەو گوتارانەی کە مەلاکان لەرۆژانی هەینی لەمزگەوتدا دەیدەن، کێشە لەماڵیان دروستبووە.

شاخەوان، کوڕێکی ئەسمەری باڵابەرزی کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری زانکۆی سەلاحەدینە، پێیوایە مامۆستایانی ئایینی پەیامی ئایینی وەک خۆی ناگەیەنن و زۆربەیان بەئارەزووی خۆیان هێرش بۆ سەر ژنان و گەنجان دەکەن"زۆرجار گوێم لێبووە مەلا گوتوویەتی، گەنجانی ئەمڕۆ هەر خەریکی کاری خراپن، قەت گوێبیستی ئەوە نەبووم کە باسی کێشەکانی گەنجان بکات. یاخود هەمیشە گوتارەکانیان لەچوارچێوەی لۆمەو سەرزەنشت کردنی ژنان دەخولێتەوە".

### "ناوی خەڵک دەزڕێنن"

هێرش ئەحمەد، تەمەنی ٣٤ ساڵە، خاوەنی دوو منداڵەو دانیشتووی شاری هەولێرە. باس لەوە دەکات کە لەبەرئەوەی زۆربەی خەڵکی کوردستان موسڵمانن، شارەزایی باشیان لەئاییندا هەیە."دەبێ مەلاکان ئەوشتانە بخەنەروو کە خەڵک پێویستیەتی و نایزانێت. گوێبیستی مەلای وابووم کە گوتارەکەی بەرەو قسەی ناخۆش و ناوزڕاندنی توێژێک بردووە".



فۆتۆ: شوان سدیق

www.wetewe.com

## ”بەهۆی قسەی مەلا کارکردنم لێ قەدەغەکرا“

کچێکی ڕەنگ گەنمی باڵا مامناوەندەو لەسوپەر مارکێتێکی هەولێر کار دەکات. ئەو دەڵێت کە زۆرکات مەلاکان، باسی ژن و کچ دەکەن، وەک ئەوەی زۆرترین کێشەکانی ئەم کۆمەڵگایە ژن دروستی کردبێت. ئەو دەڵێت گوێم لەمامۆستای ئایینی بوو کە دەیگووت، ژن هەموو گیانی گوناهە، هەر لەگەڵ چوونەدەرەوەی چەندین پیاو گوناهبار دەکات. بۆیە پێیوایە، ئەو جۆرە گوتارانە خزمەتی کۆمەڵگا ناکەن. پێویستە حکوومەت ڕێگە لەو گوتارانە بگرێت. شنۆ، لەبەرئەوەی خوێندنی تەواونەکردووە ناچاربووە کە لەسوپەر مارکێتێک کار بکات“لەوکاتەوە باوکم گوێی لەقسەی ئەو مەلایە بووە دەڵێت، وازبێنە ئەو ملایە ڕاست دەکات کچ و کارکردنیان نەگوتووە“.

## بەناوی حکوومەتەوە قسەدەکەن

بەپێی بڕیاری حکوومەت، پێویستە مامۆستایانی ئایینی پابەندی ڕێنماییەکانی وەزارەتی ئەوقاف و سیاسەتی حکوومەت بن. چونکە ئەوان بەناوی حکوومەتەوە قسە دەکەن و لەنێو خەڵکدا نوێنەری حکوومەتن. بۆیە دەبێت ئەو مامۆستایانەی مافی گوتاردانیان هەیە، خاوەنی زانیارییەکی تۆکمەو ئاستی ڕۆشنبیری بەرزبن. بەرپرسی ڕاگەیاندنی وەزارەتـــی ئەوقاف بۆ کاروباری ئایینی مەریوان نەقشبەندی، دەڵێت کە ئەو مامۆستا ئایینیانەی کە لەمینبەری مزگەوتەوە گوتار دەدەن، لەلایەن وەزارەتــی ئەوقافەوە مۆڵەتیان وەرگرتووە. دەکرێت بڵێین لەمینبەری مزگەوتەوە بەناوی حکوومەت قسە دەکەن، چونکە سەر بەوەزارەتی ئەوقافن. ئەو باس لەوەش دەکات کە ئەوان لەوەزارەت چەند هێڵێکیان داناوە“نابێت ئەو هێڵانە ببەزێنرێن، ئەگینا بەپێی یاسا لێپێچینەوەیان لەگەڵ دەکـرێـت“. بەقسەی مـەریـوان نەقشبەندی، ئــەوان ڕێگە نــادەن دژی مافی خەڵک قسە بکرێت. سەبارەت بەگلەیی خەڵک لەمەڕ قسەی مەلاکان لەسەر جلووبەرگی ژنــان، مەریوان، گوتی:“خەڵک لەوبارەیەوە گلەیی لەمامۆستایانی ئایینی هەیە. هەندێک جلووبەرگی ئافرەتانیش هەیە کاردانەوە دروست دەکات“. ئەو بەرپرسەی وەزارەتـــی ئـەوقـاف، ڕوونـیـکـردەوە، کە ڕێگە بەهیچ مامۆستایەکی ئایینی نـادرێـت، ناوی خەڵک بزڕێنێت“ئێمە ڕێگە نادەین تەشهیر بە کەس بکرێت، نابێ ناوی هیچ کەسێ بهێنرێت“. پێشیوابوو، مامۆستایانی ئایینی بەرگرییان لە کچ وکوڕان کردووە. لەوانەیە هەندێ قسە بۆ ئاستی زانیاری و ڕۆشنبیری مامۆستاکە بگەڕێتەوە“ ڕەنگە هەندێکیان بیری لاوازیان هەبێت، مانای ئەوەنییە کە هەموو مامۆستایانی ئایینی وەک یەک بیر دەکەنەوە“.



## ئیسلام ڕێز لە ژن دەگرێت

بەرپرسی لێژنەی کاروباری ئایینی لـەپـەرلـەمـانـی کـوردسـتـان، د. بەشیر خەلیل حەداد، لەوبارەیەوە دەڵێت:“یەکێک لە کارەکانمان بەرزکردنەوەی ئاستی گوتاربێژەکانەو خولی تایبەتییان بۆ دەکەینەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بـەدواداچـوون بۆ گلەیی و داواکارییەکانی خەڵک دەکەین“. د. بەشیر، پێیوا نییە کە مامۆستایانی ئایینی بەشێوەیەکی نەشیاو باسی ژن بکەن“چونکە ئیسلام ڕێـزی زۆری لـەژن نـاوە“. بەقسەی بەشیر حـــەداد، ئــەوان ئامادەن لێپیرسینەوە لەگەڵ هەر مامۆستایەک بکەن کە هێرش بکاتە سەر توێژێکی دیاریکراو.

## خەڵک ناتوانێت وەک ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەر بژی

ئەندامی پەرلەمان لەفراکسیۆنی گۆڕان، نەسرین جەمال مستەفا، جەخت لـەوە دەکـاتـەوە کە پێویستە ڕێکخراوەکانی ژنـان و کۆمەڵگەی مـەدەنـی ئـاگـاداری گـوتـاری مـەلاکـان بـن و تێیانبگەیەنن کە کێشەی ئەم وڵاتە ڕێکخراوەکانی ژنان و کۆمەڵگەی مەدەنی دروستی نەکردووە. بـەبـۆچـوونـی ئـەو پـەرلـەمـانـتـارە، ئـەرکـی مامۆستایانی ئایینی هوشیارکردنەوەی خەڵکە کەچی زۆر لەمامۆستایان ناتوانن شیکردنەوەی باش بۆ ئایین بکەن.“پێویستە بەشێوەیەکی زانسـتـی و سـەردەمـیـانـە ئایین بـۆ خەڵک شیبکەنەوە، چونکە خەڵک ناتوانێت وەک، ١٤٠٠ساڵ پێش ئێستا بژێت“. بەرای نەسرین، بەشێک لەو هێرشانەی لەمزگەوتەکان دەکرێت کاریگەری ئەوەیە کە“بەشێک لەمامۆستایانی ئایینی سەر بەحیزبە ئیسلامییەکانن و بیروڕای حیزبەکانیان لەگوتارەکانیاندا ڕەنگیداوەتەوە“. لەلایەکی دیکەوە نووسەر و چالاکوانی بواری ژنان تامان شاکر، باس لەوە دەکات کە زۆرینەی مامۆستایانی ئایینی هەڵگری بیروڕای دۆگماتیک و دواکەوتوون. بەبڕوای تامان، زۆر لەمەلاکان بیری نەتەوەییان لاوازەو لەبەرژەوەندی نەتەوەکەیان کار ناکەن و دەڵێت:“عەرەب ئیسلامیان بۆ بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خۆیان بەکارهێناوەو کوردیش کوێرانە وەریانگرتووە“. تامان، بەشێک لەهۆکاری ئەو هێرشانەش بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە ئەو گوتارخوێنانە لەناو حیزبە ئیسلامییەکاندا کاردەکەن. تامان، سەدەی ٢١ بەسەدەی ژنان ناودێر دەکات و بەبڕوای ئەو مەلاکان ناتوانن گۆڕانکارییەکان قبووڵ بکەن و جەختیش لـەوە دەکاتەوە کە ناهاوسەنگییەک لەنێوان پرەنسیپەکانی دیموکراسی و ئاییندا هەیە.

سەبارەت بەو پرسە وارڤین، وەک پابەندبوون بە ئیتیکی کاری ڕۆژنامەوانی، ویستی ڕای ئەو مامۆستا ئایینییانە وەربگرێت کە ئەو گوتارانەیان داوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە گوایە، سەرقاڵن ئامادەنەبوون لەوبارەیەوە لێدوان بدەن.



ئاڤان فارس جاف



www.netewe.com

### هاوسەری عوسمان بایدەمیر بۆ وارڤین:

# گەل قەرزداری رۆڵە چەکدارەکانیەتی

# دەوڵەتی تورکیا باوکسالار و میلیتاریستە

ئامەد

بەشی یەکەم

رەیهان یاڵچینداغ، لەگەڵ ئەوەدا کە هاوژینی شارەداری گەورەی ئامەد عوسمان بایدەمیرە، نایەوێت بەناوی بایدەمیرەوە بانگ بکرێت. ئەو ماوەی ١٢ ساڵە لەگۆڕەپانی مافەکانی مرۆڤدا کار دەکات. ئەم ژنە کوردە چوار جار لەکاتی دووگیانی و لەچیاکاندا و لەکاتی گەڕان بەدوای گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا و چوار جاری دیکەش لەهۆڵەکانی دادگادا لەپێناو پاراستنی ژناندا بەرەوڕووی توندوتیژی بووەتەوە. یاڵچینداغ کە هاوکات دایکی دوو منداڵە، تەنیا زمانی کوردی فێری منداڵەکانی دەکات و رێگە نادات کە فێری تورکی بن. ئەو باس لەمنداڵی خۆی دەکات کە چۆن ئەو تەمەنە شیرینەی لەبەر دەرگەی گرتووخانەکاندا تێپەڕاندووەو هەروەها ئەشکەنجەکانی تەمەنی گەنجێتی دەگێڕێتەوە. وەک باسی لێوە دەکات برین و ئازاری هەرەگەورەی ئەو لەکاتی پشکنینی تەرمی گەریلاکاندا بووە. رەیهان، زۆرجاران چووەتە سەر تەرمی ئەو گەریلایانەی کە گیانیان لەدەستداوەو بینیویەتی کە ژمارەیەک لەو گەریلا کوژراوانە هەڤاڵانی سەردەمی زانکۆی بوونە. ئەو بەدەم گریان و فرمێسکەوە ئەو چرکەساتانەی بۆ وارڤین دەگێڕایەوە.

وارڤین: لەگەڵ ئەوەدا کە تۆ خەڵکی ئەلازیزی، بەڵام بەساڵانە لەئامەد لەبواری مافەکانی مرۆڤدا کار دەکەیت. بۆچی ئامەدت هەڵبژارد؟

رەیهان: پاش ئەوەی لەساڵی ١٩٩٨ زانکۆم لەئەنکەرە تەواو کرد، بۆ ئەوەی لەپراکتیکدا کاری پارێزەری بکەم روووم لە ئامەد کرد. لەساڵانی زانکۆدا هەمیشە لەناو خەباتی ئۆپۆزیسیۆندا خۆم دەبینییەوە. بۆیەش بەجێی ئەوەی تەنیا کاری پارێزەری بکەم ویستم بەشێوەگەلی دیکە هاریکاری گەلەکەم بکەم و هەوڵ بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکانی بدەم.

وارڤین: دەستپێکی کارەکانت لەژێر ناوی کۆمەڵەی مافەکانی مرۆڤ (ئیهادە)دا بوو؟

رەیهان: بەڵێ. لەبەر ئەوەی ئەوکات رەوشی نائاسایی لە باکووری کوردستان راگەیەندرابوو و هەروەها ئەو دەمە ئیهادە بەشێوەیەکی فەرمی داخرابوو. عوسمان بایدەمیر، من و برادەرێکی پارێزەرم لەنووسینگەی عوسماندا دەستمان بەخەباتی مافەکانی مرۆڤ کرد. وەک کۆمەڵە ئەو شوێنەمان بەکاردەهێنا. واتە لەنووسینگەکەی عوسمان لەبینای شەفەقی ٤٠.ی کۆڵانی عەلی ئەمیریدا کاروباری مافەکانی مرۆڤمان بەرەوپێش دەبرد.

وارڤین: باسی ساڵانی ١٩٩٨ کرد. ئەوکات رەوشی نائاسایی لەهەرێمەکەدا راگەیەندرابوو و هەروەها زوڵم و زۆردارییەکی گەورە دەکرا. لەو کەشەدا کارەکانی ئیهادەت چۆن بەرەوپێش دەبرد؟

رەیهان: مرۆڤ لەهەلومەرجی زۆر سەختیشدا دەتوانێت رێگایەک بدۆزێتەوە. لەبەر ئەوەی رەوشی نائاسایی راگەیەندرابوو. ئەوکات کۆمەڵەی مافەکانی مرۆڤ سێ مانگ دادەخراو پاش سێ مانگی دیکە دەکرایەوە. ئێمەیش دەچووین قوفڵەکەمان دەکردەوەو دەچووینەوە ناو بیناکەمان. دوای چەند رۆژ پۆلیس بەدوامانەوە دەهاتنە ژوور و فەرمانێکی نوێی داخستنیان دەهێناو جارێکی دی دەرگاکەیان قوفڵ لێدەدا و دەیانکردینە دەرەوە. تا مانگی بەفرانباری ٢٠٠٠ رەوش وەها بوو. ئەوکاتە وەک پێویست مافی بەرگریکردن نەبوو و ئەشکەنجە ببووە پارچەیەک لەژیانی رۆژانە. لەبەر رەوشی نائاسایی قۆناغی راگرتن (تەوقیف) سنووردار نەبوو، بەڵکو هەمیشە ١٠رۆژ زیاتر خەڵکی رادەگیران. ئێمە لەو هەلومەرجەدا هەوڵماندەدا بەدوای کەیسی راگیراوەکاندا بچین و لەگەڵیاندا پەیوەندی دروست بکەین. هەوڵماندەدا کە جارێکی دیکە رووداوەکانی شوێنبزرکردن روونەدەنەوە. هەروەها لەهەوڵی ئەوەدا بووین کە ئەشکەنجەکان نۆت بکەین و بەڵگە بەدەستبخەین. هەروەها لەلایەکی دیکەوە دۆزەکانمان بۆ دادگای مافی مرۆڤی ئەورووپا بەرز دەکردەوە. لەبەر ئەوەی من ئینگلیزیم دەزانی هەوڵمدەدا لەزۆربەی

**رەیهان، زۆرجار چووەتە سەر تەرمی ئەو گەریلایانەی کە گیانیان لەدەستداوە بینیومە کە ژمارەیەک لەو گەریلا کوژراوانە هەڤاڵانی سەردەمی زانکۆم بوون**

www.netewe.com

دۆزەکاندا ببمە هاریکار. چرکەساتگەلێکی زۆر زەحمەت بوون. هەڤاڵە پارێزەرەکانمان دەکوژران. ئێمە دەچووین و بەدواداچوونمان بۆ دۆسیەکانیان دەکرد. زۆرجاران تا یەک و دووی شەو کارمان دەکرد. پاش بەفرانباری ٢٠٠٠ ئیهادە بەشێوەیەکی فەرمی کرایەوە. لەساڵانی دواتردا رەوشی نائاسایی هەڵگیرا و لقی ئامەدی کۆمەڵەی مافەکانی مرۆڤ چالاکتر بوو.

**وارڤین:** لەوکاتانەدا پارێزەرانی مافەکانی مرۆڤ راگیر دەکران، دەرفێندران و هەرەشەیان لێ دەکرا. تۆ بەرەورووی ئەو شتانە بوویتەوە؟

**رەیهان:** لەوکاتانەدا کە پارێزەریم دەکرد. راگیراو کرام. لەبەر ئەوەی رێگە بەخۆپیشاندانەکانی ١.ی گوڵان نەدرابوو، ئێمە دەستوەردانێکی حقوقیمان کرد، بۆیە راگیراین، بەڵام نەرفێندرام. هاوکات زۆرجاران هەرەشەی کوشتنم لێ کراوە. بەتەلەفۆن یان دەهاتنە نووسینگە هەرەشەیان لێ دەکردم. لەساڵی ٢٠٠٣دا لەگەڵ ٦-٧ پارێزەری ژن بۆ ئەوەی بەدواداچوون بۆ دۆزێکی دەستدرێژی بکەین چووینە مێردین، لەوێ جەردەڤانان (جاشەکان) هەوڵیاندا قەتڵوعاممان بکەن. ئێمەش بەزەحمەت گیانی خۆمان رزگار کرد.

**وارڤین:** تائێستا چەند داوای یاسایی لەدژت تۆمار کراوە؟

**رەیهان:** نزیکەی ٥٠ داوام لەسەر تۆمار کراوە. بەڵام لەئێستادا هیچ داوایەکم لەسەر نییە کە بەردەوام بێت. هەفتەیەک لەمەوبەر بریاری داخستنی داوایەکم پێراگەیەندرا.

**وارڤین:** چۆن لەگەڵ سیاسەتی کورد ئاشنا بووی. لەبنەماڵەکەتان کەس هەیە لەناو سیاسەتدا بێت؟

**رەیهان:** من ساڵی ١٩٧٤ لەدایکبووم. لەکودەتای ١٩٨٠دا تەمەنم ٦ ساڵان بوو. ژنمام، مام، خاڵ، پوورەکانم ئامەد لەناو سیاسەتی ئەوکاتەدا بوون. کەسانێکی بەناوبانگ بوون. من لەبەردەم گرتووخانەی تیپی

دا گەورە بووم. لەگەڵ دایکم و نەنکم دەچووین و دەهاتین.


فۆتۆ: وارڤین

**وارڤین:** دیارە ئەوکات زۆر رووداوت بینیوە...

**رەیهان:** بۆ نموونە،"ئیست ئۆکتای یەڵدیران"م بەبیر دێتەوە. بەدەیانجار بێئەوەی بتوانین چاوپێکەوتن بکەین دەیانگەڕاندینەوە. جارێک لەبەر ئەوەی تەرەکتۆرێک تێپەری بەهۆی ئەوەی دەنگی لێوەهات"ئێست ئۆکتای" شۆفیری تەرەکتۆرەکەی هێنایەخوارەوەو لەپێش چاوی هەمووان تێروپری لێدا. من هەرگیز ئەو شتانەم لەبیر ناچێتەوە. ژیانی من لەبەردەم گرتووخانەی پیتی (ئی) پرە لە بابەت و چیرۆکی سەیر و سەمەرە.

**وارڤین:** چۆن؟

رەیهان: لەمنداڵیدا بۆ بینینی خزمەکانم دەچووم، لەزانکۆدا بۆ بینینی هەڤاڵانم، ئێستاش لەبەر کاری پارێزەری و پاراستنی

www.netewe.com

خەڵک دەچمە بەردەم ئەم گرتووخانەیە.

وارڤین: ئێستا کە وەک پارێزەرێک دەچیتە ئەو گرتووخانەیە هەست بەچی دەکەی؟

رەیهان: من بەدیوارەکانی ئەم گرتووخانەیە ئاشنام. لەگەڵ گەلێک شتیدا دەژیم. هەرچەندە ئەو دیوارانە دەبینم، دەڵێم دەبێت ئێمە زیاتر بنووسین و زیاتر تێبکۆشین. دەبێ ئێمە لەبیرنەکەین. پێویستە رابردوو لەبیر نەکەین.

وارڤین: هۆکاری هەڵبژاردنی پیشەی پارێزەری لای تۆ بۆ ئەو رووداوانە دەگەڕێتەوە؟

رەیهان: من بە دەرەجەی بەرزم هێنابوو، دەبوایە بچوومایەتە کۆلێژی پزیشکی. بەڵام لەبەر ئەو رووداوانە تەنیا پارێزەریم هەڵبژارد.

وارڤین: ساڵانی زانکۆت چۆن بوو؟

رەیهان: لەساڵی ١٩٩١دا دەستم بەزانکۆ کرد. گیراین، دادگایی کراین. ئەشکەنجەکرام. پۆل بە پۆل هەڤاڵانم روویان لەچیاکان کرد و بوونە گەریلا. لەم قۆناغەدا کە ئێمە زۆر باسی ئاشتی دەکەین، دەڵێم کە زۆربەی نەوەی هاوتەمەنی من لەو شەڕەدا گیانیان سپارد. بۆیە، یەکێک لەو کەسانەم کە پێویستە زیاتر قسە بکەم. گەلەک هەڤاڵانم کە پێکەوە چووینە زانکۆ، ئێستا لەژیاندا نەماون. زۆریان بێ گۆڕ مانەوە گۆڕ نادیارن. ترسی هەرە گەورەی من لەژیاندا دەستنەدان لەو برینانەیە. دەترسم ئێمە چەند نەوەی تر ئەو ئازارانە لەبیر بکەین. بۆیە پێویستە دەبێت نەوەکانیتر ئەو ئازارانە بزانن.

وارڤین: ئەی ئەگەر نەوەی ئێستامان لەرق و کینە لێوانلێو بن و بیانەوێت تۆڵە بکەنەوە چی؟

رەیهان: پێویستە لێرە ئێمە سەیری دایکانی ئاشتی بکەین. لەگەڵ ئەوەیدا کە ئەوان ئەو هەموو ئازارەیان چێشتووەو جگەرگۆشەکانیان لەدەستداوە، بەردەوام دەڵێن"جەرگی ئێمە سووتاوە با هی دایکانی تر نەسووتێ". ئەو قسەیە بۆ ئێمە سەرچاوەیە. کورد لەم بوارەدا خۆی سەلماند. کورد ئەوە بۆ تۆڵە هەڵناگەڕێننەوە. بەپێچەوانەوە بەرای من ئەگەر گەنجان لەداهاتووی خۆیان باش تێبگەن، بڕیاری باشتر دەدەن. بەڵام ئەگەر گەمە بەهەستی نەتەوەیی گەلێک بکرێت ئەویش دەڵێت"ئێمە زیاتر ئازارتان دەدەین"، بۆیە نامەوێت بیر لەئەنجامی ئەو پرسە بکەمەوە. دەبێ تورک خۆیان لەجێی ٢٠ ملیۆن کورد دابنێن و هاوسۆز بن. بەڵام ئەوان ناتوانن وەها بکەن.

وارڤین: بۆچی ناتوانن؟

رەیهان: ئەو پرسە بۆ رۆشنبیران و پێشەنگانی کۆمەڵگا دەگەڕێتەوە. بەرای من ئەوان ناتوانن کێشەکان باس بکەن و لێکتێگەیشتن دروست بکەن. بەقسەی تورک، سەرباز ئەو کەسەیە کە لەشەڕی رزگاریدا وڵاتی رزگار کردووە. بۆچی سەرباز بچن کوردێکی هەژار بکوژن؟ بۆ بچن دەستدرێژی بکەنە سەر ژنێک؟ لێرەدا رۆڵی چاپەمەنی و راگەیاندنیش گرنگە. ئەگەر میدیا راستییەکان بەخەڵکی بڵێت وەڵاهی وەبیلاهی وەتەڵلاهی گەلی تورک هەست بەبەرپرسیارێتی دەکات. ئەوکات دەڵێت"ئەو شتانە بۆچی روودەدەن". چوارجار پرسیار لەو دایکانە کرا کە بۆچی کوڕەکانیان لەسەربازیدا گیانیان لەدەستداوە. ئەوانیش گوتیان بۆچی منداڵەکانمان دەمرن؟ بەڵام بەخێرایی لەدژی ئەو پرسیارە وەستانەوە. بەڵام بەداخەوە لێرە میدیایەک هەیە کە پێشەنگایەتی ئازارەکان دەکات و ئازارەکان تێکەڵ دەکات (راستییەکان بەگەل ناڵێت).



وارڤین: تا کودەتای ساڵی ١٩٨٠ لەتورکیا بزووتنەوەی چاپەمەنی بەهێز بوو. بەڵام پاش کودەتا ئەو کوردانەی کە بە"دواکەوتوو" دەژمێردران، پێشکەوتن و بوونە هێزی بەرهەڵستکاری سەرەکی. ئەوە چۆن بوو؟

رەیهان: هەموو دەوڵەتی کۆماری تورکیا باوکسالار و میلیتاریستە. کاتێک لەو بارودۆخەدا کودەتا روویدا کۆمەڵگا چووە ناو پێستی خۆی و سەری دانەواند. بەڵام لەناو کوردا تەڤگەری ئازادی و رۆشنبیری پێشکەوت. لێرە لەشارە کوردنشینەکان زوڵمزۆرێکی گەورە هەبوو، بەڵام مرۆڤەکان سەریان بەرز کردەوە سەریانهەڵدا. کورد مێژوویەکی لێوانلێو لەسەرهەڵدانی هەیە. لەبەر ئەوەی خەباتی کورد لەتێکۆشین بۆ ناسنامە تێپەڕیوو و بووە تێکۆشینێکی مرۆڤایەتی و هەموو چین و توێژەکانی لەخۆی دەگرت. بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵگای کورد لەناوخۆیدا گۆڕینێکی زۆر گەورەی دروست کرد. بۆ نموونە سەیری هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی پار بکەن. ژنانی کورد بوونە شارەدار. زۆربەی شارەدارەکانمان عەلەوین. ئەو گەلە قەرزداری ئەو رۆڵانەیەتی کە خەباتی چەکدارییان بەرەوپێش بردووە.



دیلان سەوڵەدار

www.peteve.com

## یەکەم دادوەری کچ لەسەر ئاستی عێراق:

# ئەفسەرەکان تەحیەیان بۆ نەکردم

هەولێر

ئەنجوومەنی دادوەران بڕیاریدا بۆ پڕکردنەوەی ئەو دادگایانەی کە دادوەریان کەمە ژمارەیەک دادوەر دابمەزرێنێت، بەوپێیەش ۲۰۰ کەس ناوی خۆیان بۆ ئەو پرسە تۆمار کرد کە لەو ژمارەیە تەنیا ۱۱یان ژن بوون. لەئەنجامدا تەنیا دوو ژن توانییان لەتاقیکردنەوەکاندا دەربچن. لەلایەکی دیکەوە، گوتەبێژی ئەنجوومەنی دادوەری کوردستان کەمی ڕێژەی ژن لەوبوارەدا بۆ نائامادەییان دەگەڕێنێتەوە.

بەمەبەستی دامەزراندنی ژمارەیەک دادوەر بۆ ئەو ناوچانەی کە بێ دادوەرن ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان، ئاگادارییەکی لەدەزگا ڕاگەیاندنەکان بڵاوکردەوە کە کۆمەڵێک مەرجی لەخۆی دەگرت. هەندێک لەمەرجەکان بریتیبوون لەوەی کە دەبێ تەمەنیان، لە۳۰ تا ٥٠ ساڵ بێت و ماوەی ۱۰ساڵ خزمەتی کارکردنیشیان هەبێت. تاقیکردنەوەکان نووسین و گوتەو ئینتەرڤیوی لەخۆگرتبوو. لەکۆی ئەو ۱۱ ژنەی کە لەتاقیکردنەوەکاندا بەشداربوون دووانیان توانییان تاقیکردنەوەکە بەسەرکەوتوویی ببڕن و ببنە دادوەر.

نیگار ئەحمەد، یەکێک لەو دادوەرانەیە کە لەمانگی ۱ی ئەمساڵدا، بەپلەی دادوەر دامەزرا. نیگار، دەرچووی کۆلێژی یاسای زانکۆی سەلاحەددینەو ماوەی ۱۳ ساڵە کار دەکات. ئێستا لەشارۆچکەی خەبات دادوەرە. وەک باسیدەکات، هۆکاری کەمی ڕێژەی ژن لەبواری قەزا بۆ نائامادەیی خودی ژن دەگەڕێنێتەوە"لەکۆی ئەو ۲۰۰ کەسەی کە پێشنیاری بوونە دادوەرییان کرد، تەنیا ۱۱یان ژن بوون، ئەمەش ڕێژەیەکی زۆرکەمە". لەوبارەیەوە گوتەبێژی ئەنجوومەنی دادوەری دادوەر عەبدولباسات فەرهادی، دەڵێت:"دوای بڵاوکردنەوەی ئاگادارییەکە لەکۆی زیاتر لە ۲۰۰ کەس تەنیا ۱۱ ئافرەت پێشنیارییان کرد. لەوانەش، چوار ئافرەت لەتاقیکردنەوەی نووسین دەرچوون و لەتاقیکردنەوەی کۆتاییشدا دوو ئافرەت دەرچوون". لەلایەکی دیکەوە جێگری سەرۆکی یەکێتی دادوەران، محەمەد سلیڤانی پێیوایە کە دادوەری، پێویستی بەتواناو کاری جیددییە، بۆیە ناکرێت بەسیستەمی کۆتا ژن لەبواری قەزادا دابنرێت"بۆ لێهاتوویی کەسەکان دەگەڕێتەوە، دەتوانن ڕێژەیان لەپیاوان زیاتر بێت و دەشتوانن کەمتر بێت".

### یەکەمین دادوەری کچ لەعێراق

پەژار عەبدوڵڵا، یەکێک لەو دوو ئافرەتەیە کە بەسەرکەوتوویی قۆناغی تاقیکردنەوەکانیان بڕیوە. پەژار، یەکەمین کچە لەسەر ئاستی عێراقدا ببێتە دادوەر. پێشتر یەکێک لەمەرجەکانی دادوەری بۆ ژن ئەوە بوو کە دەبوایە کەسەکە هاوسەرگیری



نیگار ئەحمەد

کردبێت. پەژار، لەوبارەیەوە گوتی:"باوەڕم بەو قسانە نییە کە بۆ سەرکەوتن لەکارەکانم پێویستم بەپیاو بێت. ئەگەر هاوسەرم هەبێت کاریگەری دەرچوونم لە تاقیکردنەوە چییە؟". پەژار، شانازی بەوەدەکات کە یەکەمین کچە لەعێراقدا توانیویەتی ببێتە دادوەر. ئەو ئێستا دادوەری شەقڵاوەیە کە چەندین کۆمەڵگەو سنووری بەسەرەوەیەو زۆرێکیش لەو ناوچانە"عەشایەرین و کێشەیان زۆرە".

### سۆز لەسەر بڕیارەکانم زاڵ نابێت

هەندێکجار دەگوترێت، ژن ناتوانێت کاری دادوەری بکات، چونکە بڕیاردانی تێدایە، نیگار ئەحمەد، کە لەدادگای بەرایی، تاوان و لێکۆڵینەوە لەتاوانەکانی کوشتن و ماوەیەکیش لەبنکەکان وەک بنکەی نەخۆشخانەی فریاکەوتن کاری کردووە،

گوتی:"لەهەموو دادگاکانی هەولێردا کارم کردووە. هیچ کاتێکیش سۆز لەسەر بڕیارەکانم زاڵ نەبووە". نیگار، ئەوە بەبیانوو و بچووککردنەوەی ڕۆڵی ژن دەزانێت و دەڵێت:"پیاویش هەست و سۆزی هەیە". پەژاریش، پێیوانییە کە ژن بەهۆی هەست و سـۆزەوە نەتوانێت ببێتە دادوەر"منیش وەک هەموو مرۆڤێک هەستم هەیە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە لەتاوانباران ببوورم. من بەپێی ئەو دەقە یاساییە بڕیاردەدەم کە هەمان دەقیش لەبەردەم دادوەرێکی پیاودایە".

## ژنان روو لە داواکاری گشتی دەکەن

عەبدولباست فەرهادی، لەوبارەیەوە دەڵێت کە زۆربـەی ئافرەتانی بـواری قەزا پێشنیار دەکەن لەبەشی داواکـاری گشتیدا کاربکەن. فەرهادی، ئەو پرسە بۆ ئاسانی کـاری داواکـاری گشتی و کەمی بەرپرسیارێتی دەگەڕێنێتەوە"کاری دادوەری بڕیاردان و بەدواداچوونی داواو دەوامی فەرمیشی تێدایە. بۆیە ژنان زیاتر هەوڵدەدەن روو لەداواکاری گشتی بکەن". لەلایەکی دیکەوە دادوەر نیگار ئەحمەد، پێیوایە، ژنان خۆیان کەمتەرخەمن و حەزیان لەشوێنێک نییە کەکاری سەخت و سەرقاڵی زۆری تێدا بێت. بەقسەی نیگار، لەکۆی ١٦٤ کەس کە بۆ بەشی داواکاری گشتی پێشنیاریان کردووە، ژمارەیەکی زۆریان ژنن و لەبەر ئاسانبوونی کار هەموویان روو لەوێ دەکەن. "ئەوان دەڵێن، هەمان مووچەی دادوەرەو کارەکەشی ئاسانترە".

## لەگەڵ دادوەری ئافرەت رانەهاتوون

بـەڕای نیگار، تائێستا کۆمەڵگای کوردستان، نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە ژن وەک خۆی قبووڵ بکات و پێیوایە ناتوانێت لەهەموو بوارەکاندا کار بکات."کاتێک دەچـم بۆ دەوام، بەجۆرێک سەیرم دەکـەن کە لایان نامۆیە ئافرەت دادوەر بێت". پەژاریش دەڵێت کە پێیانگووتووە، حیسابی پیاوت بۆ دەکەین، بەڵام ئەو گوتوویەتی"نا من کچێکی لێهاتووم، پیاو نیم". پەژار، نایشارێتەوە، کە لەیەکەم ڕۆژی دەوامیدا لەشەقڵاوە پۆلیس و زابتەکان تەحیەیان بۆ نـەکـردووەو ئەویش ئـەو جیاکارییەی پێ ناخۆشە. بـەڵام دادوەر نیگار، لەگەڵ ئـەوەی کە شارۆچکەی خەبات بەناوچەیەکی"عەشایەرنشین" وەسف دەکرێت، ئەو گرفتەی نەبووەو تەحیەی بۆ کراوە.

## یاسای باری کەسی بەئەرێنی دەزانن

هەردوو دادوەری ژن لەمەڕ هەموارکردنی یاساکان لەکوردستان و بەتایبەتیش یاسای باری کەسی، بەخاڵێکی ئەرێنی لەقەڵەم دەدەن. وەک نیگار ئەحمەد، دەیخاتەڕوو کە هەندێ مەرجی باش لەهەموارکردنەکەدا دانـراون کە فرەژنییان زۆر سنوردار کـردووە" هەموو پیاوێک مافی خۆیەتی ببێت بەباوک، ئەگەر ژنەکە منداڵی نەبوو، پیاوەکە مافی خۆیەتی ژنی دووەم بهێنێت. یاخود ئەگەر ژنەکە نەخۆشییەکی هەبوو و نەیتوانی ئەرکەکانی ژن ومێردی جێبەجێبکات. مەرجێکی زۆر گرنگ ئەوەیە کە پیاوەکە ناتوانێت بەبێ ڕەزامەندی ژنەکەی ژنی دووەم بهێنێت. جـاران پیاو ژنی دووەمی دەهێناو ژنەکەی هەر ئاگاشی لێنەبوو بەڵام ئێستا ئەوە نەماوە". پەژار، هەموارکردنی یاسای فرەژنی بەباش دەزانێت"هەرکچێک هاوسەرگیری کرد، مافی خۆیەتی بەپێی ئاستی دارایی پیاوەکە داوای ماڵ بکات. دەشتوانێت ئەگەر زانی لەگەڵ پیاوەکەیدا ناتوانێت بژێت، داوای خولع، بکات".

> تـائـێـسـتـا کـۆمـەڵـگـای کـوردسـتـان، نەگەیشتووەتە ئـەو ئـاستـەی کـە ژن وەک خـۆی قـبـووڵ بکات و پێیوایە نـاتـوانـێـت لـەهـەمـوو بـوارەکـانـدا کار بکات.



پەژار عەبدوڵڵا

## سەرکەوتوو دەبن

پێشتر ژمـارەیـەک دادوەری ژن لەسەر ئاستی عێراق وەک دادوەر دامەزرێندران، بەڵام زۆربەیان لەراپەڕاندنی کارەکانیاندا سەرکەوتوو نەبوون، بۆیە بەویستی خۆیان وازیان لەکار هێنا. عەبدولباست فەرهادی، لەوبارەیەوە دەڵێت: لەبەغدا هەندێ ئافرەتی دەرچووی پەیمانگەی دادوەرییان بەدادوەر دامەزراند، بەڵام تەنیا سێ یان چوار ئافرەتیان توانییان بەردەوام بن دواتر هەندێکیان بەداواکاری خۆیان وازیان هێناو هەندێکیشیان چوونە بەشی داواکـاری گشتی. وەک دەبینن لەکوردستانیش ژمارەیەکی بەرچاو ئافرەت، لـەداواکـاری گشتی هـەن". هاوکات فەرهادی لەبارەی سەرکەوتنی دادوەران پەژار و نیگارەوە گوتی:"بەپێچەوانەوەی ئەوانەی بەغدا دەڵێم، ئەم دوو ئافرەتە سەرکەوتوو دەبن".



بەهرە حەمەڕەش



www.netewe.com

# MODA



## نوێترین مۆدەی کراسی بووک

یەکێک لەو خەونانەی کە بەلای کچانەوە زۆر گرنگ و تایبەتمەندە، بریتییە لەرۆژی بووکێنی. بۆیە بەشی هەرە زۆریان گرنگییەکی زۆر بەجلی بووکێنی دەدەن و دەیانەوێت بەجوانترین شێوە دەرکەون. جوانی کراسی بووک لەهەبوونی چەند نەخشێکدایە لەناو کراسەدا کە مۆدەیەکی باوە. ئەمساڵ نوێترین مۆدێلی کراسی بووکێنی کراسێکی بێ قۆڵ و سنگ کراوەیە لەگەڵ تارایەکی درێژ، ئەمەش وادەکات بووکێ بەجوانترین و سەرنجڕاکێشترین شێوە دەرکەوێت.

## مۆدەی جانتا



پێویستە جۆری جانتاکان بەپێی جۆری کاری خانمان بگۆڕدرێت، بۆنموونە، هەندێکەس بۆ پاراستنی کەرەستەکانیان پێویستیان بەجانتای گەورەیە. بەگشتی دەبێ زۆربەی جانتاکان و بەتایبەتیش جانتای دەستی لەگەڵ ئێکسسوارە سەرەکییەکاندا بگونجێت. تازەترین جانتای دەستی، ئەوەیە کە لەگەڵ جۆری رەنگی جلووبەرگ و رەنگی مکیاژکردندا بگونجێت. ئەوەش جوانی زیاتر بەجەستە دەبەخشێت. بۆ ئەم وەرزە رەنگی رەساسی و قاوەیی باوترین رەنگی جانتایە.



www.netewe.com

# نوێترین مۆدەی جلووبەرگی ئەمساڵ



لەگەڵ گۆڕانی وەرزێک و هاتنی وەرزی نوێدا. شێوازی جلووبەرگیش دەگۆڕێت و ژنیش هەمیشە پێیخۆشە بە نوێترین مۆدەی جلووبەرگەوە دەرکەوێت.

بۆ وەرزی زستانی ئەمساڵ، تەنوورەی کورت و پانتۆڵ وبلوس لەگەڵ چاکەت، نوێترین مۆدەی جلپۆشینی خانمانە. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ گرنگی بەچۆنیەتی پۆشین و قەبارەی لەشوولار و پێڵاو و جانتا بدرێت. نوێترین مۆدەی رەنگ، پانتۆڵی نیلی یان رەش و چاکەتی رەش یان چاکەتی کابۆی شینی کاڵە لەگەڵ بلوزی رەش، بۆ هەموو تەمەنەکانی ژن دەگونجێت. جوانترە تەنوورەی کورت سادە یاخود پلێس بێت و رەنگی خاکی لەگەڵ بلوسی پیرۆزەیی کە جوانییەکی تایبەت لەم وەرزەدا بەخانمان دەبەخشێت.

# مۆدەی پێڵاو

پێڵاو، رۆڵێکی گرنگی لە شیک دەرکەوتنی لەشوولاری خانماندا هەیە. بەپێی وەرزەکانی ساڵ جۆر و رەنگی پێڵاو دەگۆڕدرێت. بۆیە پێویستە لەگەڵ جۆر و رەنگی جلووبەرگ و جانتاکاندا بگونجێت. بۆ ئەم وەرزە باوترین جۆری پێڵاو، پاژنە بەرزە هەروەها رەنگی قاوەیی و رەساسی و شین و رەش باوترینی رەنگەکانن. ئەم جۆرە رەنگانە جوانییەکی تایبەت دەدەنە خانمان.





www.netewe.com



# پاڵەوانیەتی کراوەی ئوسترالیا له یاریی تێنس دەستپێکرد

لە یاریگەکانی مێلبۆرن لە ئوستڕالیا، یارییەکانی پاڵەوانیەتی کراوەی ئوستڕالیا لە یاریی تێنس دەستپێکرد، کە یەکێکە لە چوار پاڵەوانیەتییە گەورەکەی یاریی تێنس لە جیهان، کە بە ”گراند سلام“ ناسراون.

ئەو پاڵەوانیەتییە لە ئاستی کوڕان و کچاندا ئەنجام دەدرێت. لە ئاستی کچاندا ئەم جارە رکابەرییەکی بەهێز لە نێوان چەند کچەپاڵەوانێکی ئەو یارییەدا هەیە، لەوانەیش ” دینارا سافینا، سیرینا و ڤینۆس ویلیامز، کیم کلایستەرز و ماریا کریلینکۆ و سڤتلانا کۆزینتزۆڤا و چەندینی دیکە.

کچە یاریزانی رووسی ”ماریا کریلینکۆ“

# کاتی ئەوە هاتووە لە ئاستی یانەکان پاڵەوانیەتی ساز بکرێت

# سەلام حوسێن: ئەمساڵیش پاڵەوانیەتی فوتساڵی کچان ڕێک دەخەین

هەولێر

سکرتێری یەکێتی تۆپی پێی کوردستان ئاشکرای کرد ئەمساڵیش پاڵەوانیەتیی یاریی فوتساڵ بۆ کچانی شارەکانی کوردستان ڕێک دەخەن.

سەلام حوسێن لە لێدوانێکی تایبەتدا بە "وارڤین"ـی ڕاگەیاند کە لە پرۆگرامی ئەمساڵی یەکێتییەکەیاندا هەیە پاڵەوانیەتیی یاریی فوتساڵ (تۆپی پێی نێو هۆڵە داخراوەکان) بۆ کچانی شارەکانی کوردستان ئەنجام بدەن".

ئەو لەم بارەیەوە گوتی: "پارساڵ لە شاری دهۆک پاڵەوانیەتییەکمان بۆ تیپی فوتساڵی هەڵبژاردەی هەر چوار شارەکەی کوردستان (هەولێر، سلێمانی، دهۆک و کەرکووک) لە شاری دهۆک ڕێک خست، ئەمساڵیش لە وەرزی هاویندا لە پرۆگراممانداا هەیە هەمان پاڵەوانیەتیی ساز بکەینەوە و نەخشەشمان بۆ ئەوە کێشاوە، کە ساڵانە ئەو پاڵەوانیەتییە ساز بکەین".

لە پاڵەوانیەتییەکەی پارساڵدا هەڵبژاردەی فوتساڵی هەولێر نازناوەکەی بردەوە.

لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی کە ئایە کاتی ئەوە نەهاتووە پاڵەوانیەتییەکی سەرتاسەری لە سەر ئاستی یانەکانی کوردستان بۆ فوتساڵی کچان ڕێک بخرێت، سەلام حوسێن گوتی: "بە دڵنیاییەوە کاتی هاتووە و زۆر پێویستیشە، چونکە تۆپی پێی کچانیش بەرەو فراوانی دەچێت، بەڵام ئێمە وەکو یەکێتی تۆپی پێی کوردستان نامانەوێت کاری کەسی دیکە بکەین، بە هۆی ئەوەی ئێستا نووسینگەی وەرزشی ئافرەتان لە لیژنەی ئۆلەمپیی هەرێمی کوردستاندا هەیە و بە بڕوای من ئەوە کاری ئەوانە کە پاڵەوانیەتییەکی لەو جۆرە ئەنجام بدەن و ئاستی وەرزشی ئافرەتان زیاتر بەرەو پێشەوە ببەن".

جێگەی باسە یاریی فوتساڵ ئێستا لە کوردستاندا لەلایەن وەرزشوانانی کچەوە بە شێوەیەکی فراوان ئەنجام دەدرێت و لە ئاستی قوتابخانەکاندا پاڵەوانیەتیی زۆری بۆ ڕێک دەخرێت، بە تایبەتیش لە سنووری پارێزگای سلێمانیدا.



سەلام حوسێن






www.netewe.com



تیپی فوتساڵی کچانی ڕانیه



تیپی فوتساڵی کچانی حاجیاوە

# پاڵەوانیەتی فوتساڵی کچانی بیتوێن گەیشتە قۆناغی کۆتایی

دەڤەری بیتوێن

ئەو پاڵەوانیەتییەی یاریی فوتساڵی کچان، کە لە دەڤەری بیتوێن و پشدەردا ڕێک خرابوو، گەییشتە قۆناغی کۆتایی و یارییەکانی تا ئێستا بە شێوەیەکی سەرکەوتوو بەڕێوە چووە.

نوێنەرایەتیی بیتوێنی لیژنەی ئۆڵمپیی کوردستان لە ماوەی ڕابردوودا پاڵەوانیەتییەکی یاریی فوتساڵی بۆ تیپی کچانی ٧ یانەی سنووری خۆی ئەنجام دا، ئێستایش پاڵەوانیەتییەکە گەیشتۆتە قۆناغی کۆتایی و سێ تیپ بۆ بردنەوەی نازناوەکە ململانێ دەکەن.

تیپی کچانی یانەی ڕانیە گەیشتۆتە یاریی کۆتایی، هەردوو تیپی کچانی یانەکانی حاجیاوا و دووکانیش لە یاریی پێشکۆتاییدا بەیەک دەگەن، براوەیان دەچێتە یاریی کۆتایی، بۆ ئەوەی بەرامبەر کچانی رانیە یاری بکەن.

لە پاڵەوانیەتییەکەدا تیپی کچانی یانەکانی (رانیە، حاجیاوا، دووکان، پیرەمەگروون، تەقتەق، چوارقوڕنە و قەڵادزێ) بەشدارییان کردبوو، یارییەکانیش هەفتانە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بەڕێوە دەچوو.

سەبارەت بە یارییەکانی پێشکۆتایی و کۆتایی پاڵەوانیەتییەکە، عەبدولڕەحمان ئەحمەد سەرپەرشتیاری تیپی قەڵادزێ بە وارڤینی ڕاگەیاند کە هێشتا وادەی ئەو یارییانە بە شێوەیەکی دیاریکراو دیاریی نەکراوە، بەڵام پێشبینی دەکرێت لە هەفتەی داهاتوودا بێت.

یاریی فوتساڵ (تۆپی پێی نێو هۆڵە داخراوەکان) کە هەر تیپێک ٥ تا ٦ یاریزان یاریی تێدا دەکات، لە ئاستی کچاندا لە دەڤەری پشدەر و بیتوێن لە ئاستێکی بەرزدایە و زۆربەی یانەکانی ئەو سنوورە تیپی کچانی ئەو یارییەیان هەیە، پارساڵیش پاڵەوانیەتییەک لە قەڵادزێ ئەنجام درا، ١٢ یانە بەشدارییان تێدا کرد.

## خێزانەکەی هەموویان یاریی باسکە دەکەن...

## یاریزانی باسکەی هەڵبژاردەی عێراق و یانەی سەنحاریب (ئیڤۆن داوود):

# هیوادارم هەڵبژاردەیەکی بەهێزی باسکە بۆ کچان دابمەزرێت

هەولێر

بەم دواییە لە هۆڵی یانەی وەرزشی ئەکاد لە هەولێر پاڵەوانیەتیی باسکەی یانەکانی کوردستان بەڕێوە چوو، کە تێیدا یانەی وەرزشی ئەکاد پلەی یەکەمی بەدەستهێنا و یانەی وەرزشیی سەنحارییش پلەی دووەمی بەرکەوت. دوای تەواوبوونی پاڵەوانیەکە لە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کچە یاریزانی باسکەی یانەی سەنحاریبی شاری دهۆک و هەڵبژاردەی عێراق (ئیڤۆن داوود) کرد، کە زیاتر سەبارەت بە چۆنیەتیی ئاشنابوونی ئەو کچە یاریزانە بوو بە یاریی باسکە و ئەودەستکەوتە گرنگانەی کە بەدەستیان هێناوە...

* ئاشنابوونتان بە یاریی باسکە کەی بوو؟

-لە ڕاستیدا ئێمە هەر هەموومان وەرزش دۆستین وهەر هەموو خانەوادەکەمان وەرزش ئەنجام دەدەین و ئارەزووی وەرزشکردنمان هەیە، سەرەڕای ئەمەش، ئێمە چوار خوشک وبرایەکین و هەموومان یاریی باسکە ئەنجام دەدەین، جگە لە ئێمەش براکەم ئێستا ڕاهێنەری تیپی باسکەی یانەکەمانە و بۆ چەندین ساڵیش یاریزانی باسکەی یانەی سەنحاریب بوو و هەڵبژاردەی عێراق بووە.

*کچان هەندێکیان زیاتر لە یارییەکی وەرزشیی دەکەن، تۆ جگە لە یاریی باسکە هیچ یارییەکی دی ئەنجام دەدەیت؟

- بەڵێ یارییەکانی تۆپی دەست و بالە و گۆرەپان ومەیدانیش ئەنجام دەدەم و بە ئاستێکی بەرزیش یاری دەکەم.

* جگە لە خۆت، بە ڕای تۆ کێ باشترین یاریزانی باسکەیە لە یانەکەتاندا؟

- جگە لە خۆم، ٣ خوشکی یاریزانم لە ڕیزی هەڵبژاردەی عێراق یاری دەکەن، هەندێک یاریزانی دیکە هەن لە یانەکانی دی، کە بە باشترینەکانی یاریی باسکە دەژمێردرێن، ئەوانیش هەریەکە لە "سلڤانا نەجیب، ڕەنا عەبدولئەحەد، نەدا گۆرگیس و لینا گورگیس لە یانەی ئەکاد و "دینا نەجات و داليا عومەر" لە یانەی سلێمانی.



(ئیڤۆن داوود)

*ئەی ئەو دەستکەوتە گرنگانەی کە بەدەستتان هێناوە، کامانەن ؟

- دەستکەوتی وەرزشیمان لە یاریی باسکەدا گەلێک زۆرە، بەڵام ئەوەی من لە یادم بێت، لە ساڵانی ٢٠٠٨و٢٠٠٩ لە ئاستی عێراق و کوردستان پلەی یەکەممان بەدەست هێناوە و لە (٢٠٠٢ ) تا کۆتایی (٢٠٠٧ ) ٣ جار پلەی دووەممان بەدەست هێناوە، جگە لەم دەستکەوتانەیش ئەمساڵ لە سەر ئاستی کوردستان پلەی دووەممان بەدەست هێنا.

* پێت وایە تا چەند بایەخ و گرنگی بە یاریی باسکە دەدرێت لە کوردستاندا ؟

- ناتوانم بڵێم لە کوردستاندا یاریی باسکە بایەخ و گرنگی پێ نادرێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی ڕابردوودا جیاوازییەکی زۆری هەیە لە هەموو ڕوویێکەوە، بەڵام دەبێت بەرپرسانی ئێمە بیر لەوە بکەنەوە کە قوتابخانەیەکی باسکە لە تەمەنی ٨ ساڵییەوە تا١٢ ساڵی دابمەزرێنن لە هاوشێوەی قوتابخانەی تۆپی پێ، کە ئێستا لە کوردستاندا دامەزراوە و چەندین ڕاهێنەری خاوەن ئەزموونیان هێناوە بۆ مەشق و ڕاهێنانی ئەو یاریزانانە، بۆیە هیواشم زۆرە ئەگەر قوتابخانەیەکی لە هاوشێوەی تۆپی پێ بۆ یاریی باسکە دروست بکەن، ئەوا لەو بڕوایەدام کە چاکترین و باشترین یاریزان لەو قوتابخانەیەدا بۆ دواڕۆژ دروست دەبن.

* داواکارییت چییە؟

- داواکارم لە یەکێتی ناوەندیی باسکەی کوردستان کە زوو زوو خول و پاڵەوانیەتیی بۆ یانەکان ئەنجام بدات، ئەگەر بکرێ ڕاهێنەران و ناوبژیوانان ڕەوانەی دەرەوەی وڵات بکەن بە مەبەستی بەشداریکردنیان لە خولی جۆراوجۆر، بۆ ئەوەی لە شتە هەنووکەییەکان و یاساکانی یاریی باسکە بزانن و یاخود بە پێچەوانەوە ڕاهێنەرانی خاوەن ئەزموون لە وڵاتە پێشکەوتووەکان بهێننە کوردستان بۆ کردنەوەی خولی جۆراوجۆری تایبەت بۆ پێشخستنی ئەو یارییە.

* چیتر هەیە باسی بکەی؟

- سوپاسی دەستەی کارگێڕیی یانەکەم دەکەم، کە بە بەردەوامی هاوکاریی ئێمە دەکەن و هەموو پێداویستییەکانمان بۆ دابین دەکەن، هەروەها هیواداریشم لە کوردستاندا هەڵبژاردەیەکی بەهێزی یاریی باسکە بۆ کچان دابمەزرێت.

دەبێت بەرپرسانی ئێمە بیر لەوە بکەنەوە کە قوتابخانەیەکی باسکە لە تەمەنی ٨ ساڵییەوە تا١٢ ساڵی دابمەزرێنن لە هاوشێوەی قوتابخانەی تۆپی پێ

www.netewe.com



www.manewe.com

VITAMIN k

# نهێنییەکانی ڤیتامین k لە کۆرپەی ساوادا

ڤیتامین ( k ) بەرپرسە لەپێکهێنانی پرۆتینی هاوبەش کە لەخوێن مەییندا یارمەتی سارێژ بوونی برین دەدات.

ڤیتامین ( k ) بەفراوانی لەتەڕەو سەوزەو ڕۆنی رووەکیدا هەیە. بەشێوەیەکی کەمیش لە گۆشت و بەرووبومی شیرو سپیاییدا دەست دەکەوێت. ئەوەی جێی سەرسوڕمانە بەکتریایەک لەریخۆڵەدا هەیە ڤیتامین ( k ) بەشێوەیەکی ئاسایی بەرهەمدەهێنێت، بۆیە بەتەمەنەکان تووشی کەمی ڤیتامین ( k ) نابن.

## هۆکارەکانی کەمبوونی ڤیتامین

ئاستی ڤیتامین ( k ) لەکۆرپەو منداڵی ساوادا زۆر لاوازە، چونکە ریخۆڵەی منداڵی ساوا توانای بەرهەمهێنانی ڤیتامین ( k )ی نییە. ئەگەر دایک لەکاتی سکپڕیدا بڕێکی باش لەو ڤیتامینەی نەخواردبێت و لەرێگەی ویلاش نەگاتە کۆرپەو بەئاستێکی بەرز کۆنەبێتەوە، ئەو کۆرپەیە کە لەدایک دەبێت، ڤیتامین ( k ) لە لەشیدا کەم دەبێ و ئەگەری تووشبوون بەخوێنبەربوونی هەیە.

## خوێنبەربوون بەهۆی ڤیتامین ( k ) چییە؟

ئەمە حاڵەتێکی دەگمەنە دەبێتە هۆی خوێنبەربوونی لوت و دەم یان مێشک. ٣ جۆر خوێنبەربوون هەیە:

جۆری یەکەم: خوێنبەربوونی دەگمەن، دوای تێپەربوونی ٢٤ کاتژمێر بەسەر لەدایکبووندا رووودەدات، هۆیەکەی کەمی لەرادەبەدەری ڤیتامین k یە لەکاتی سووڕی سکپڕی دایکدا.

جۆری دووەم: کلاسیکی، ئەمەیان زۆر بڵاوەو لەماوەی دوو رۆژ تا هەفتەیەک دوای لەدایکبوون رووودەدات. بەتایبەت لەو منداڵانەدا کە شیری دایکیان ڤیتامین k.ی کەمە.

جۆری سێیەم، دوای دوو هەفتەی پاش لەدایکبوون رووودەدات، زیاتر لەو منداڵانەی کە تووشی نەخۆشی (بە ریشاڵبوونی کیس) هاتوون کە نەخۆشیەکی بۆماوەییە. جۆری سێهەم هەروەها لەهەوکردنی جگەر و سکچوونی بەردەوام و حاڵەتبتر کە کاریگەری لەسەر مژینی خۆراک هەبێ، بەدیار دەکەوێت.

## ئایا پێویستە لەتەندروستی منداڵەکانمان بترسین؟

خۆشبەختانە جۆری یەکەم زۆر دەگمەنەو لەهەر ١٠ هەزار منداڵ، منداڵێک دەیگرێ. پێویستە ئەوەش بزانرێت کە بەشی لەدایکبوون لەنەخۆشخانەکانی لەدایکبوون، بۆ کەمکردنەوەی ئەم حاڵەتە، ڤیتامین k بەمنداڵی تازە لەدایکبوو دەدەن. زیاتر لەنێوان ئەو منداڵانەی کە بەناکاملی لەدایکدەبن و ئەو منداڵانەی دایکەکەیان دەرمانی پەرکەم بەکاردەهێنن. زۆرجار نیشانەی دیار لەسەر ئەو پەشێوییە بەدیاردەکەوێ وەک خوێنبەربوونی دەم و لوت بەشێوەیەکی سادە، یان خوێنبەربوون لەژێر پێست لەخۆوە. ئەگەر حاڵەتەکە بەدیارنەکەوێت، بارەکە ناهەموارتر دەبێ و رەنگە خوێنبەربوونی مێشک رووبدات و ببێتە هۆی مردن.

## چۆن ڤیتامین k دەدرێتە منداڵی ساوا؟

ڤیتامین k لەچەند کاتژمێری یەکەمی لەدایکبووندا، لەنەخۆشخانە لەرێگەی دەم یان لەرێگەی دەرزی بەمنداڵ دەدرێت.

ئا: خەتاب رەسول حەمەد

# هیستریا

هەولێر

بەپێی قسەی پسپۆڕانی دەروونی نەخۆشی هیستریا، یەکێک لەنەخۆشییە دیارەکانی کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکانەو بەهۆی باروودۆخی ناجێگیری ژنان لەم وڵاتانەدا، رێژەی تووشبوونیان، دووبەرامبەری رێژەی پیاوانە.

## هیستریا چییە؟

هیستریا، نەخۆشییەکی دەروونییە. زیاتر تووشی ئەو کەسانە دەبێت کە بۆ ماوەیەکی دوور ئارەزووییەکیان هەبێت و پێی نەگەن. کەسەکە چەند نیشانەیەکی نەخۆشی لێ بەدیاردەکەوێت، بەبێ ئەوەی هەستی پێبکات. ژنان، زیاتر تووشی ئەم نەخۆشییە دەبن. بۆیە سەروەختێک بەو نەخۆشییە دەگوترا نەخۆشی ژنان. لەکۆندا وا باو بووە کە هیستریا، نەخۆشی ژنانەیەو تەنیا ژن تووشی دەبێت. لەچینی هەرزەکاران و گەنجان، رێژەیەکی زۆر تووشی هیستریا دەبن، بەڵام هەمیشە رێژەی تووشبوونی ژنان دوو بەرامبەری پیاوەو لەکۆمەڵگا رۆژهەڵاتییەکاندا ئەم نەخۆشییە بەربڵاوترە. ئەگەرچی کەسی تووشبوو زوو چاک دەبێتەوە، بەڵام ئەگەری دووبارە تووشبوونەوەی هەیە.

## مێژووی دەرکەوتنی

هیستریا، بە کۆنترین و سەرسوڕهێنەرترین نەخۆشی دادەنرێت. یۆنانییە کۆنەکان ناوی (هیستریا)یان لەم نەخۆشییە ناوە. کە ئەم ناوە لەوشەی (هسترا- hystra) واتا منداڵدانی ژن وەرگیراوە. هۆی ئەم ناونانەش ئەوە بووە کە پێیانوابووە هۆکاری تووشبوونی وەرگەڕان و هەڵخزانی منداڵدانی ژنە. ئەوان بڕوایان وابووە کە ژنەکە دەبێت شووبکات و منداڵی ببێت، تا چاک ببێتەوە. بەڵام دوای لێکۆڵینەوە زانستییەکان، دەرکەوت کە ئەو بۆچوون و چارەسەرە بۆ نەخۆشی هیستریا لەراستییەوە بەدوورە. چونکە کۆمەڵێک هۆکاری دەروونی و کۆمەڵایەتی هەن کە دەبنە هۆکاری تووشبوون بەم نەخۆشییە. تەنانەت دوای تێپەڕبوونی چاخەکانی یۆنان و رۆمانەکان، باوەڕ وابوو کە شەیتان چووەتە نێو لەشی ئەو ژنەی کە تووشی ئەو نەخۆشییە بووە. لەبەر ئەوە بەنوشتەو جادوو چارەسەری ئەم نەخۆشییەیان دەکرد. تاساڵی (١٨٩٥) کەس هەستی بەم نەخۆشییە نەکرد. ئەو رۆژەی کە زانای نەمساوی بەناوبانگ سێگموند فرۆید و هاوڕێیەکی کە ناوی برۆیەر بوو، بۆیان دەرکەوت کە هۆکاری تووشبوونی ئەم نەخۆشییە شڵەژانی باری دەروونییە. ئەوەشیان راگەیاند کە هیستریا، بەهۆی بەربەرەکانێی نێوان ئارەزووە کەسییەکان و ویستی مرۆڤەکانەوە روودەدات. هەروەها نەگەیشتن بەئارەزووەکان دەبێتە هۆی تووشبوون بە هیستریا، بۆیە ئەو ئارەزووانەش بەشێوەی نەخۆشی دەردەکەون، بەڵام لەشێوەیەکی شاراوەدا. بۆنموونە، دەڵێت چاوم هیچ نابینێت، کەچی لەراستیدا هیچ کێشەیەک لەچاویدا نییە. زانستی نوێ لەبارەی ئەم نەخۆشییەوە دەریخستووە کە منداڵدان هیچ پەیوەندییەکی بەم نەخۆشییەوە نییەو شووکردنیش بۆ ئەم نەخۆشییە چارەسەر نییە.

## نیشانەکانی

بەڕای پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونییەکان د. قادر ئومێد، بەهۆی ململانێی دەروونییەوە مرۆڤ لەناکاو تووشی نەخۆشی هیستریا دەبێت. لەکۆئەندامی دەروونی مرۆڤدا، میکانیزمە دەروونییە جیاجیاکان و نەستی



www.netewe.com

(لاشعور) وادەکەن تووشی هیستریا ببێت. نەمانی تەرکیز و ئارەقە کردن و شت لەبیر چوونەوەو سڕبوونی دەست یان قاچ و نەبینینی چاو لەنیشانە دیارەکانی ئەو نەخۆشییەن و لەکاتێکدا نەخۆش گرفتی لەو ئەندامانەیدا نییە، بەڵام واهەست دەکات کە ناتوانێ بڕوات یاخود دەستی کار ناکات. بۆنموونە، قوتابی لەکاتی وانە خوێندندا دەڵێت، کوێر یان کەڕ بووم. هەروەها تووشبوون بە گەشکە لەنیشانە دیارەکانی ئەم نەخۆشییەن.

## "لەشەشی ئامادەییدا تووشبووم"

خەندە زرار، تەمەنی ٣٧ ساڵەو دانیشتووی گەڕەکی ئازادیی هەولێرە. وەک خۆی باسی دەکات، لەقۆناغی شەشی ئامادەیی بەهۆی سەختی وانەکانەوە تووشی هیستریا بووە "جارێکیان هەستم کرد کە تووشی نەخۆشی هیستریا بووم، ئەو کات بیرم لەوە دەکردەوە کەواز لەقوتابخانە بهێنم، بۆیە بەهۆی نەخۆشییەوە بڕیارمدا کە بۆ قوتابخانە نەچم. سەرەتا بەئەنقەست وامگووت، بەڵام دوایی سەیرم کرد بەڕاستی نەخۆشم و هەستم بەبێهێزی کرد". خەندە، دوای چەند دانیشتنێک لەگەڵ پزیشکێکی پسپۆڕدا چاکبووەتەوە. ئامانج لەتیف، پیاوێکی تەمەن ٤٢ ساڵ و کاسبە. ئەو دانیشتووی گەڕەکی سەیداوەیەو کاتی خۆی ویستوویەتی بڵێت نەخۆشی لەقاچەکانمدا هەیەو بەوهۆیەوە نەچێتە سەربازییەوە "کاتێک سەیر دەکەم هەر بەڕاستی تووشی قاچ ئێشان بووم و نەمتوانی ماوەی سەربازییەکەم تەواو بکەم. چونکە سەربازی ناخۆشبوو. لەسەر ئەم بیرۆکەی کەوا قاچم ژان دەکات بەردەوام بووم و دواتر لەتاقیکردنەوەی پزیشکیدا دەرکەوت کە بەجدی نەخۆشی لەقاچەکانمدا هەیە".

## هۆکارەکانی

گومانی تێدا نییە کە هۆکارە دەروونییەکان و نارێکی باری دەروونی، بۆ تووشبوون بەم نەخۆشییە هۆکاری سەرەکییە. د. ئومێد جەخت لەوە دەکاتەوە کە یەکێک لەهۆکارە بەرچاوەکانی ئەوەیە کە نەخۆش، کێشەیەکی لاشعوری هەیەو ناتوانێت بەسەریدا زاڵ بێت. هەروەها تووشبوون بەخەمۆکی و ڕاڕایی هۆکارێکی تری تووشبوون بەم نەخۆشییەن. نەخۆش کێشەیەکی دەروونی هەیەو بەجەستە دەریدەبڕێت، کەچی لەڕاستیدا وانییە کێشەی نییە، چونکە ئەوە هەمیشە پاڵنەرێکی لاشعوری تووشی دەکات.

## تایبەتمەندییەکانی

ئەم پسپۆڕەی نەخۆشییە دەروونییەکان، ئاماژە بەتایبەتمەندییەکانی کەسی نەخۆش دەکات کە خۆپەرستی، حەزکردن بەخۆدەرخستن، شەرمکردن و حەزکردن بقسە، نەبوونی ئارامی و هەستکردن بە کەمی خۆشباوەڕی و پشتبەستن بەکەسانی تر لەخۆدەگرێت. چونکە مەبەستی سەرەکی تووش بوون بەم نەخۆشییە، خۆدەربازکردنە لەو بارودۆخە ترسناک و ناخۆشەی کە نەخۆش تووشی هاتووە. بۆنموونە، کاتێک سەرباز لەبەرەکانی شەڕ دەکەوێتە بەر هەڕەشەی کوشتن و خۆرادەستکردن یاخود ڕاکردن، لەئەنجامدا تووشی ئیفلیجی یان کوێری و کەڕی دەبێت. زۆرجاریش ئەم نەخۆشییە لەو ژنانەدا بەدیاردەکەوێت کە بەزۆر بەشوودراون.

## چارەسەرکردن

بەشێوەیەکی گشتی بۆ چارەسەرکردن، پێویستە لەگەڵ نەخۆشەکە دانیشتن بکرێت و هەوڵبدرێت هۆکاری تووشبوونەکەی بزانرێت. زۆرجار کەسەکە بەهۆی شکستهێنان لەپەیوەندی خۆشەویستییەوە تووشبووە. چارەسەری نەخۆش لەڕێگەی چارەسەری دەروونی و ڕێکخستنەوەو گونجاندنی ژینگەی دەوروبەر و بەکارهێنانی دەرمانی هێورکەرەوەو خەمڕەوێنەوە دەبێت. هەروەها نابێت ڕێگە بەنەخۆش بدرێت کە لەسەر ئەم حاڵەتەی بەردەوام بێت، چونکە ئەگەر ڕێگەی پێبدرێت ئەوا چاکبوونەوەی سەخت دەبێت. نابێت بەچاوی کەم لەو کەسانە بڕوانرێت. دەبێت لەکاتی سەردانی پزیشکدا تێبگەیەنرێت کە کێشەی دەروونی هەیەو کێشەی جەستەیی نییە. دەبێت دانیشتنی "جلساتی" سی بی تی، بۆ کەسی تووشبوو بکرێت، تا زوو چاکببێتەوە. هەروەها یارمەتی نەخۆش بدرێت بەوەی کە تەندروستی زۆرباشە.

شیلان یاسین




www.netewe.com

# لاوازی نەخۆشییە؟

هەولێر

پسپۆڕێکی نەخۆشییەکانی هەناو و دڵ، دوو ڕێگە بۆ چارەسەرکردنی ئەوکەسانەی کە لاوازن، دەخاتەڕوو کە بریتین لەڕێگەی سروشتی و ڕێگەی کیمیایی و هەروەها ڕێنماییەکانی ئەو دوو میتۆدە دەستنیشان دەکات.

## لاوازی یان کەمی کێش چییە؟

لاوازی، بریتییەلە: کەمی بارستایی مرۆڤ کە کێشی لەئاست تەمەن و بالای، کەمتر بێت. بەمەش کێشی لەپێویستی لەشی کەمتر دەبێت و لەشوولاری لاواز دەبێت.

## نیشانەکانی

پسپۆڕی نەخۆشییەکانی دڵ و هەناو د.یوسف بەهائەدین، دەڵێت، بۆ ئەوەی بزانرێت کە کەسێک کێشی کەمەو لاوازە، واتە کێشی بەقەد پێویستی لەشی نییە. دەبێت بەگوێرەی خشتەی تەندروستی، کێشی ئەو کەسە بزانرێت و بالای بەسم بپێورێت و تەمەنی دیاری بکرێت. هەرزەکار و مرۆڤی تـەواو پێگەیشتوو، بەگوێرەی تەمەنی، کێشێکی بۆ دانراوەو بەگوێرەی ئەو خشتەیە کێشێک دەستنیشانکراوە کە پێیدەڵێن بارستەی لەش. ئەگەر کێشەکەی بەگوێرەی خشتە تەندروستییەکە لەئاست بەرزی بالاو تەمەنی کەمتر بوو، ئەوا لەڕووی تەندروستییەوە بە لاواز دادەنرێت.

## لاوازی نەخۆشییە؟

لــەڕووی تــەنـدروسـتـیـیـەوە لەزانستی پزیشکیدا نەخۆشییەک هەیە بەناوی لاوازی، ئەگەر هاتوو کێشی لەشی مرۆڤ لەپێویستی خۆی کەمتر بوو، ئەوا بەلاواز دادەنرێت. لەهەمانکاتیشدا نەخۆشییەک هەیە بەپێچەوانەوە کە پێیدەڵێن قەڵەوی



و کێشی لەشی مرۆڤ لەخۆی زیاتر دەبێت و چەندین گرفتیتری بۆ دروست دەکات.

## ”هەست دەکەم درێژو ناشیرینم“

هێشو مستەفا، قوتابی بەشی زمانی ئینگلیزییە لە کۆلێژی ئـاداب. تەمەنی ٢٢ساڵەو کێشی لەشی ٤٤ کیلۆیە بالای ١٦٩ سانتیمە. هێشوو پێیوایە، ئەو لاوازییە گرفتی بۆدروستکردووە“زۆر لاوازم و بالأشم بـەرزە، هەمیشە هەستدەکەم ناشیرین دەردەکـــەوم“. هاوکات خەرمان، دایکی دوو منداڵەو تەمەنی ٣٠ ساڵە. بالای ١٦٠ سانتیم و کێشی ٤٨ کیلۆیە. لاوازییەکەی نیگەرانەی کردووەو دەڵێت:“ئەو لاوازییە زۆر ناشیرینی کردووم و لەخۆم بێزارم“.

## هۆکارەکانی

د.یوسف، کۆمەڵێک هۆکار دەستنیشان دەکات کە لەلاوازی لەشی مرۆڤدا ڕۆڵیان هەیە، وەک بوونی نەخۆشییەکی دیاریکراو کە دەبێتە هۆکاری کەمی کێشی مرۆڤ. ئەگەر باس لەو نەخۆشییانەش بکەین کە دەبنە هۆی کەمبوونی کێش، ئەوا بریتیین لەهەمووو ئەو نەخۆشییانەی کە (التهابات مزمن)ەیان هەیە. واتـە ماوەیەکی زۆر دەخایەنن، تا چاک دەبنەوە. وەک بوونی نەخۆشی سیل، هەوکردنی درێژخایەن لەڕیخۆڵە، یـان هەوکردنی جومگەکان بۆماوەیەکی درێژ. هەروەها بوونی نەخۆشی ڕەبوو کە لەمرۆڤی گـەورەدا زۆر بەتین دەبێت، بەجۆرێک کە نەخۆش پێویستی بەمانەوە لەنەخۆشخانەو وەرگرتنی دەرمان بۆ چارەسەرەیە، چونکە ئەو دەرمانە زۆرەی کە دەیخوات هۆکارێکە بۆ لاوازبوون



www.pdfarchive.com

و لەدەستدانی کێشی لـەش. هاوکات نەخۆشی شەکرە هۆکارە بۆ دابەزاندنی کێشی لـەش و نـەخـۆشـی دەردانـی هۆرمۆنەکان وەک زیاد دەردانی قورگەگلاند و هۆرمۆنی سایرۆکسین کە دەبنە هۆی کەمبوونەوەی کێشی لـەش. پێویستە بزانین کە نەخۆشییە دەروونییەکانیش، بۆ لەدەستدانی کێشی لەش هۆکاری سەرەکین و هۆکاری ژینگەیی و بۆماوەیش، رۆڵی سەرەکییان هەیە. هۆکاری ژینگەیی وەک خـواردن و جۆری کاری مرۆڤ و جوڵەو وەرزش. بەڵام هۆکاری بۆماوەیی وەک ئەوانەی کە دایک و باوکیان یان خاڵ و مام و پوریان لاوازە، لەوانەیە ئەوکەسەش لاوازبێت، بەوە دەڵێین هۆکاری بۆماوەیی. بەڵام ئەگەر هەموو ئەو هۆکارانە نەبوون، واتە خانەوادەکەی بەو ئاستە لاواز نەبوون و هۆکاری ژینگەییشی لەپشتەوە نەبوو، دیـارە هۆکاری لاوازییەکەی بۆ لاوازی توانای گەدەی مرۆڤەکە دەگەڕێتەوە کە گەدەی ئەو کەسە بچووکە.

## رۆڵی تەمەن

د.یوسف، باس لەوەدەکات کە مرۆڤ لەدوای حەفتا ساڵی کێشی دادەبەزێت، چونکە بەشێوەیەکی گشتی کێشی لەشی مرۆڤ لەتەمەنی منداڵی گەشەکردن بەخۆیەوە دەبینێت، بەڵام لە هەرزەکاری بالای درێژ دەبێت، دواتر لەتەمەنی ٢٥ و سی ساڵیدا کێشی لەشی مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی روو لەزیاد بوون دەکات و مـرۆڤ پان دەبێت. لە شەست ساڵی بەدواوە بەهۆی پیری و نەخۆشییەوە مرۆڤ لاواز دەبێت.

## کرم هۆکارە؟

د.یوسف، پێیوایە، کرم رۆڵی لەدابەزینی کێشی مرۆڤدا هەیە. ئەو کەسانەی کە بەهۆی هەبوونی کرمەوە لاوازن، نیشانەی تریان لێ دیاردەکەوێت، وەک ئازاری لەش و بوونی رشانەوەو دڵتێکهەڵاتن. سەبارەت بـەجۆری کرمەکان، د.یـوسـف، ئاماژە بەجۆری ئەو کرمانە دەکـات کە دەبنە هۆی لاوازبوونی مرۆڤ، وەک کرمی شریتی و ئەسکارس کە بەچاو دەبینرێن. بەڵام بەبڕوای د.یوسف، لەئێستادا بەشێوەیەکی



گشتی بەهۆی پێشکەوتنی جیهان و نەمانی ئـاوی پیس و پاکشۆرینەوەی سـەوزەو میوەو شوشتنی دەستەکان، هۆکاری لاوازی بەهۆی بوونی کرم، کەم بووەتەوە. بـەڵام بەشێوەیەکی گشتی هەندێک مشەخۆر هەن کە بەچاو نابینرێن وەک گیاردیا کە مشەخۆرێکە بەچاو نابینرێت و لەژێر میکرۆسکۆپ دەستنیشاندەکرێت، دەبێتە هۆی هەوکردنی ریخۆڵە باریکە بۆ ماوەیەکی درێژ.

## نیشانەکانی لاوازی بەهۆی نەخۆشییەوە

ئەگەر کەسێک بەهۆی نەخۆشییەکی تـایـبـەتـەوە لاواز بێت، ئـەوا چەندین نیشانەی تایبەتی ئەو نەخۆشییانەی لێ بەدیار دەکەوێت. وەک، نیشانەکانی سیل یان ژانی ریخۆڵەو ئـازاری گەدە یاخود ئازاری قاچ و جومگەکان، ئەگەر هۆکاری بۆماوەیی لەپشت لاوازییەکەیەوە بێت.

## چارەسەر

د. یوسف بەهائەددین، رێنمایی کەسانی لاواز دەکـات کە بـەدواداچـوون بکەن و بزانن هۆکاری لاوازییەکەیان چییە؟ ئەگەر نەخۆشییەکی دیاریکراو بوو ئەوا دەبێت چارەسەری نەخۆشییەکەی بکات. بەڵام ئەگەر هۆکارەکەی بۆماوەیی بوو هیچ هۆکارێکی ژینگەیی نەبوو، ئەوا پێویستە ئـەو کەسە خۆشحاڵ بێت. هەندێکجار ئەگەر مرۆڤی لاواز زۆر نیگەران بوو بۆ ئەم لاوازییەی، ئەوا پێویستە بەرێگەی سروشتی چارەسـەری بکات و پەنا بۆ بەکارهێنانی دەرمان و ماددە کیماوییەکان نەبات. د.یوسف، دوو رێگە بۆ چارەسەری لاوازی دەخاتەڕوو، کە یەکەمیان، رێگای سروشتییەو بریتییەلە بەکارهێنانی رێنماییەکان و کەمکردنەوەی بیرکردنەوەو گرفتی دەروونی و راڕایی و چارەسەرکردنی کێشەی دەروونی. هەروەها کەمتر بەپێ رۆیشتن و خواردنی رێژەیەکی پتری خۆراک و کەمکردنەوەی کاروبار و زیادکردنی رێژەی خەو و پتر پشوودان. زیادکردنی پرۆتین و خواردەمەنی کاربۆهیدرات و پتر خواردنی خۆراکە سروشتییەکان. دووەم رێگەی کیمیاوییە کە بریتییەلە: خواردنی دەرمانی تایبەت بەقەڵەوی. د.یوسف، ئەم رێگەیە بەباش نازانێت، چونکە زیانی زۆرەو بەبێ رێنمایی پزیشکی پسپۆڕ، نابێت بەهیچ جۆرێک بەکاربهێنرێت.



شیلان یاسین

# ڤایرۆسی هێرپس

هەولێر

زۆرجار ژنان، تووشی زیپکەی دەموو لێو و کۆئەندامی زێ دەبن، بەڵام نازانن کە ئەمە جۆرێک لەنەخۆشییەو بەهۆی نەخۆشی هێرپسەوە تووشبوون.



## هێرپس چییە؟

هێرپس، بریتییە لەو نەخۆشییە زۆر بلاوەی کە لەڤایرۆسێکەوە پەیدا دەبێت پێیدەگوترێت هێرپسی مرۆیی "HERPES SIMPLEX"

## جۆرەکانی

ڤایرۆسی هێرپس دوو جۆرە، جۆرێکیان لە لێواری لێو پەیدا دەبێت، واتا لەلای لێو و دەم. ئەویتر لەزێی ژنەوە دێت، ئەوەش وەک تامیسکە وایەو لەشێوەی زیپکە دەردەکەوێت. ئەو نەخۆشییە بەهۆی پەیوەندی سێکسییەوە دەگوازرێتەوە.

## نیشانەکانی

لەسەرەتادا نەخۆش واهەستدەکات کە لەجێگەیەکی دیاریکراوی پێستیدا، یان لە لێوی یاخود زێی تامیسکەی لێدێت. دوای وردە وردە دەبێتە برینی وردو ئازاری دەبێت و دواتر نامێنێت. گواستنەوەی ئەو نەخۆشییە لەکەسێک بۆ کەسێکی دیکەوە، دوای ٣ هەفتە بەدیار دەکەوێت، کە زیپکەی وردن و ئازاری بۆ میزکردنی کەسی تووشبوو هەیە. بۆ پشکنینی ئەو نەخۆشییەش پسپۆری نەخۆشییەکانی ئافرەتان و منداڵبوون و نەزۆکی د. تریفە یوسف، دەڵێت، بەشێک لەو زیپکەیە وەردەگیرێت و لەرێگەی تۆرینگەوە بەدیاردەکەوێت.

## "پیاوەکەم تووشی کردم"

سەناریا عەلی، ژنێکی تەمەن ٣٨ ساڵ و ئەندازیارە. سەناریا، دایکی چوار منداڵەو وەک خۆی ئاماژەی پێدەکات، بەهۆی هاوسەرەکەیەوە تووشی ئەم ڤایرۆسە هاتووە "بەهۆی پیاوەکەمەوە تووش بووم. ئێستا چارەسەر وەردەگرم و دەبێت تا چاکبوونەوە لەسەری بەردەوام بم".

شادان سەعید، ژنێکی تەمەن ٢٩ ساڵە. دوو ساڵ بەر لەئێستا دووجار تووشی ئەو ڤایرۆسە بووە "دووجار تووشی ئەم ڤایرۆسە بووم و دەرمانی درێژخایەنم وەرگرت، ئێستاش ماوە ماوە بۆ پشکنین سەردانی پزیشک دەکەم".

## هۆکارەکانی

پسپۆری نەخۆشییەکانی ئافرەتان و منداڵبوون و نەزۆکی د. تریفە یوسف، لەبارەتی هۆکارەکانی تووشبوون بەو ڤایرۆسەوە دەڵێت کە بەهۆی پەیوەندی سێکسی لەگەڵ کەسی تووشبووەوە دەگوازرێتەوەو چاکبوونەوەی زەحمەتەو بنبڕ ناکرێت، چونکە دووبارە سەر هەڵدەداتەوە. ئەم ڤایرۆسە تووشی هەوکردن دەبێت و پاشان تەشەنە دەکات و دەچێتە ئەو لیمفانەی کە لێیەوە نزیکن و لەناویاندا دەمێنێتەوە. هەروەها لەئەنجامی هیلاکی جەستەییەوە یان پەستانی دەروونی یان خود لەگەڵ نزیکبوونەوەی ماوەی سووری مانگانەدا، ڤایرۆسەکە لەشوێنی خۆی دەردەچێت و وردە وورده سەرلەنوێ بەدرێژایی ژیان بەردەوام دەبێت و لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگوازرێتەوە. بۆیە پێویستە کەسانی تووشبوو بەم ڤایرۆسە، خۆیان لەپەیوەندی سێکسی بەدوور بگرن. یانیش پیاو، لەکاتی سێکس کردندا کۆندۆم بەکاربهێنێت. تا نەخۆشییەکە نەگوازرێتەوە یاخود بۆی نەگوازرێتەوە، چونکە هەردوو رەگەزی نێرو مێ تووشی ئەو ڤایرۆسە دەبن.

## هێرپس و ژنی دووگیان

د. تریفە، مەترسییەکانی هێرپس بۆ ژنی دووگیان روون دەکاتەوەو دەڵێت، هێرپس بۆ ژنی دووگیان مەترسیدارە، چونکە دەگوازرێتەوەوە مەترسی ئەوە هەیە لەکاتی منداڵبووندا، ئافرەتەکە تووشی هەوکردنی پەردەی مێشک و پەردەی دەماغ ( سەحایە) بێت کە دەبێتە هۆی مردنی کۆرپە. بۆیە پێویستە ژنی دووگیان دوو مانگ بەر لەمنداڵبوون پزیشکەکەی ئاگادار بکاتەوە. لەم حاڵەتەدا ژنەکە دەبێت بەرێگەی نەشتەرگەری قەیسەری منداڵەکەی ببێت.

## چارەسەری

کەسی تووشبوو، دەبێت حەبی دژی بەرگری ڤایرۆس لەرۆژێکدا پێنج جار بەکار بێنێت. هەروەها بۆ ماوەی ٥ تا ١٠ رۆژ مەڵهەم لەشوێنی برینەکە بدات، تا ئازاری کەمبێتەوە، چونکە بەتەواوی چارەسەر ناکرێت و دووبارە سەرهەڵدەداتەوە.

**شیلان یاسین**

www.netewe.com

# یەکەم پیاو لەجیهاندا چۆن سکی پڕبوو!

هەولێر



ئەگەر باوەڕ نەکەیت هەقتە، ئێمەش سەرەتا وەک تۆ باوەڕمان نەدەکرد، دەتوانیت سەیری ئەنتەرنێت بکەیت، تاکو تۆش بەڵگەفیلمێک لەبارەی یەکەمین پیاوی سکپڕ لەجیهاندا ببینیت.
لەسایتێکی ئینتەرنێتدا، زانیاری پزیشکی و گفتووگۆ لەگەڵ یەکەمین پیاوی سکپڕ لەجیهان و وێنەو سۆنەری کۆرپەلەکەی خراوەتەڕوو کە بەهێواشی بەردەوام لە گەشەکردندایە. پزیشکەکان لەسەرتاسەری جیهان دەتوانن لەڕێگای ئەو وێنانەوە هەواڵی سەلامەتی کاک (لی) و کۆرپەکەی بزانن. ئەم ڕاپۆرتە پەیوەندی توندووتۆڵی نێوان زانستی پزیشکی و داهێنانە نوێیەکانی زانست نیشاندەدات. دوای پیتاندنی هێلکە لەتاقیگەدا، هێلکە پیتێنراوەکە لەڕێگای کونێکەوە بەرەو قوولایی سک ڕەوانە دەکرێت، لێرەدا بەختیش پێویستە تا هێلکە پیتێنراوەکە لەئەمینتۆم (خانە ڕیخۆڵەکان)جێگیر ببێت و جێی خۆی بکاتەوە. دیارە لە سکپڕییە ئاساییەکانیشدا بەخت پێویستە، دواتر کۆرپەلە لەدەڵاقەی دیواری سکەوە دەهێنرێتە دەرەوە.

### قۆناغەکانی سکپڕی

قۆناغی یەکەم: خواردنی هۆرمۆن. لی، بڕێکی هۆرمۆنی ژنانەی خوارد، تا ئامادەیی بۆ سکپڕبوون تێیدا دروست ببێت.
قۆناغی دووەم: لەم قۆناغەدا بۆ سکپڕبوونی دەرەوەی منداڵدان کەڵک لەدەرزییەک وەرگیراو کۆرپەلەو وێڵاشیش لەنێو قوولایی سکدان و لەناوپەردەی ( ناوسک) کە ریخۆڵەو ئەندامەکانی تری تێدا دانراوە. لەمنداڵبوونی دەرەوەی منداڵداندا بەهۆی دڕاندنی ئەو پەردەیەوە مەترسی خوێنبەربوونی بەهێز هەیە. بۆیە یەکێک لەگرنگترین هۆکارەکانی مردن، دڕانی ئەو پەردەیەیە لەژنانی سکپڕدا.
قۆناغی سێهەم: گەشەکردنی کۆرپەلە. کە هێلکە پیتێنراوەکە جێگەی خۆی گرت پێدانی هۆرمۆن بە (لی) ڕاگیرا، لەبەر ئەوەی لەکاتی سکپڕیدا کۆرپەلە خۆی بڕی هۆرمۆنی پێویست دەر دەدات، تابتوانێت گەشە بکات و کامڵ بێت.
قۆناغی چوارەم: گەشەکردنی تەواوی کۆرپەلە. قۆناغەکانی سکپڕی لی، بەتەواوی و ئاسایی بەڕێوەچوو، لەم قۆناغەدا شیکردنەوەی جینی و خوێن و سۆنەری بەشێوەی بەردەوام بۆ ئەنجامدەدرا، تا سەلامەتی لی و کۆرپەکەی مسۆگەر بکرێت.
(د.ویستۆن) لەنەخۆشخانەی (هامرسمیت) دەڵێت، پیاوان تا بەساڵدا بچن، باشتر فێر دە بن، کەچۆن لەگەڵ سکەکەیاندا هەڵسووکەوت بکەن. دیارە ئەو مەسەلەیە لەبارەی (لی)یەوە جیاواز بوو.
قۆناغی پێنجەم: منداڵبوون. منداڵبوونی لی، بەنەشتەرگەری (سیزارین) ئەنجامدەدرێت و دەرهێنانی منداڵەکەو وێڵاشەکەی لەکاتی نەشتەرگەرییەکەدا زۆر مەترسیدارە، لەبەر ئەوەی وێڵاشەکە بەموولولوی خوێنەکانی دەوروبەرییەوە بەندەو هێنانە دەرەوەشی خوێنبەربوونێکی زۆر دروست دەکات. دوور نییە کۆرپەلە بەبەشەکانی تری ناوسک وەک ریخۆلەوە نەنووسابێت و پزیشکەکان بۆ دەرهێنانی ناچار بن بەشی تری لەشیشی پێوە ببڕن. بۆیە دەبێت ئەو جۆرە نەشتەرگەرییە لەلایەن پزیشکی زۆر شارەزاو پسپۆڕەوە ئەنجامبدرێت.

### شێوازی ناردنی زانیاری

دەزگایەکی ئەلیکترۆنی بێسیم بە لەشی (لی)یەوە بەستراوە، کە ئاماژەی دەزگای بەردەستی پزیشکەکان، دەنێرێت. بەوجۆرە پزیشکان بەردەوام چاودێری تەندروستی لی و سەلامەتی کۆرپەکەی دەکەن. ئەو زانیارییانە هەر پێنج خولەک جارێک بەخەتی تایبەتی ئەنتەرنێتی لی، دەنێردرێت و زانیارییەکان وادەکەن کە خولی سکپڕی لی و زانیاری لەبارەی گەشەو کۆرپەلەکەی ناوسکیەوە بزانن و هەموو ئەو زانیارییانەش تۆمار دەکرێن، تا لەداهاتوو دا پزیشکەکان بتوانن لەوبارەیەوە لێکۆڵینەوە ئەنجامبدەن و ترپەی دڵی لی یش هەر لەو ڕێگایەوە دەگیرێت. سەرەتای سکپڕییەکەی لی لەهەندێک زیپکە لەدەموچاوی هاتبوو، بەڵام هیچ گرفتێکی تری نەبوو، پەستانی خوێنەکەشی زۆر ئاسایی بوو. لی، ئێستا تووشی مایەسیری بووەو میزیشی پێ ڕاناگیرێت.

دڵسۆز نامیق

www.netewe.com

# کاری مریشك

چێشتخانه



ئامادەکردنی:
وەستا ئارام فاروق
هوتێل چوارچرا





## چۆنیەتی ئامادەکردن

سەرەتا پیاز وسینگی مریشکەکە ورد دەکرێت، پاشان زبدەکە لەگەڵ ماجی مریشک دەکرێتە ناو تاوەیەک، پیاز وسینگە وردەکەی تێدەکرێت، ئینجا بەهارات کاری و زەردەچێوە و بیبەرە ڕەشەکە تێکەڵ دەکرێت و جوان تێک دەدرێت پاشاندا لە نیو کوپ ئاو لەگەڵ ئاردەکە دەکرێتە ناو تاوەکە وجوان سوردەکرێتەوە لەگەڵ قاپێک برنجی ئامادەکراو دادەنرێت وئامادەدەبێت بۆخواردن.

## کەرەستەکان

- ٢٥٠ گرام سینگی مریشک
- یەک پیازی بچوک
- یەک کەوچکی بچوک بەهارات کاری
- نیو کەوچکی بچوک بیبەری ڕەش
- نیو کەوچک زەردەچێوە
- نیو ماجی مریشک
- ڕۆنی زبدە یەک کەوچک
- ئاردی سفر ٣/٤ کوپێک

هەموو ژمارەیەک لە وارڤین خواردنێک فێربە

www.netewe.com

# هاکەرەکان کۆمپانیای گوگڵ و دەوڵەتی چین بەشەڕ دێنن

وارڤین – گاردییەن: چەندرۆژ پاش ئەوەی کۆمپانیای گوگڵ رایگەیاند کە لەناوخۆی چینەوە هێرشێکی سایبری کراوەتەوە سەری، چالاکڤانانی مافەکانی مرۆڤ و گرووپێکی پشتیوانی لەمافی تێبتییەکان لەئەمریکا رایانگەیاند کە ئیمێڵەکانیان هاک کراوە. رۆژنامەی بەریتانی گاردییەن بڵاویکردەوە کە چەندین گرووپ و کەسایەتی بەناوبانگی لایەنگری مافەکانی مرۆڤ و گرووپێکی لایەنگری تێبتییەکان لەئەمریکا رایانگەیاندووە کە پۆستە ئەلەکترۆنییەکانیان لەگوگڵ هاک کراوە.

پێشتر کۆمپانیای گوگڵ رایگەیاندبوو کە ئەم کۆمپانیایە لەگەڵ لانیکەم ٢٠ کۆمپانیای دیکەدا لەناوەڕاستی مانگی رابردووی زاییني بوونەتە ئامانجی هێرشێکی نەزانراو لەناوخۆی چینەوە.

بەرپرسانی گوگڵ ئامانجی ئەو هێرشەیان بۆ ئەوە گەڕاندووەتەوە کە گوایە دەوڵەتی چین ویستوویەتی دەست بەسەر ناوەڕۆکی ئیمەیڵی چالاکڤانانی مافەکانی مرۆڤ لەئەمریکاو ئەورووپادا بگرێت. لەبەرامبەردا کۆمپانیای گوگڵ رایگەیاند کە چیدی بەهیچ شێوەیەک قبووڵ ناکات کە ناوەرۆکی ئیمێڵی بەکارهێنەرانی لەلایەن دەوڵەتی چینەوە سانسۆر بکرێت. لەلایەکی دیکەوە دەوڵەتی چین بەبڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک رەتیکردەوە کە ئەوان هەوڵێکی لەوجۆرەیان دابێت و رایانگەیاندووە کە ئەوانیش زۆرجار بوونەتە قوربانی هاکەرەکان.

---

# فەیسبووک باوک و کچێك بەیەك شاد دەکاتەوە

کچێکی ئینگلیزی توانی لەرێگەی فەیسبووکەوە باوکی خۆی بدۆزێتەوە. دایک و باوکی ئەو کچە لەساڵی ١٩٩٥ لە یەکتر جیابوونەتەوە. پاش جیابوونەوەی دایک وباوکی (جێسی) لەگەڵ دایکیدا دەژی و زانیارییەکی لەبارەی باوکییەوە نابێت.

گۆڤاری سەن، باس لەوە دەکات کە جێسی ١٤ ساڵان توانی باوکی لەرێگەی پێگەی فەیس بووکەوە بدۆزێتەوە. ئەوەش پاش ئەوە هات کە ئەو کچە نامەیەکی ئەلیکترۆنی بۆ باوکی دەنێرێت و تیایدا دەنوسێت (سڵاو، وا هەست دەکەم تۆ باوکمی، ساڵانێکە بەدواتدا دەگەڕێم و هەستدەکەم کاتی ئەوە هاتووە پەیوەندیمان پێکەوە هەبێت لەکاتێکدا من ئێستا تەمەنم ١٤ ساڵە). جێسی نامەکەی بەوە کۆتایی هێناوە.(بەهیوام پەیوەندیم پێوە بکەیتەوە).



باوکی جێسی، (کیفن)ی ٤٣ ساڵ لەوبارەیەوە رایگەیاند کاتێک نامەکەی پێگەشتووە یەکسەر وەڵامی داوەتەوەو زۆر خۆشحاڵ بووەو رۆشتووە بۆ بینینی جێسی و گوتیشی هەموو کات ئاواتەخوازبووم کە کچێکم هەبێت.

جێسی کە دانیشتووی وڵاتی وێڵزی سەربە بەریتانیایە رایگەیاند:"کاتێک نامەکەم بۆ باوکم نارد هەستم بەترسێک کرد. کاتێک بینیم وێنەی باوکم پێچەوانەی ئەو وێنەیە بوو کە لەخەیاڵمدا دامنابوو".



www.netewe.com

# ئەستێرەکان




٢١/٣-٢٠/٤

هەوڵبدە زیاتر ڕێکخراوبیت لە جێبەجێکردنی کارەکانتدا، ئەم ماوەیە کاتێکی باش نییە بۆ ئەوەی هەستی خۆت بۆ خۆشەویستەکەت دەرببری، پێویستە چاوەڕوانی دەرفەتێکی گونجاو بکەیت بۆ ئەوەی بتوانی هەستی خۆتی بۆ دەربریت.




٢١/٤-٢٠/٥

سوود لە زیرەکیەکەت وەرگرە و بڕیاری گونجاو لە کاتی خۆیدا بدە، کەسانێک دەیانەوێت لێت نزیک ببنەوە و بەرەنگاریان مەبەرەوە، هەوڵبدە لەگەڵیاندا لاپەڕەیەکی نوێ هەڵبدەیتەوە..




٢١/٥-٢١/٦

بەهۆی شارەزایی و ئەزموونی زۆرتەوە چەندین دەستپێشخەری نوێ لە بواری کارەکەتدا دەخرێتە بەردەستت، هەوڵبدە بەباشی لێیبکۆڵیتەوە، لە رووی سۆزداریەوە وەڵامێکت دەست دەکەوێت لەو کەسەی کەلەمێژە پێی سەرسامیت.




٢٢/٦-٢٢/٧

هەوڵبدە خۆت بەدووربگریت لە دەمەقاڵێ لەگەڵ بەرێوبەرەکەت و کەلەرەق مەبە بەرامبەر بە بڕیارەکانی، لەرووی سۆزداریەوە داواکارییەکانی خۆشەویستەکەت کە کۆتاییان نایەت تووشی تووڕە بوون و هەڵچونت دەکات.




٢٣/٧-٢٢/٨

گۆڕانێکی کتوپڕ لە کارەکانتدا روو دەدات کە تووشی دوو دڵی و ڕاڕایت دەکات. پێویستە پابەند بیت بە رێنماییەکانی کارەکەت و کەمتەرخەمی نەکەیت، خۆشەویستەکەت چاوەڕوانی جێ بە جێ کردنی بەڵێنەکەتە.




٢٣/٨-٢٢/٩

هەوڵبدە لەو پرۆژانە دوور بکەویتەوە، کە دڵنیا نیت لێیان، بەتایبەتی ئێستا کە باری داراییت بەرگەی زیان ناگرێت، لە سۆزداریدا تا ئێستا سێبەری تەنیایی بە دواتەوەیە، هەوڵبدە بە دوایی ئەو کەسەدا بگەڕێی کە شایەنی خۆشەویستی نوێیە.




٢٣/٩-٢٣/١٠

دوو دڵ مەبە وهەوڵبدە بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بدەیت لەسەر کارەکەت، لە رووی سۆزداریەوە پەیوەندییە خۆشەویستەکەت گرژی بە خۆوە دەبینێت، پێویستە ژیرانە رەفتار بکەیت.




٢٣/١٠-٢١/١١

بە هۆی کەڵەکەبوونی کارەکانتەوە کە بەڕێوبەرەکەت داوای جێ بە جێ کردنی لێکردوویت هەست بە ستەم دەکەیت، هەوڵبدە لە پەیوەندییە سۆزداریەکەتدا لەگەڵ خۆشەویستەکەت دڵسۆز و راستگۆ بیت.




٢٢/١١-٢١/١٢

پێویستە هۆشیار تر بیت و ئەرکێک نەگریتە ئەستۆ کە ناتوانیت جێ بە جێی بکەیت، لە رووی سۆزداریەوە خۆشەویستەکەت دەبینیت و پلان بۆ داهاتووتان دادەنێن.




٢٢/١٢-١٩/١

پۆستێکی نوێ دەخرێتە بەردەستت، تا تواناکانی خۆت بە چاکی هەڵنەسەنگێنیت بڕیار لە وەرگرتن یان رەتکردنەوەی مەدە، کێشەکانت لە خۆشەویستەکەت مەشارەوە و داوای لێبکە هاوکاریت بکات.




٢٠/١-١٨/٢

هەوڵبدە بە دوایی بوارێکی نوێ لەکاردا بگەڕێیت، کە دەست کەوتێکی دارایی زیاتری بۆت دەبێت، لەرووی سۆزدارییەوە بەسەر ئەو ئیرەییەی لە دڵتایە هەرەس بە خۆشەویستەکەت دەهێنیت.




نەهەنگ ١٩/٢-٢٠/٣

هەوڵبدە پەلە بکەیت لە جێ بە جێکردنی کارەکانتدا تا کەڵەکە نەبن بەسەر شانتەوە. هەستی خۆشەویستەکەت مەوروژێنە و مەیخەرە کێشەیەکەوە کە ئەو پەیوەندی پێوە نییە.

www.netewe.com



سیراجەددین مەحمود

سەرچاوە:
1- Kurdish heritage – SMD; 2006.
2- www.academiainternational.com

CRATAEGUS OXYACANTHA

گێوژە خاتوونە

# گێوژە خاتوونە

ناوی کوردی: گێوژە سوورە ، گێوژە خاتوونە.
ناوی زانستی: CRATAEGUS OXYACANTHA
خیزانی زانستی: ROSACEAE
جۆری رووەک: دار





بۆن: خۆش
تام: مزر
پلەی گەرمی بەرگەگر:
(( -٥ بۆ +٤٠ )) س.
بەرزی رووەک:
(( ١٥٠ – ٢٥٠ )) سم

## ناوبانگی کوردەواری :

لەکوردەواریدا هەر لە کۆنەوە بەرەکەی وەکو خۆراک خوراوە و بەساڵاچووان تێبینی ئەوەیان کردووە، کە پاش خواردنی بەری گێوژ تەندروستیان خۆش تر بووە. بەتایبەت ئەوانەی لە ناکاو تووشی دڵ تەنگ بوون و تەنگە نەفەسی بوون! واتە، ئەو کەسانەی نەخۆشی دڵیان هەبووە. بەری دار گێوژی سوور، جوانتر و بەتام تر بووە لە بەری دارگێوژی زەرد! هەر بۆیە ناوی گێوژە خاتوونەیان لێ ناوە .

شوێنی رووان : ناوچە شاخاوییەکان

## ناوبانگی پزیشکی گیایی:

CRATAEGUS OXYACANTHA لە پزیشکی گیایی نێودەوڵەتی دا هەر لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە وەکو دەرهاوێژەرێکی میز DIURETIC بەکاربراوە . بەڵام گرنگیەکەی پاش بەکاربرانی لەلایەن پزیشکە گیایی یە ئێرلەندیەکانەوە، بەدەرکەوت لە سەدەی نۆزدەهەم کاتێ بۆ چارەسەری ناتەواویەکانی کۆئەندامی سووڕان سوودیان CARDIO VASCULAR DISORDERS لێ وەرگرت. پاش ئەمە بەری دار گێوژ بە خۆراکی دڵ CARDIO NUTRIENT ناو زەندکرا . شایانی باسە CRATAEGUS OXYACANTHA زۆر کاریگەرە لە چارەسەری نەخۆشی سینگەکوژێ ANGINA PECTORIS و ناتەواویەکانی خوێنبەرەکانی دڵ CORONARY ARTERY DISORDERS. هەروەها لەرێکخستنی فشاری خوێن دا BLOOD TENSION زۆرکاریگەرە .لە گرنگترین ئەو ماددانەی تاکو ئێستا لێی ئامادە کراون ئەمانەن : CYANOGENS، AQUAMARINE، COUNTS، TRIALTERBUNUID، LIVE PHALPHUN AND TONIC ACID.وە لە گرینگترین بەکارهێنانەکانیشی ئەمانەن: دڵە بەهێزکەر DIGITALIS ، فراوانکەری لوولەکانی خوێن VASODILATOR، خاوکردنەوە RELAXATION ، دژە ژەهراوی بوون ANTI TOXICITY ، بەهێزکەری بیرەوەری MEMORY STORAGE بەتایبەت ئەگەر لەگەڵ گیا GINKGO BILOBA بەکاربهێنرێت . بۆیە زۆرجار دەدرێتە بەتەمەنەکان بۆ رزگار بوون لە شت لەبیرچوونەوە LOSS OF MEMORY.



www.mergewei.com

# ئەتەکێت

# ئەتەکێتی بانگهێشت کردنی تەلەفۆن



لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو جۆرەکانی پەیوەندیدا، پەیوەندیکردن ئاسان بووە. ئەگەر جاران بۆ بانگهێشتنی کەسێک بۆ بۆنە یان نان خواردن و....هتد، پێویستبوو ڕێگایەکی زۆر ببڕین، بەڵام ئێستا دەتوانین هەموو ئەو بانگهێشتنانە لەڕێگای ئامرازەکانی پەیوەندییەوە ئەنجامبدەین. لەناویشیاندا تەلەفۆن ئاسانترین ڕێگایە بۆ پەیوەندیکردن کە لەهەموو شوێن و کاتێکدا دەتوانی ئەنجامی بدەیت. بێگومان بانگهێشتکردن بەڕێگەی تەلەفۆنیش ڕێسای تایبەت هەیە، بۆئەوەی بتوانین جوانترین شێواز بۆ بانگهێشتکردن بە تەلەفۆن بزانیت ئەم بابەتە بخوێنەوە.

* ئاڕاستەکردنی بانگهێشتەکە

- چۆن لە ڕێی تەلەفۆنەوە بانگهێشتەکەت ئاڕاستە دەکەیت؟

تەلەفۆن، ئاسانترین و ڕاستەوخۆترین ڕێگەیە لەبەر ئەوەی لە کاتی خۆیدا وەڵامەکەت دەست دەکەوێت :

- دەکرێت کەسێک لە ڕێی تەلەفۆنەوە بانگهێشتت بکات بەم شێوەیە:

" چۆنی فلان ...من فلانم ... هەندێ لە هاوڕێکانم بانگهێشتی ماڵەوە کردووە بۆ خوانی ئێوارە ئەمڕۆ ... کات ... ، دەتوانیت ئامادە بیت؟

جوان نیە ئەم پرسیارەی بەدوادا بکەیت : "ئەمڕۆ هیچ پابەندبونێکت هەیە ..." یان " ئەمڕۆ تۆ سەرقاڵیت ..."چونکە ئەم پرسیارە وەک ئەوە وایە دەست بخەیتە هەندێ مەسەلەوە کە پەیوەندیدار نییە بە تۆوە و وەڵامدانەوەی ئەو مانایە لەخۆ دەگرێت بەوەی بۆچی دەتەوێت بزانیت. وە وەڵامدانەوە بە نەبوونی سەرقاڵی بە هیچ شتێکەوە دەشێت ناچاری بکەیت کە ئامادە بێت بێ ئەوەی ئارەزوو بکات، هەروەها وەڵامدانەوە بە سەرقاڵی و نەتوانینی بۆ ئامادەبوونی بۆنەکە یان بۆ ئەو شوێنەی دەشێت خۆش بێت بۆ ئەو کەسەی بانگهێشتت کردووە، بەو شێوەیە بەرامبەر بە ئارەزووەکەی دووچاری خەفەکردن دەبێتەوە.

-دەکرێت بە شێوەیەکی ساکار بانگهێشتەکەت ئاڕاستە بکەیت بێ دەربڕینی هیچ هۆکارێک دەتوانیت بانگهێشتەکەت تەنها بەم ووشانە ئاڕاستە بکەیت ئایا "تۆ ئەمڕۆ سەرقاڵیت .... ئێوارەکەی " .

وەڵامەکەی بەم شێوەیە دەبێت : " نازانم لەمڕۆدا گەر لەگەڵ خێزانەکەم پابەندبوونم هەبێت یان نا ، با بزانم . بەڵام بۆ پرسیار دەکەیت ؟

بەم شێوەیە داواکارەکە ناچار دەبێت بە ڕێگەی ڕاست و گونجاو بانگهێشتەکە ئاڕاستە بکات .

- ناکرێت وەڵامەکە بەم شێوەیە بێت " لە دواییدا دەزانیت " ئەگەر دەستبەجێ ڕاڤەی بەدوادا نەیەت وەک ئەوەی بڵێی " پاش دڵنیا بوون لەگەڵ هاوسەرەکەم یان لەگەڵ خێزانەکەم سەبارەت بەوەی هیچ پابەندبونێکم نەبێت " یان هۆکارێک بخەیتە ڕوو بۆ سەرقاڵیت یان پەیوەندیت بە ژوانێکی دیکەوە و هەوڵی گۆڕینی دەدەیت و جارێکی تر پەیوەندی دەکەیتەوە.

کنێر عەبدوڵڵا
Kner_abdullah@yahoo.com

www.netewe.com



# Estêrey warvîn

## کاری ئێستات و پێناسەیەکی کورتی کارەکەت؟

بێژەرم و هەواڵەسیاسییەکان لەکەناڵی گەلی کوردستان پێشکەش دەکەم. جگە لەکاری بێژەری هیچ کارێکی تر ناکەم.

## چۆن بوو کاری بێژەریت هەڵبژارد؟

بێژەری لای من کارێکی خۆشە، تەنیا کاری بێژەری دەکەم بۆئەوەی سەرکەوتووبم. لە ٢٠٠٥/١٢/١وە کاری بێژەری دەکەم و سەرەتا سەرپەرشتیاری بەشی منداڵان بووم لە دهۆک دواتر بۆ بێژەری هەواڵەکان.

## پرۆفایل

ناو: کاژین حەسەن

ڕەگەزنامە: کوردستانی

باری خێزانی: شووم کردووەو هاوسەرەکەشم بێژەرە.

ئاستی خوێندەواری: دەرچووی شەشی وێژەییم.

شوێنی نیشتەجێبوون: سلێمانی





## خۆشترین ١٠ گۆرانی بە ڕای تۆ:

١-هەڤاڵ ئیبراهیم: من چکریە

٢- کازم ساهر: مەحکەمە

٣-عەدنان کەریم: لەڕۆژەوەتۆی دیووە

٤-تەحسین تەها: من خەم دەریایەکا کویرە

٥- زەکەریان: بۆ پەشیمانی

٦-ئوم کەلسوم: الی شفتو

٧-عایشەشان: وەرە یاری

٨-ابراهیم تاتلیس: نەمەجنوون

٩- عەبدوالحلیم: قاریئە فنجان

١٠-ئیبۆ: ئانام

## نزیکترین یان خۆشەویستترین کەست!

کەسی خۆشەویست لای من زۆرن، بەڵام نزیکترینم دایکوباوکم و سامانی برام و شوانی هاوسەرمن.

www.netewe.com




# ”لەگەڵ هەڤاڵ ئیبراهیم گۆرانی دەڵێم“

www.netewe.com

# چۆپی فەتاح هانا بۆ پەرلەمانی کوردستان دێنێت

هەولێر

چۆپی فەتاح، یەکێک لەهونەرمەندە دیارەکانی باخچەی هونەری کوردستانە کە لەماوەیەکی کورتدا توانی لەرێگەی دەنگە خۆشەکەی و بەرهەمەکانیەوە خۆی بەکوردستانیان بناسێنێت. چۆپی لەهەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ وارڤین، باس لەوەدەکات کە هەرگیز لەگۆرانیگوتن ناوەستێت و لەبارەی ئاستی ژنە هونەرمەندانی هەرێمی کوردستانەوە دەڵێت:"ئێستا شەپۆلێک گۆرانیبێژی ژن هاتوونەتە نێو هونەری کوردییەوە، بە شارستانی بوونی دەزانم، بەڵام پێویستە پەلەکردنی تێدانەبێت و لەچوارچێوەی کەلتووری خۆماندا بەرەو پێشەوە بچین".

وارڤین: تائێستا چەند بەرهەمت هەیە؟

چۆپی: دوو بەرهەمی سیدی و نزیکەی ١٠ کلیپێکم هەیە. هەروەها چەند گۆرانییەکی سینگڵیشم لەدووتوێ ئەو دوو بەرهەمەدا هەیە.

وارڤین: هەڵبژاردنی کاری هونەری لای تۆ چۆن بوو؟

چۆپی: لەمنداڵییەوە زۆر گوێم لەموزیک دەگرت. رەنگە ئەوە کاریگەری بەسەر هەڵبژاردنی کاری هونەریمەوە هەبێت.

وارڤین: هەڵبژاردنی هۆنراوەو ئاوازەکانت لەسەر چ بنەمایەکە؟

چۆپی: گەر گۆرانی بکەین بە بازنەیەک و هێمای + بە ناوەراستی بازنەکەدا بکێشین، واتا بیکەین بە چوار بەشەوە بەشی یەکەمی بازنەکە دەبێت بە تێکست، بەشەکانی تر بۆ ئاواز، موزیک و دەنگ دەمێنێتەوە. بۆیە هەڵبژاردنی تێکست و ئاواز لای من زۆر گرنگە. زۆرجار هونەرمەند بورهان موفتی، یان باوکم یان کەسێکی تر یارمەتیم دەدات. هەمیشە لەکارکردنیشدا پێمخۆشە رای کەسانیتریش وەرگرم.

وارڤین: ناوبانگی چۆپی فەتاح، زیاتر بۆ کام گۆرانی دەگەرێتەوە؟

چۆپی: تائێستا لەهیچ گۆرانییەکم پەشیمان نییم و هەموو گۆرانییەکانم پێ باشە. تام و چێژەکان جیاوازن. بۆ نموونە، گەر یەکێک حەز بەرەنگی رەش بکات رەنگە یەکێکی دی حەزی پێ نەکات. گۆرانیش هەر وایە. هەر ستایلێک کۆمەڵێک کەس حەزی لێ دەکات.

وارڤین: تۆ بەزمانی ئینگلیزیش گۆرانی دەڵێت، هۆنراوەو ئاوازەکانت هی کێیە؟

چۆپی: دەمێکە مامۆستایانی هونەری، چ کورد و چ بیانی پێمدەڵێن، بە ئینگیزی گۆرانی بڵێ، پێمخۆشبوو لەو بوارەشدا شتێکم هەبێت. ئاواز و تێکستی سیدییە ئینگلیزییەکەم هی هونەرمەند گۆران موفتی، کورِی هونەرمەند بورهان موفتییە کە لە لەندەنەوە هەر لەمنداڵییەوە لەبەریتانیا دەژی و دەورێکی باڵای لەو بوارەدا هەیە، تا ئێستا چەند جارێک لە تیڤییەکانی بەریتانیا دەرکەوتووە.

وارڤین: لەگەڵ هونەرمەند کاروان کامل، گۆرانیت گوت، زۆرێک پێیانوابوو کە سەرکەوتنێکی باشت بەدەست هێنا. لەبەرنامەتدا هەیە گۆرانی لەگەڵ هونەرمەندی تریشدا تۆمار بکەیت؟

چۆپی بۆ نا. بەڵام من زۆر بەزەحمەت بریار لەسەر گۆرانییەک دەدەم تا دەیڵێم، دەبێت هونەرمەندێکی باش بێت و بۆ دەنگی هەردوکمان گۆرانییەکی شیاو بێت. لەگەڵ هونەرمەند هەڤاڵ ئیبراهیمدا بیرۆکەیەکی وامان هەیە.

وارڤین: چۆپی، کەسێکی ئێسک سووک و روح سووکە، بەڵام لەزۆربەی کلیپەکانی زۆر غەمبارو تورە دەردەکەوێت، هۆکاری ئەمە چییە؟

چۆپی: نا نەک لەهەمویاندا... بەڵام تێکست و سیناریۆکە ئەوە دیاریدەکات بۆ نمونە نابێت لە گەڵ گۆرانی ( لە گەڵ خەم بوومە هاودەم دەم بە دەم هەر شینە کردارم) خەمبار نەبم. بەڵام گۆرانی ریتمیم هەیە لەکلیپەکەیدا هەڵیشدەپەرم.

وارڤین: پێتوایە، ئێستا هەندێ گۆرانی دەگوترێت لەگەڵ دابوونەریتی کۆمەڵگای کوردستاندا ناگونجێن؟

چۆپی: بەبروای من هەر هونەرمەندێک ئازادە چ گۆرانییەک بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت و بە چ ستایلێک دەیڵێت، بەمەرجێک پابەندبێت بەرێساکانی هونەرەوەو لەچوارچێوەی مرۆڤایەتی دەرنەچێت.

وارڤین: ئاستی هونەرمەندانی ژن لەهەرێمی کوردستان، چۆن دەبینی؟

چۆپی: ئێستا شەپۆلێک گۆرانیبێژی ژن هاتوونەتە نێو هونەری کوردییەوە، ئەوە بە شارستانیبوون دەزانم، بەڵام پێویستە پەلەکردنی تێدانەبێت و لەچوارچێوەی کەلتووری خۆماندا بەرەو پێشەوە بچین.

وارڤین: یەکێک لە مەرجەکانی گۆرانی سەرکەوتوو، هەبوونی تێکستێکی بەهێزە. بەرای تۆ هونەرمەندانی ئەمرۆ تاچەند بایەخ بەتێکست دەدەن؟

چۆپی: وەک پێشتر گوتم هەیە بایەخێکی زۆری پێدەدات، وەک هونەرمەندی بەرێز عەدنان کەریم، ئەوە دیارە بووەتە هۆی ئەو سەرکەوتنە گەورەی کە ئەو هونەرمەندە بەرێزە هەیەتی. بەراستی گرنگی بەمۆزیک و میلۆدی و هەموو لایەنەکانیتر دەدات.

وارڤین: ماوەیەکی زۆرە هونەرمەندان لە کۆپیرایتی سیدییە کانیان بێزارن، و هەروەها لەبازارەکانی کوردستان، بەشێوەیەکی نایاسایی دەفرۆشرێن پێتوانییە بنبرنەکردنی ئەو دیاردەیە گوێ نەدانە بەمافی هونەرمەندان؟

چۆپی: بەڵێ ئەوە کێشەی هەموومانە. من لەماوەی ١٠ ساڵ تەمەنی هونەریمدا بەرهەمی کەمم بڵاو کردووەتەوە. ئەگەر ئەو کێشەیە نەبوایە

www.netewe.com




من تەنیا ٢ ئەلبۆمم نەدەبوو، بەڵکو ڕەنگە ئێستا ١٠ بەرهەمم لە بازاڕدا بووایە. هیوادارم پەرلەمانی کوردستان بتوانێت لەم خولە نوێیەیدا چارەسەرێک بۆ ئەم گرفتە بدۆزێتەوە.

وارڤین: چۆپی، تاچەندرێچکەی ڕەسەنایەتی گرتووە؟

چۆپی: وەڵامی ئەو پرسیارە بۆ جەماوەر دەهێڵمەوە.

وارڤین: حەزدەکەیت لەکاری سینەمادا بەشداری بکەیت؟

چۆپی: نەخێر. هونەری ئێستام زۆر کاتی لێمگرتووە گەر ئەوەشی بێتە سەر، ڕەنگە کار لەخوێندنەکەم بکات.

وارڤین: کەرکووک لای تۆ چی دەگەیەنێت؟

چۆپی: کەرکووک یەکەم هێلانەمە. یەکەم هێلانەش خۆشەویستە. هەرچەندە من حەز بە ناوچەگەری ناکەم و هیچ جیاوازییەک لەنێوان مەهاباد، ئامەد، قامیشلۆ و کەرکووکدا نابینم. بۆ من هەمووی یەک وڵاتە. بەڵام باری نالەباری ئێستای کەرکووک وادەکات هەموو کەس خۆشیبوێت.

وارڤین: پێتوایە ڕۆژانێک بێت کە لەگۆرانیگووتن ماندووببیت؟

چۆپی: بڕوا ناکەم هەرگیز لێی بوەستم.

وارڤین: چۆپی تەنیا بۆ کۆمپانیای ئاسیا سێڵ، ریکلام دەکات؟

چۆپی: ڕیکلامکردنی هونەرمەندان لەجیهاندا کارێکی نوێ نییەو ئاساییە. لەناو مارکتینگ و هونەری کوردیدا هێشتا نوێیە. من پێمباشە بۆ زیاتر خزمەتکردنی وڵاتەکەمان پشتگیری لەکۆمپانیا کوردییەکان بکرێت تا ببێتە هۆی گەشەکردنیان. کۆمپانیایەکی وەک ئاسیاسێڵ، کە لەشاری سلێمانییەوە دەستی بەکار کردووەو ئێستا گەشەی کردووە و سەرتاپای عێراقی گرتووەتەوە. هەروەهاپێشکەوتنی بە خۆیەوە بینیوەو چەندین کەسی خستووەتە کار و لەبێکاری ڕزگاری کردوون. خزمەتێکی مۆدێرن و گرنگیشی پێشکەش بەهاووڵاتیان کردووە. بۆ هەموو کوردێکی دڵسۆز ئەوە جێی دڵخۆشییە. من بەئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم کە پشتگیری لە کۆمپانیای ئاسیاسێڵ بکەم، دەکرا ئەو کۆمپانیایە کۆمپانیایەکی بیانی بوایە، بەڵام ئەو کات سەرمایەکەشی دەچووە دەرەوەی کوردستان و سوودێکی ئەوتۆی بۆ گەلی کورد نەدەبوو.



ڕۆشنا عومەر

www.netewe.com

# "پۆست"



دووشەممە.
زەنگی دەرگا لێدەدات و دەرگا دەکەمەوە. دەنگێک دێت"پۆست" هاتووە. سەیری خوارەوە دەکەم. کوڕێک لەبەر دەرگا وەستاوەو پاکەتێکی بەدەستەوەیە. دەڵێم"فەرموو".
هەرجارێک کە دەرگا دەکەمەوە، دەڕوانم شۆفیری کۆمپانیای"هەرماس"ی بڵاوکردنەوەی پاکەت لەئەڵمانیا لەبەر دەرگایە:"پاکەتێکت هەیە بەڕێز... فەرموو واژۆ بکە". ئەو پاکەتانەی کە نازانم چییان تێدایە وەردەگرم و واژۆ دەکەم. دەبینم پاکەتەکە بەناوی ژنەکەمەوەیە. لەگەڵ ئەوەی مەراقمە بزانم چی لەناو پاکەتەکەدایە، بەڵام نایکەمەوە. دەگەڕێمەوە سەر کۆمپیۆتەرەکەم و درێژە بەو نووسینە دەدەم کە بەنیوەچڵی جێمهێشتووە.

سێشەممە.
چێشت لێ دەنێم. لەناکاو دەبینم تەلەفۆنێک دێت. هێشتا نەگەیشتوومەتە تەلەفۆن، زەنگی دەرگا لێدەدات. لەنێوان تەلەفۆن و دەرگادا مات دەبم. هەردووکیان پێداگرن کە وەڵامیان بدەمەوە. دەستپێک بەرسڤی تەلەفۆن دەدەمەوە،"ببوورە من بۆت دەکەمەوە" دۆستێک لەهۆڵەندا تەلەفۆنی کردووە.
دەرگا دەکەمەوە. دەنگی"پاکەت" لەخوارەوە دێت. دەچمە خوارەوە. کوڕێک لەبەر دەرگایە. دەبینم هەر کوڕەکەی پێشترە."پاکەتێکت بۆ هاتووە بەڕێز..." ئەمجارە هەندێک شەرم دەکەم. پێدەکەنم و دەڵێم،"نە بۆ من نییە ئەوە بۆ ژنەکەمە" ئەو پاکەتەکە دەداتە دەستم و پێنووسی واژۆکردنم بۆ درێژ دەکاتەوە، ئاهێک هەڵدەکێشێ و دەڵێت:"ببوورە، بەڵام ئاخ و ئۆف لەدەردی ژنان..." لێ دەپرسم"بۆچی؟". دەڵێت:"نە تۆ بپرسەو نە منیش بەرسف دەدەم". "چۆن من سەرت بەهێنانی پاکەت دەئێشێنم، هەندێکیش سەری من دێشێنن. ژنەکەم هەر ڕۆژێک عەبایەک دەکڕێت...ڕۆژی دواتر پێی سەرسام نابێت و دەیگەڕێنێتەوە... گەڕانەوەشی کاری منە..." پێدەکەنین. پاکەتەکە هەڵدەگرم و ئەویش دەچێت. بێ ئەوەی پاکەتەکە بکەمەوە دەچمە ژوورەوەو تەلەفۆن بۆ ئەو دۆستەم دەکەم کە لەهۆڵەندایە. ئێمە هەندێک قسە دەکەین و گلەیی و گازندەی خۆمان بەش دەکەین.

پێنجشەممە.
لەدەرەوەم، لەقاوەخانەی کافێتێرۆ. لەگەڵ دۆستێکم قاوەخانە دەخۆینەوە. لەسەر ماڵپەڕە کوردییەکان قسە دەکەین. دۆستەکەم دەرفەتی قسەکردنم پێ نادات، بەڕاستی دۆستێکی گەلەک باشە، بەڵام زۆر قسە دەکات. من دەڵێم"برا ئەوە کاری منە، لێگەڕێ با من قسە بکەم...". بەڵام ئەو هەر دەڵێت"میدیای کوردی میدیایەکی سەربەخۆ نییە، میدیایەکی ئازاد نییە..."من هێشتا سێ قسەم نەکردبوو، بینیم زەنگی تەلەفۆن لێدەدات. بە ئەڵمانی"تۆ لەماڵی بەڕێز" دەنگەکە بۆ من نامۆ نییە."لەگەڵ کێ قسە دەکەم" دەڵێت کە ئەو شۆفیری کۆمپانیای "هەرماسە"."نە لەماڵ نیم ببوورە"، "ئێستا من پاکەتەکە لەماڵی دراوسێکەت دادەنێم".

هەینی.
لە فڕن نان بۆ چێشت دێنم. لەبەر دەرگا من و شۆفیری هەرماس تووشی یەک دێین. دەبینم دۆستەکەی سێشەممەی منە. پێدەکەنم و پێیدەڵێم"ئۆوەه نەڵێی پاکەتێکت بۆ هاتووە ها"."وەڵڵا ئەمجارەش پاکەتە، بەڵام دەزانم کە بۆ تۆ نییە، بەڵکو بۆ ژنەکەتە..." ئیتر فێر بوومە پاکەت وەردەگرم و وەک لەبەرم کردبێت دەزانم کەی و لەکوێ واژۆی خۆم بکەم. لەمڕۆژانەدا ترافیکی پۆستە لەماڵمان رووی لەزیادبوون کردووە. ڕۆژانە چەندجار ناچار دەبم کە دەرگا بکەمەوە. زۆری نەماوە خەون بەپاکەتەکانی ژنەکەمەوە ببینم. وەرن پێشبینی بکەن چی لەناو ئەو پاکەتانەدا هەبوون؟ خانمی من داوای چی کردبوو. ڕەنگە بڵێن دیارییەکی ڕۆژی لەدایکبوون بوو. نەخێر. ئەو پاکەتانە پێڵاوی زستانەیان تێدا بوو. واتە پوت. پوتی درێژ. هەرجارەو پێڵاوێکی لەکارتۆن دەردەهێناو لەپێی دەکرد و پیشانی منی دەدا:"چۆنە؟" پرسیارەکەی تەنیا بۆ دڵخۆشکردنی من بوو. من چیم گوتبایە ئەو هەر بەدڵی خۆی دەکرد. یان دەیگەڕاندەوە یان دەیخستە دۆڵابی پێڵاوەکان. باسی دۆڵابی پێڵاوەکانتان بۆ ناکەم. شەو تا دەمەوبەیانی بژمێرم کۆتاییان پێ نایەت. ئەمجارە لەئێوە دەپرسم: هۆی چییە ژن ئەوەندە حەزیان لە پێڵاو و نەعلە؟ خۆزگە بەقەد ئەوەندەی ژن لەپێڵاو تێدەگەیشت ئەوەندەش لە پیاو تێگەیشتبایە!

**دلبخوین دارا**

www.netewe.com

# رەخنەو ئەفراندنی هونەر

بەرلین

لە مێژووی دوورونزیکی ئەدەب و هونەردا، هەردەم رەخنە هاوشان و هاوتای ئاستی داهێنان و هەنگاوی نوێبوونەوە و پەرەسەندن هەبووە.

ئیتر رەخنەش بەمانا قوڵ و فراوانەکەی لە رەهەندی چەمک و تێگەیشتندا لە شۆڕبوونەوەی دەرکەوتنی ناخ و بەهای جوانیی و هونەریدا لەتەک دۆزینەوەی نهێنی و رادەی ئەفراندن پاڵنەرو فاکتەری دەرخستنی رادەی بەرزو نزمی بەرهەم و شاکارە هونەرییەکان بووە.

ئەمە وێڕای ئەوەی کە رەخنە خۆی لە خۆیدا کلیلی کردنەوەی کڵۆمدراوەکان دەگرێ بەدەستەوە و تاموچێژو بەهای ئیستاتیکی لە چۆنیەتی دەرکەوتنی زەمینەی زانیاریی (مەعریفی) یەکلادەکاتەوە کە لایەن و ئاستی سایکۆلۆژیی بەرهەمەکە دەستنیشان دەکات و رووژانێکی ویژدانی لە کایەی رۆشنبیریی خوێنەر یانژی بینەر دەخوڵقێنێت!.

لێ هەردەم رەخنەش بووەتە پردی پەڕینەوەی نیوان بەرهەم و خوێنەر(تەماشاوان)، هەڵبەتە رووپەری دیرۆکی هونەر و ئەدەبیاتی میللەتانی پێشکەوتوو، لەم رێچکەو ئاقارەدا دووانەکەوتوون و فرە خاوەنی گەنجینەی دەوڵەمەندن لەگشت بوارەکاندا.

دەبینرێت کە شانبەشانی یەکتر لە هەنگاونان و پەرەسەندابوون و گروژمی خۆیان هاویشتووەو پێڤاژۆو زەمینەیەکی چاکیان بۆ ئەزموونەکانیان چێکردووە!.

هەرئەمەش وایکردووە کە بەرهەمی کاڵوکرچ لەبەرهەمی رەسەن و بەپێز جوێکەنەوە کە تێکڕای ئەم لایەنانەش هاوپەیوەست و پیادەکردنی ئاستی زەمینی هۆشیاریی باڵانوماتر(زراقی) بکەن لە گۆشکردنی تاموچێژو فراوانبوونی مەودای روانین لە فەراهەمبوونی چەمک لەلای جەماوەر. هەروەها پەلوپۆهاویشتن بۆ گشت کونوقوژبنێکی



بورهان هەژار

**گومان لەوەدا نییە کە ئەرکی هونەر، گەیاندنی پەیامی هۆشیارییە لە بازنەی خود ومژاردا و لەهەمانکاتدا گوزارشت و دەربڕینە لە رووداوەکانی نێو ژیان و رەنگدانەوە لە بەرجەستەبوونی تەکنیکی نوێدا**

بەرهەمە ئەدەبیی و هونەرییەکان بنێت..ئەمڕۆ کە لە نێوەندی بزاڤی کلتووریی جیهانیدا، رەخنە بووەتە لقێکی سەربەخۆی گرنگ و کاریگەر لە بەجێهێنانی ئەرکی کۆمەلایەتیی و رۆشنبیرییدا و ئەمەش دیاردەیەکی هەرە پێشکەوتوی شارستانیە کە هۆکارێکی بەهێزە لە دروستبوونی تەوژم و دەرکەوتنی ئاستی ئەفراندن لە پلەی نرخ و بەهای جوانکاریی و نوێکاریی شاکارەکاندا کە هێزو گیانی هاوچەرخی بنوێنێ !.

ئیتر هیچ گومان لەوەدا نییە کە ئەرکی هونەر، گەیاندنی پەیامی هۆشیارییە لە بازنەی خود ومژاردا و لەهەمانکاتدا گوزارشت و دەربڕینە لە رووداوەکانی نێو ژیان و رەنگدانەوە لە بەرجەستەبوونی تەکنیکی نوێدا.

مەسەلەی کاری هونەریش تەنیا لەچوارچێوە و خولگەیەکی تەسکدا ناسوڕێتەوە و هەرگیز پابەندی قاڵبگرتن نییە لە کتومت گواستنەوەو لاسایی کوێرانەدا کە لە بۆتکەی ریالیستدا خۆی بنوێنێت..!ئیدی بمانەوێ و نەمانەوێ، هونەر بەتایبەتی لە بواری بزاڤی شێوەکارییدا بە چەندین پێڤاژۆو سەردەمی جیاجیادا گوزەر بووە و فرە شێوازو رێچکەو قوتابخانەی لە سیماو هەناودا گرتووە.

تێکڕا هەر کامێکیشیان بگرێت، پەیوەست و پابەندی کۆمەڵێ هۆکاران لەخوڵقاندن زایینبوونیان لە کاتوشوێنی دیاریکراویاندا.

ئەمەش راستییەکی بەڵگەنەویستە کە ئێمەش بەهەڤرا بێژیین : (هەموو هونەرێک زایینبووی سەردەمەکەی خۆیەتی)*

١. کە دەبینین لە رۆژگاری هەرە مەزنی گریکی کۆندا و بەتایبەتی بەرلە چاخەکانی زایین لە گشت بوارەکانی ئەدەب، هونەر، فەلسەفە،کەلتوور و لایەن و رێچکەکانیتردا، سەرهەڵدانی تەرزی هونەرێک هاتەکایەوە کەلە مێژوی بەرجەستەبوونی هونەری تۆکمەدا، بە (قوتابخانەی کلاسیکی) ناوزەند کرا. ئەمە ئەو پەڕیی داهێنان و ئاستی هزری بەرزی جوانکاریی (ئیستاتیکی) و هونەری لە خۆگرت کە تا ئەمڕۆش سەرچاوەی هونەرێکی باڵاو بڵندە لە نێو بۆتکە دێرینەکانی هونەری مرۆڤایەتییدا. دیارە ئەوەش ناچارییەکانی ویست و داخوازیی رەهەندی ئەو رۆژگارو پێڤاژۆ بەپێزەی ئەو سەردەمە بوو کە گریکی کۆن لە ترۆپکییا لە هەگبەی نابوو.

هەروەها لە چۆنیەتی بەرجەستەکردنی

www.netewe.com



**یەکێک لە تابلۆکانی هونەرمەند بورهان**

ئەفراندن و هەنگاوی داهێنانی نوێ بۆ پەیامی مرۆڤایەتی پێشکەش بکات. ئەم نوێکاریی و تێزی ئەفڕاندنە گیانێکی پیرۆز و جوانکاری هێنایە پێش کە سەردەمانی کۆنتر چ لای هونەری فیرعەونەکان چ لای سۆمەرییەکان و ئاسورییەکان و بگرە هیندو چینیەکانیش بەم ئاست و شێوازە نەبینرابوون.

وێڕای ئەمانەش ( تا ڕۆژی ئەمڕۆ ناکرێ نکوڵیی لە مەزنیی و دەستەڵاتی بە پێزو رەسەنایەتی ئەم هونەرە بکرێت)※٢ .

هەمووما‌ن ئەو ڕاستییە دەزانین کەهەردەم ژیان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە هەنگاونان و دۆزینەوەی نهێنییدا بەردەوامە، واش دەخولقێ و پێوسیت دەکات کەهەردەم لەتەک برینی گشت پێڤاژۆ و پەرەسەندنێکدا دیاردەی نوێ بێتە کایەوەو شتە کۆن و سواوەکان بپوکێننەوە سست ببن...! ئیتر هەنگاوی نوێ و گۆڕانکاریی ئاوێزەی گیانی هاوچەرخێتی دەبێت و زەمینەخۆشکردنێکی تره بۆ مەلەوانی کردن لە دووی دۆزینەوە و دەرکەوتنی نهێنیە شاراوەکان لە بەرگی نوێکارییدا کە بتوانێ سیماو مۆرکی رەسەنایەتی بەهاو جوانکاری بخەملێنێ. هەروەها هەموو سەردەمێکیش لەگەڵ ئاستی هۆشیاریی و ڕۆشنبیرییەکەی خۆیدا ملدەنێت و تووشی هەڵچوون و خرۆشانی دژوارییەک دەبێت.

هەڵبەتە هەموو سەروەرییەک هەر بۆ بەهاو پەیامی رەسەنی هونەر دەمێنێتەوە کە بلیمەتانە خاوەنەکەی دەبێتە گەواهی سەردەمەکەی و پێشبڕکێی ڕۆژگارەکەی خۆی دەکات و گۆمی مەنگی تێڕوانینەکان دەشڵەقێنێ دەتوانێ دەسەلات بسەپێنێ، لە هەمانکاتدا نەمرییەک بە باڵاو زراقی خۆیدا ببڕێت!. کە بەتەواوەتی رەگو ریشەی ئەستووری بەناخو بنەچەدا ڕۆبکات و رەسەنایەتی خۆی بچەقێنێت. دیارە هەموو سەردەمێکیش کە ژانی هونەرێکی نوێ دەیگرێ، داهێنان و دەرکەوتنی دیاردەی نوێ بەدوویخۆیدا پەلکێش دەکات و سەردەکاتە گشت کونوکەلەبەری دەرخستنی نهێنییەکان، تێکرا ئەمەش بەچەمک و تێگەیشتنی هۆشیارییەکی پتەو مامەڵە دەکات و هەڵهێنجراوی کات و شوێنی خۆیەتی.

ئالەم سۆنگەیەوە دەبینین پەلوپۆهاویشتنی هونەر بەسەرچڵوپۆپی هەمەلایەنیدا لە رووی هزرو تێڕوانینی ژیاندا، گەنجینەیەکی چڕو دەوڵەمەند دەنەخشێنێتە گیانی ئەزموون و بەرپابوونی بەردەوامبوونی جەنگی کێشمەکێشی و زۆرانبازیی نێوان هەردوو بەرەی چاک و خراپ (خێر و شەڕ). ئەمەش تا ئەمڕۆ گشت قوتابخانەو ڕێبازو شێوازە نوێیەکانی هونەر بەم زنجیرە تەنگەژەی ڕەوڕەوەی بەگژداچوونەوانەدا گوزەرییووە و هەڵشاخانێکی وای هێناوەتە کایەوە کە ژانێکی پیرۆز ببێتە بنەمای داهێنانی بەردەوام و زایینبوونی سروشتی هونەر.

کە ببێتە سەنگی مەحەکی وەڵامدانەوەی رەخنە و پێشکەوتنی لە گەیاندنی ئەو پەیامە پیرۆزەی لە هەناویا چاوەڵدێنێت.

جێگەی داخیشە کە بزاڤی هونەری شێوەکاری کوردی بە تایبەتیی لەم ڕێچکەیە کرچوکاڵ و لانەوازە و هێندە گروگاڵە سەری نەپەرژاوەتە ئەوەی بکارێ، شەندە لە مەندە و دەفژەن لەتەنەکە ژەن جوێبکاتەوە و بەرهەم و شاکاری خامە رەنگین و بلیمەتەکانی بە زمانی پەیامی جوانکاری رەخنە ئاشنابکات و بەپێز لە کاڵوکرچ جوێ بکاتەوە.

پەراوێز :-

---

※ ئەم مژارە کاتی خۆی لە ژمارە ٦/٥ گۆڤاری کوردستانی ئیمڕۆدا ساڵی ٢٠٠٠ بلاوکراوەتەوە، لێ هەنووکە هەندێ گۆڕانکاری لە داڕشتن و دەستەواژەییدا کراوون.

※١ الآشتراكينه والفن - ارنست فيشر ١٩٨٠.

※٢ كارل ماركس - الآدب والفن فی الآشتراكيه ١٩٧٧ - د عبدالمنعم الحفنی.

# OLD DOGS FILM

نووسینی فیلم: دایڤد دایمۆند، دایڤد وایسمان
دەرهێنانی فیلم: واڵت بەیکەر
نواندن: جۆن تراڤۆلتا، ڕۆبین ویلیامس، کیلی پریستۆن، ئیللا تراڤۆلتا، سێس گرین.
وێنەگرتن: Walt Disney Pictures



Old dogs فیلمێکی کۆمیدی ساڵی ۲۰۰۹ یە لەنواندنی هەردوو ئەکتەری بەناوبانگی بواری سینەمایی هۆلیود (جۆن تراڤۆلتا، ڕۆبین ویلیامس) ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لەگەڵ چەند ئەستێرەیەکی تری هۆلیوود (کیلی پریستۆن ،ئیللا تراڤۆلتا ، سێس گرین) دا.

فیلمەکە لەنووسینی (دایڤد دایمۆند، دایڤد وایسمان)ـەو لەلایەن کۆمپانیای سینەمایی وێنەی گیراوەو بۆیەکەمجار لەبەرواری ۲۵. نۆڤەمبری ۲۰۰۹ لە سینەما نمایش کراوەو بڕی $۳٤،۳۰۹،۹۰۷ داهاتی ئەم فیلمە بووە.

سەرچاوەی فیلمەکە لەهەردوو پێشبینی گەلانی (مایا ی کۆن ) و (ڕۆژژمێری ئەمریکای ناوەڕاست) کە یەکەمیان پێشبینی کۆتایهاتنی ژیان دەکات لەسەر زەوی لە زستانی ساڵی ۲۰۱۲ و دووەمیشیان بەپێی ڕۆژ ژمیرەکەیان ۲۰۱۲ کۆتایی چەرخی مێژووە سەرچاوەی گرتووە.

چیرۆکی فیلمەکە باس لە بەسەرهاتی ژیانی دوو هاوڕی کە (جۆن تراڤۆلتا، ڕۆبین ویلیامس) دەوری دەبینن دەکات کە دوو هاورێی نزیکن.

پێش ۷ ساڵ (دان – ڕۆبین ویلیامس) لە هاوسەرەکەی جیادەبێتەوەو خەمناکییەکی زۆر دایدەگرێت و (چارلیس – جۆن تراڤۆلتا) دەیبات بۆ بەسەربردنی چەند کاتێکی خۆش، بەرێکەوت (ڤیکی – کیلی پریستۆن) دەناسێت و هەست دەکات ئەم خانمە ڕزگارکەری ژیانیەتی بۆیە هەمان شەو بڕیاری هاوسەرگیری لەگەڵ دەدات.



www.netewe.com




پاش ٧ ساڵ ڤیکی دەگەڕێتەوە هەمان ئەو شارۆچکەیەی (دان ) تیابینیوە و دان ئاگادار ئەکاتەوە کە باوکی دوو منداڵە دووانەکەیەتی (ئیمیلی- ئیللا تراڤۆلتا) و (زاگ - سێس گرین ) و داوای لێدەکات لەبەر بوونی چەند کێشەیەک کە دەبێت بۆماوەی دوو هەفتە بەند بکرێت ئاگای لە منداڵەکانی بێت ،لێروە کۆمیدیای فیلمەکە دەست پێدەکات و دەگاتە ئەوەی ( دان و چارلس) خەریکە کارەکەیان لەدەست بدەن.

# OLD DOGS FILM

# راگەیاندن تاوانبار مەکەن



لەنجە عەبدوڵلا

وەک دەبینین لەم چەند ساڵەی رابـردوودا پرسی ژن لەهەرێمی کوردسـتان پانتاییەکی فـراوانی گـرتـووەو بـووەتـە جێی بایەخی کۆمەڵگاو حکوومەتی هەرێمی کوردستان. هاوکات راگەیاندنیش بەدرێژایی ئـەم ماوەیە رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لەخستنەڕووی هـەموو ئـەو پێشێلکاریانەی کە دەرهەق بە ژنان کراوە.

هەندێک کەس و لایەن لەو بوارەدا بەدوو ئاراستەی جیاواز لێکدانەوە بۆ رۆڵـی راگـەیـانـدن دەکـەن. هەندێک بۆچوون پێیانوایە کە راگەیاندن رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لەخستنەبەر باس و لێکۆڵینەوە لەپرسەکانی ژن هۆشیارکردنەوەیان لـەمـاف و ئـەرکـەکـانـیـان، بـەڵام بەپێچەوانەوە بۆچوونێکی تر ئاماژە بەوە دەکەن کە راگەیاندن بەدەرخستنی ئـەم حاڵەتانەو شێوازی بلاوکردنەوەیان رۆڵێکی نەرێنی لەزیادبوون و تەشەنەکردنی ئەم حاڵەتانەدا هەبووە. (مەبەستی من لێرەدا توندوتیژییە بەهەموو جۆرەکانیەوە)

ئەوەی من دەمەوێت لەم بابەتە زیاتر تیشک بخەمە سەری، بریتییەلە بۆچوونی دووەم کە ئەویش تاوانبارکردنی راگەیاندنە وەک فاکتەرێک بۆ زیادبوونی حاڵەتەکانی توندوتیژی. بەڕای من هۆکاری سەرەکی ئەم بۆچوونە دەگەڕێتەوە بۆ تێنەگەیشتن لە کار و ئەرکی راگەیاندن کە بریتییە لەگواستنەوەی هەواڵ و زانیاری دروست بۆ خوێنەر و پێشکەشکردنی چەند پێشنیاز و رێگاچارەیەک بۆ حکوومەت لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەکان. جگە لەم ئەرکە راگەیاندن هیچ ئەرکێکی تری ناکەوێتە ئەستۆ وەک چارەسەرکردن و بنبڕکردنی حاڵەتەکان. ئەرکی چارەسەرکردنی ئەو پرسانە لەسەر شانی حکوومەتە. هەندێک لەو لایەنانەیە ماوەیەکە لەچەندین کۆڕ و سمینار و بەرنامەی تەلەفزیۆنیدا لەبازنەیەکی تاواندا ئۆباڵی زیادبوونی توندوتیژی دەخەنە ئەستۆی راگەیاندن. بەڕای من ئەوەش بیانوو گرتن و خۆدزینەوەیە لەبەرپرسیاریتی. ئەو کەس و لایەنانەی کە ئەو جۆرە پروپاگەندانە دەکەن نیشانەی سەرکەوتوونەبوونی بەرنامەکانی خۆیانە درهەق بەچارەسەری پرسگەلی ژنان. ئەوانە دەیانەوێت بەم بیانووانە بەربەست بخەنە بەردەم ئـازادی راگەیاندن و کەناڵەکان لەئاستی گواستنەوەی راستییەکانی پرسی ژندا بێدەنگ بکەن.

تـەنـانـەت لـەلایـەن خـودی ئـەم کـەنـاڵانـەوە تائێستا ئامارەکانی کوشتن و سووتانی ژنان بەشێوەیەکی سنووردار بلاودەکرێتەوەو ئەمەیش رێگرێکی دیکەیە لەبەردەم راگەیاندن و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا بۆ ئەوەی بتوانن بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی زانستی بۆ دۆزینەوەی هۆکارەکانی ئەم حاڵەتانە بکەن.

من پێموایە، راگەیاندنی کوردی لەم چەند ساڵەی رابردوودا توانیویەتی رووناکی بخاتەسەر زۆربەی ئەو دیاردە دزێو و ناشیرینانەی کە چەندین ساڵە هەڕەشەی لەژیان و داهاتووی ژن کردووە. راگەیاندن توانیویەتی زۆر راستگۆیانە هەموو دیوەکانی ئەم حاڵەتانە وەک خۆی بگوازێتەوە بۆ خوێنەر و ببێتە زەنگێک بۆ ئاگادارکردنەوەی سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئەم هەرێمە کە حزب و حکوومەت و چەندین لایەنی دیکەش لەخۆ دەگرێت. بەڕای من، پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان ستراتیژییەکی گشتگیر و هەمەلایەنە بۆ چـارەسـەری کێشەگەلی ژن لەکۆمەڵگای کوردستان دابنێن و هەموو لایەنێکیش ناچار بکەن کە پابەندی بن. چونکە پرسی ژن و کوشتنی، خەریکە دەبێتە پەڵەیەکی رەش بەنێوچاوانی حکوومەت و هەرێمەکەمانەوە. بۆیە، دەبێت راگەیاندن تاوانبار نەکەین، بەڵکو بەجێی ئـەو تۆمەتبارکردنە بیر لەچارەسەرێکی گونجاو بکەینەوە.

www.netwe.com